# تیشك



سەرنووسەر

زۆرجار مرۆڤ لەگەڵ دیاردەکاندا مامەڵە دەکات بێ ئەوەی گرنگیو سیفاتی ئەو دیاردانە بزانێت، بێ ئەوەی بزانێت هۆکارەکان چەند پێویستن بۆ ڕودانی ئەو دیاردانە. مرۆڤ لە سەردەمی زوودا بەهۆی کەمی زانستو تەکنۆلۆجیاوە بەم شێوەیەی ئێستا لە زۆربەی دیاردەکان تێنەگەیشتووە، هەرچەندە بەشێوەیەکی زۆر گونجاویش بۆ ژیانی ڕەخسێنراوە.

یەك لەو دیاردانەی کە دەمەوێت لێرەدا باسی بکەم بریتییەلە دەنگ(صوت)، دەنگی مرۆڤ وگیانلەبەرانو مێرووەکان، هەورەگرمەو گەردەلوولو زریان، شەپۆلی دەریاو گڕکانەکان، ئامێرو ئامرازەکانو... هتد.

مرۆڤ هەر لەسەرتاوە ئاخاوتنی لەگەڵ یەکتر کردووە، گوێی لە دیاردە سروشتیەکان بووە بەڵام نەیزانیوە بەهۆی هەواوە دەتوانێت گوێی لەبەرامبەرەکەی بێت، نەیزانیوە کە هەوای سەر زەوی ئەو ناوەندەیە دەنگی هەورە گرمەی بۆ دەگوێزێتەوە.

کەواتە لەسەر زەویدا هەوا ناوەندێکی گونجاوە بۆئەوەی گوێمان لە دەنگی یەکترو دەنگی دەوروپشتمان بێت. بەواتایەکی تریش نەبوونی هەوا لە دەرەوەی زەویەکەمان. زۆر گرنگە کە بوەتە هۆی ئەوەی لە بۆشایی ئاسمانەوە هیچ دەنگێك ناگاتە سەر زەوی. گەر دەنگێك بە بۆشایدا بە شێوەیەکی ئاسایی بگوازرایەتەوە ئەوا ژیان لەسەر زەوی مەحاڵە دەبوو چونکە لە دەنگی تەقینەوەی ناوکە ئەتۆمی ئەستێرەکانی گەردوونو پیاکێشانی گەلەئەستێرەکان بەیەکتردا هەموومان، بەڵکو ووردتر بڵێین یەکەم مرۆڤەکانی سەر زەوی لە ئەنجامی ئەو دەنگە زۆرانە لەناو دەچوون. کاتێك تەماشای کەشتیوانە ئاسمانیەکان دەکەین ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کەلە دەرەوەی کەشتیەکە لەبۆشایی دەرەوەدا بەهۆی ئامێرەکانی بەدەمو گوێیانەوەیە لەگەڵ یەکتر قسە دەکەن. ئەمە سەرەرای ئەوەی کە نەبوونی دەنگ لە دەوروپشتدا مرۆڤی ئاسایی تووشی جۆرێك لە بێزاری دەکات هەروەك چۆن کەشتیوانەکان باسی دەکەنو پێش ئەوەی بچنە بۆشایی دەرەوە ڕاهێنانیان پێدەکەن لە ژوورێکی جیاکراوەداو بۆ ئەوەی کە چوونە دەرەوە بێزار نەبن هەرچەندە بەهۆی ئامێرەکانیشەوە لە نێوان خۆیاندا یان لەگەڵ ویستگەکانی سەر زەویدا قسە دەکەن.

ئەمرۆ دەنگ وەك زانستێکی گرنگ مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت، میکانیزمی بڵاوبونەوەو پێکهاتەکانی لە چوارچێوەی یاسا فیزیایەکاندا لێکدەدرێتەوە.

گوێی مرۆڤ لە سنورێکی دیاریکراودا شتەکان دەبیستێ لە خوارو سەرووی ئەو سنورەوە مرۆڤ شتەکان نابیستێ چونکە گەر وانەبێت مرۆڤ بە زۆرشتەوە سەری جەنجاڵ دەبوو کە گرنگ نیە بۆی، مرۆڤو گیانلەبەرانی تر لە سنوورەکانی دەنگ جیاوازن بۆ نموونە هەندێك ئاژەڵ خوار بیستنی مرۆڤیش دەبیستن.

لە بواری تەکنۆلۆجیادا دەنگ سوودی زۆری بە مرۆڤ گەیاندووە چونکە شەپۆلی کارۆموگناتیسی لە زۆر بواردا کاریگەری سلبی(خراپی) هەیە بۆ پشکنینو چارەسەرکردن، نموونەی ئەمەش ئامێری سۆنارە کە بۆ پشکنینی کۆرپە لە سکی دایکدا بەکار دەهێنرێت.

لە بواری دەریاوانیشدا دیاری کردنی شوێنی تەنەکان لەژێر دەریادا جۆرێکی تری بەکارهێنانی دەنگە لە تەکنۆلۆجیادا کەلەئەنجامی دراسەکردنی دۆلفینەکان مرۆڤ ئەو دەرەنجامەی دەستکەوت..

چەند باس لە گرنگیو سوودی دەنگ بکەینو گونجاندنی زەوی بۆ ئەم دیاردەیە هێشتا کەمەو ئەوەندە دەڵێین کەسەرەرای گونجاندنی هێزی کێشکردنو ڕێژەی پێکهاتەکانی هەوا لە زەویداو سوورانەوی زەویو دووری لە خۆرەوە چەندەهاو چەندەهای تر دیاردەی دەنگیش یەکێکە لەو ڕەخسێنراوانە کە پەروەردگار بۆ مرۆڤو گیانلەبەرانو هەموو ئەوانەی لەسەر زەویدانو ڕەخساندووە.



# کەشتیی (نووح)

## ئیعجازێکی درەخشانی قورئانی پیرۆزە



وەرگێڕان و ئامادەکردنی
لە سەرچاوەکانەوە
فارووق ڕەسووڵ یەحیا

چیرۆکی حەزرەتی نووح – دروودی لەسەر بێت – لە قورئانی پیرۆزدا بە یەکێك لە موعجیزە غەیبییەکان دادەنرێت، کە ئاسەوارە دۆزراوەکانی سەردەم پشتی دەگرن. هەروەك ئەم ئاسەوارانە بەسەرهاتی کەشتییەکەی نووح لەو ئەفسانە سەیر و سەمەرانە خاوێن دەکەنەوە کە سەرچاوەکانی تر – واتە جگە لە قورئانی پیرۆز - ئاوێتەی ئەو چیرۆکەیان کردووە.

### چیرۆکی نووح لە ئەدەبیاتی شارستانێتییە دێرینەکاندا:

چیرۆکەکانی لەمەر تۆفان و کەشتیی نووح لە سەرانسەری دنیادا بڵاوە و، هەر لە مێژوویەکی یەکجار کۆنەوە لە ئەدەبیاتی خۆرهەڵاتی نزیك و، هیندستان و، بۆرما و، چین و، مەلایۆ و، ئوستورالیا و، دوورگەکانی ئۆقیانووسی ئارام و، هەموو کۆمەڵگاکانی هیندییە سوورەکاندا هاتووە و، هەریەکەیان بە شێوەیەك و بە ناوی جیاجیا لێی دواون[١].

هەتا کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمیش خەڵکی لەو بڕوایەدا بوون کە «تەورات» کۆنترین سەرچاوەی چیرۆکی تۆفانی نووح بێت، بەڵام ئاسەوارە دۆزراوەکانی کۆتایی سەدەی ناوبراو لە عێراقدا سەلماندیان کە کۆنترین سەرچاوە باسی ئەو چیرۆکەی کردبێت هی «سوومەرییەکان»ە (٣٥٠٠-٣٠٠٠ پ.ز)! ئەوەبوو تیمێکی ئاسەوارناسی ئەمریکی لە نێوان ساڵەکانی (١٨٨٩-١٨٩٠ز)دا لە شاری «نیپوور» ئەو تاتە قوڕینەیان دۆزییەوە کە سۆمەرییەکان چیرۆکی ناوبراویان لەسەر نووسیوەتەوە[٢].



دوای سۆمەرییەکان، «بابلییەکان» (١٨٩٤-١٥٩٥ پ.ز) باسی کەشتی و تۆفانەکەیان کردووە. کاتێ کە لە ساڵی (١٨٧٢ز)دا توانرا پارچە پەرت و بڵاوەکانی «داستانی گەلگامش» بە یەکەوە بنووسێنرێتەوە، دەرکەوت لە تابلۆی یازدەهەمیدا باس لە کەشتی و ڕوودانی تۆفانەکە دەکات[٣].



ئنجا دوای ئەوان، تەوراتی جوولەکەکان لە پلەی سێهەمدا دێت و، وێڕای دەسکاری و قەڵەم تێبردنی نووسەرەکانی[٤]، بە پوختی ڕوودانی تۆفانێك دەگێڕێتەوە کە «نووح» (تێبینی: تەورات حەزرەتی نووح بە مرۆڤێکی باش ناو دەبات، نەك بە پێغەمبەر) کەشتییەکی دروست کردووە و، خۆی و خێزانی و (تەورات باسی ئیمانداارانی شوێنکەوتەی نووحی تێدا نییە)[٥] ئنجا لە هەموو جۆرە ئاژەڵێك نێر و مێیەکی لەناو کەشتییەکەدا هەڵگرتووە[٦].

هەرچەند هەندێ لەو سەرچاوە دێرینانە شوێنی وەستانەوەی کەشتییەکەیان بە ناوی جیاجیا وتووە، بەڵام هەندێکی تریان لەو خاڵەدا لەگەڵ قورئان یەکدەگرنەوە کە لەسەر چیای «جوودی» کەشتییەکە وەستاوەتەوە[٧]!

**بە پوختی:** لەناو ئەدەبیات و کەلەپووری سەرجەم گەلان و نەتەوەکاندا، مەگەر بە دەگمەن، دەنا باسێك لەو چیرۆکە کراوە، هەرچەند ناوی کەس و شوێنەکان جیاواز بن و، کەم تا زۆرێك ئەفسانەشی ئاوێتە بووبێت، بەڵام لە خاڵە سەرەکییەکاندا یەك دەگرنەوە. کە دەگونجێت ئەوەش لە پاشماوەی «حەق»ێك بێت لە لایەن پێغەمبەرانی پێشینەوە - درووودیان لەسەر بێت - بۆیان مابێتەوە، چونکە هەموو نەتەوەکان پێغەمبەریان بۆ ڕەوانە کراوە، ئەوانیش ڕاستییەکانیان بۆ گەلەکانیان ڕوون کردووەتەوە، بە بەڵگەی ئایەتی: [وَإِنْ مِنْ أُمَّةٍ إِلاّ خَلا فيها نَذير] (فاطر:٢٤)[٨].

سەبارەت بە قورئانی پیرۆزیش، وەك ئاشکرایە، چل و سێ جار ناوی حەزرەتی «نووح»ی هێناوە و، بەسەرهاتی خۆی و گەلەکەی و، چیرۆکی تۆفان و کەشتییەکەی لە پلەی سێهەمی چیرۆکەکانی

قورئاندایە و، لە دوای باس و چیرۆکەکانی حەزرەتی مووسا و ئیبراهیمەوە دێت، درووديان لەسەر بێت.

## تایبەتمەندیی ئەم وتارە:

ئێمە بەم وتارە و لە چەند خاڵێکدا هەندێ دۆزراوەی نوێی (چیای جوودی) دەخەینە پێش چاوی خوێنەری ئازیز کە چەند ڕاستییەك لەخۆ دەگرن و، لە جۆری ئیعجازی غەیبی و زانستیی قورئانی پیرۆزن و، ئاسەوارناسان پەردەیان لەسەر لاداوە. هەروەك لەم ڕێیەوە ئیعجازێکی بەرجەستەی ئەم ئایەتەی قورئانیش دەردەکەوێت کە دەفەرموێ: [وَحَمَلْنَاهُ عَلَى ذَاتِ أَلْوَاحٍ وَدُسُرٍ ★ تَجْرِي بِأَعْيُنِنَا جَزَاءً لِمَنْ كَانَ كُفِرَ ★ وَلَقَدْ تَرَكْنَاهَا آيَةً فَهَلْ مِنْ مُدَّكِرٍ] (القمر:١٣-١٥).

واتە: (نووحمان لەسەر کەشتییەك هەڵگرت کە بە تەختە و بزمار لێکدرابوو. لە ژێر چاودێریی خۆماندا دەڕۆشت، هەتا ئەوانەی باوەڕیان پێ نەدەکرد بە تۆڵەی خۆیان بگەن. بێ گومان ئەو کەشتییەمان بە ساغی هێشتەوە تاکو ببێتە نیشانە و پەند، ئاخۆ کەسێك هەیە پەند وەربگرێت)(٩)؟

ڕاناوی (ها) لە وشەی [ترکناها]دا بە ڕوونی دەگەڕێتەوە بۆ [ذاتِ ألْواحٍ وَدُسُرٍ] کە مەبەست پێی کەشتییەکەی حەزرەتی نووحە - درووودی لەسەر بێت — وەك دواتر بۆمان دەردەکەوێت و لێکۆڵینەوەی پسپۆڕانی تەفسیریش سەلماندوویەتی.

## دۆزینەوەی کەشتییەکە

لە ڕاستیدا وەك قورئان فەرمووی: [وَلَقَدْ تَرَكْنَاهَا آيَةً] پاشماوە و شەقڵی کەشتییەکەی حەزرەتی نووح — درووودی لەسەر بێت — لەسەر چیایەکی کوردستان بە ناوی «چیای جوودی» دۆزرایەوە، کە بە پێی نەخشەی جیهانیی ئەمڕۆ دەکەوێتە باشووری وڵاتی تورکیا و (٨ کم) لە سنووری عێراقەوە دوورە و، لە پارێزگای «شیرناخ» قەزای «سلۆپی»دایە.



تیمی لێکۆڵینەوە لەسەر پشتی کەشتییەکە

کاری لێکۆڵینەوە لەسەر ئەم دۆزینەوەیە - لە ڕووی زانستەوە - لە لایەن هەناردەیەکی زانستییەوە بە سەرپەرشتیی دوو زانای ئاسەوارناسی ئەمریکی بە ناوی (روون وایت Ron Wyatt) و (دەیڤید فاسۆڵد David Fasold) ئەنجام درا. ئەوەش هەوڵێکی درێژخایەنی خواست کە لە ساڵی (١٩٧٨ز)یەوە دەستی پێکرد. ئەو زانایانە لەو مێژووەوە لەسەر تاوتوێ کردن و هەڵسەنگاندنی ئەو دۆزینەوەیە بەردەوام بوون، هەتا لە دوا ساڵەکانی سەدەی بیستەمدا سەرجەمی کارەکانیان بە دووروردرێژی لە فیلمێکی بەڵگەنامەییدا بڵاو کردەوە.




## شوێنی کەشتییەکە

هەرچەند «قورئانی پیرۆز» بایەخێکی ئەوتۆ بە ڕەنووسەکان و ناوی شوێنەکان نادات، کەچی لە چیرۆکی نووحدا بە ڕاشکاوی شوێنی وەستانەوەی کەشتییەکەی بە چیای «جوودی» دەستنیشان کردووە و، دەفەرموێت: [وَاسْتَوَتْ عَلَى الْجُودِيِّ] (هود: ٤٤). واتە: (کەشتییەکە لەسەر جوودی لەنگەری گرت). ئەمەش تەفسیرێکی بەرجەستەی ئەو ئایەتەی قورئانە کە دەفەرموێت: [إِنَّ هذا الْقُرْآنَ يَقُصُّ عَلَى بَنِي إِسْرائيلَ أَكْثَرَ الَّذِي هُمْ فيهِ يَخْتَلِفُونَ] (النمل: ٧٦). واتە: (ئەم قورئانە لەمەڕ زۆربەی ئەو شتانە دەدوێ کە نەوەی ئیسرائیل لەسەریان هەرایانە)(١٠). چونکە ئەو تەوراتەی کە ئێستا لە بەردەستی جوولەکە و دیانەکاندایە و دوای نەمانی تەوراتی ڕاستەقینە نووسراوەتەوە، شوێنی وەستانەوەی کەشتییەکە بە چیای «ئەرارات» دادەنێت(١١)، بە پێچەوانەی تەوراتی ئارامی کە پێی دەڵێن «تەرجووم»(١٢)، چونکە ئەویش پێی وایە ئەو شوێنە چیای «کاردۆ» یان «جوودی» بێت(١٣)!

بەپێی مێژووی کۆن هەردوو وشەی (کاردۆ) و (جوودی) گوزارشتن لە کوردستان(١٤)، هەروەك ئەو چیایە تا ئێستاش لە کوردستاندا هەر بەو ناوە ماوەتەوە.

لە ڕاستیدا دۆزینەوەی کەشتییەکە لەسەر چیای «جوودی» هەموو هەوڵەکانی پێشووی پووچەڵ کردەوە کە بۆ دۆزینەوەی پاشماوەی تەختەدارەکانی ئەو کەشتییە لە چیای «ئەرارات» دەدرا لە لایەن ئەوانەی شوێن وتەی «تەورات» کەوتبوون!

بە پوختی چۆنێتیی دۆزینەوەکە لە چیای جوودی و کاری لێکۆڵینەوە لەسەری(١٥):

لە ساڵی (١٩٤٨ز)دا بوومەلەرزەیەك لە ناوچەی «جوودی» ڕووی دا و، زەویەکی ڕووتەختی جووتیارێکی کوردی گرتەوە کە ناوی (ڕەشید سەرحان) بوو. ئەو بوومەلەرزەیە شێوەی کەشتییەکی گەورەی لەو زەویەدا بەرجەستە کرد.

هەر بۆیە ئەم جووتیارە هەواڵەکەی بە ڕۆژنامەنووسێك گەیاند کە پێدەچێ کەسێکی ئەمین نەبووبێت، بەوەدا کە بۆ مەرایی کردنی خۆرئاوا هەواڵەکەی بە هەڵە بڵاو کردەوە و، وتبووی: (نیوەی کەشتییەکە لە ژێر بەستەڵەکەکانی چیای «ئەرارات»دا بینراوە)!

دوای ئەو هەواڵە هەڵەیە، چەندین پشکنەری ئەمریکیی ئینجیلی ڕۆشتن بۆ چیای «ئەرارات» و، هیچیان دەست نەکەوت. ئنجا زنجیرە هەوڵێکی یەك لە دوای یەك لە چیای «ئەرارات» هەر بەردەوام بوو، هەتا ساڵی (١٩٥٩ز) فڕۆکەوانێك لەسەر چیای «جوودی» وێنەی شوێنی کەشتییەکەی لە بەرزاییەوە گرت کە بە ڕوونی ئاسەواری کەشتییەکەی دەردەخست.



ئاسەواری کەشتییەکە لە بەرزاییەوە بە کامێرای فڕۆکەوانەکە گیراوە

کاتێ ئەم هەواڵە گەیشتە ڕۆژنامە ئەمریکییەکان، لە ساڵی (١٩٦٠ز)دا هەڵمەتێکی ڕۆژنامەوانییان بەرەو ئەو شوێنە لە چیای «جوودی» ڕێکخست بە سەرپەرشتیی «رینێ بەرجەمن» کە نووسەرێکی ئەمریکییە، لەگەڵ «جۆن فان دیمان» کە پێشکەشکارێکی ناسراوی تەلەفیزیۆنە و کەسێکی ئینجیلییە. کاتێ ڕۆشتنە ئەوێ، هەموو هەوڵێکیان بریتی بوو لەوەی بە دوای تەختەداردا دەگەڕان کە هی پاشماوەی کەشتییەکە بێت! پێدەچێ ئەو تیمە ڕۆژنامەوانە لە ڕووی زانستییەوە نەیانزانیبێت کە بە درێژایی کات «تەختە دارەکان» دەبن بە «بەرد» هەرچەندش پارێزگاریی شێوەی تەختەدار دەکەن! بۆیە کاتێ بە دەستی بەتاڵ گەڕانەوە بۆ ئەمریکا، وتیان: (ئەو شێوە بەرجەستەیە پێکهاتەیەکی جیۆلۆجییە)!

ئێمەش لێرەدا دەڵێین: ڕاستییە مێژووییەکە لەگەڵ قورئاندایە، لەبەر دوو هۆکار:

**هۆکاری یەکەم:** مەحاڵە کە ئاسەوارێك، یان «حەفرییە»ی کەشتییەك، یان هەر شتێکی دیکەی لەو جۆرە لە چیای «ئەرارات»دا تا ئێستا بمێنێتەوە، لەبەر تەقینەوەی گڕکانی ئەم چیایە لە ساڵی (١٨٤٠ز)دا. کە ئەوەش تیمێکی زانستیی ڕووسیا سەلماندوویەتی کە ناسراوە بە: Cosmopoisk scientific research)

center). واتە: تیمی (مەڵبەندی توێژینەوەکانی کۆزمۆپۆیسك) و، لە مانگی نیسانی ساڵی (٢٠٠٥ز)دا ئاژانسی «ئینتەر فاکس» ئەو هەواڵەی ڕاگەیاندووە. خۆ ئەوەش کە ئەم تیمە پێی وابووە چەند تەختەدارێکی بەردبووی کەشتییەکە بن، لە ڕاستیدا چەند ڕووەکێکی بەردبووی ئەنجامی چالاکییە گرکانییەکە زیاتر نەبوون[١٦]!

**هۆکاری دووهەم:** هەر لە ڕاستیدا تیمێکی زانستیی ئەمریکی بە سەرۆکایەتیی «ڕوون وایت» – وەك پێشتر وتمان – شەقڵی بەرجەستەی کەشتییەکەیان بە تەواوی لەسەر چیای «جوودی» دۆزییەوە. هەروەك پرۆفیسۆر (ئەحمەد ئەرسەلان) کە خەڵکی تورکیایە، لە ماوەی چل ساڵدا پەنجا جار زیاتر بە چیای جوودیدا سەرکەوتووە و، لێکۆڵینەوەی لەسەر ئاسەواری کەشتییەکە ئەنجام داوە[١٧].



فاسۆلد لە تەنیشتی کەشتییەکە

ئەو تیمە زانستییە ئەمریکییە، وێڕای سەلماندنی ئەمە، گەلێ کرداری ساختە و ئابرووبەری خۆرئاواییەکانی بە درێژی خستە ڕوو، چونکە درۆی هەموو ئەوانەیان ئاشکرا کرد کە درۆن بۆ «ئەرارات» و تەختەدار دەهێننەوە و، دەڵێن: لەو چیایە هێناومانە، تاکو پشتی بۆچوونەکەی تەورات پێ بگرن!! لە کاتێکدا دۆزینەوەکە و لێکۆڵینەوە لەسەری دەری خست کە ئەوانە هەرچییەکیان لەم بارەیەوە باس کردووە هەموویان قسەی دوور لە ڕاستین!




ئەم زانیارییانە لە فیلمێکی بەڵگەنامەییدا تۆمار کراون، بە ناوی: (THE DISCOVERY OF NOAH`S ARK) واتە: (دۆزینەوەی کەشتییەکەی نووح) کە لە ساڵی (١٩٩٣ز) دەرچووە و، لە (Knowledge ٢٠٢٠) بەرهەم هێنراوە.



ئاسەواری کەشتییەکە لەسەر چیای جوودی

## قەبارەی کەشتییەکە

قورئانی پیرۆز هەشت جار کەشتیی نووحی بە «الفُلك» ناوبردووە، کە لە زمانی عەرەبیدا بۆ کەشتیی زۆر گەورە بەکاردەهێنرێت. ئەم دۆزینەوە ناوبراوەی سەر چیای «جوودی»ش دەری خست کە (٥١٥ پێ)[١٨] درێژایی کەشتییەکە بووە، واتە لە مەزنترین کەشتیی کۆن کە تا ئێستا زانرابێت گەورەتر بووە، کە هی سەدەی نۆزدەهەمە و پێی دەڵێن: «کەشتیی وایومینگ» و درێژاییەکەی (٣٣٠ پێ)یە.

## شێوەی کەشتییەکە

تەوراتی ئێستا بە هەڵەدا چووە کاتێ شێوەیەکی لاکێشەیی یەکجار درێژی بۆ کەشتییەکەی نووح وەسف کردووە و درێژییەکەی بە شەش هێندەی پانییەکەی داناوە[١٩]! تەنانەت ئەوانەی کە باوەڕیان بە وتەکەی تەورات کردووە دەچن لەسەر شێوەی «تابووت» وێنەی کەشتییەکەی نووح دەکێشن و، بە ئینگلیزی پێی دەڵێن: (NOAH`S ARK) واتە: «تابووتی نووح»! خۆ لە ڕووی زانستییەوە، وەك زانایانی (ئەندازیاریی کەشتیسازی) و (دینامیکای ئاو) بە دڵنیاییەوە دەڵێن: (کەشتیی لەو شێوەیە، کە پێشێکی ڕووتەختی هەبێت، هەرگیز ناتوانێ ڕووبەڕووی شەپۆلە سەختەکان ببێتەوە و بە گوشاری شەپۆلەکان کەرت و پەرت دەبێت)!



وێنەکێشانێك بۆ کەشتییەکە لە شێوەی تابووتدا لە لایەن شوێنکەوتوانی تەوراتەوە

بەڵام قورئانی پیرۆز، زۆر بە هێمنی و ئەسپایی ئەو هەڵەیەی تەوراتی ڕاست کردووەتەوە و، هەشت جار بە وشەی (الفُلك) و یەك جاریش بە وشەی (السفينة) ناوی کەشتییەکەی حەزرەتی نووحی هێناوە، تاکو دەری بخات کە شێوەی «تابووت»ی نەبووە، بەڵکو شێوەی ئەوەی بووە کە پێی دەوترێ «کەشتی» و پێشێکی نووك تیژی هەیە بەهۆیەوە ڕووبەڕووی ئاو دەبێتەوە.

لە ڕاستیدا شێوەی کەشتییە دۆزراوەکەش دەقەکەی قورئانی پشتڕاست کردووە و، دەری خست کە لەسەر شێوەی «تابووت» نییە، وەك ئەوەی کە تەورات پێی وایە!

## دووریەکانی کەشتییەکە.

لەبەر ئەوەی کە حەزرەتی نووح – درووی لەسەر بێت – دروستکەری ڕاستەقینەی کەشتییەکە نەبووە و، تەنها فەرمانەکانی خوای گەورەی لە دروستکردنی کەشتییەکەدا جێبەجێ کردووە، ئەوا بە دووری نازانین کە گەلێ لایەن و درێژەپێدانی تر لە دروستکردنی کەشتییەکەدا هەبێت، کە موعجیزەیەکی خوای گەورەیە و، دەفەرموێ: [وَاصْنَعِ الْفُلْكَ بِأَعْيُنِنَا وَوَحْيِنَا] (هود: ٣٧). واتە: (لە ژێر چاودێریمان و بە ڕێنمایی سرووشی ئێمە کەشتییەکە دروست بکە).

جێی سەرسوڕمانە کە لە ئەدەبیاتی گەلی «ئەزتەك»دا – کە لە هیندییە سوورەکانن – باس لەوە کراوە ئەو کەشتییە (بە ڕێنمایی سرووشی خوا بنیات نراوە)! هەروەك لە کتێبی «ئیخنووخ» دا، کە یەکێکە لە کتێبە شاراوەکانی نەسرانی، وتراوە: (مەلائیکەت کەشتییەکەی نووحیان درووست کردووە)! دیارە ئەمەش ناوەڕۆکی ئایەتەکەی قورئان دەسەلمێنێ کە دەفەرموێ: [بِأَعْيُنِنَا وَوَحْيِنَا][٢٠]!




بەکارهێنانی نەگۆڕە بیرکارییەکان لە دروستکردنی کەشتییەکەدا

لەو فیلمە بەڵگەنامەییەدا باس لەوە کراوە کە پاشماوەی کەشتییەکەی سەر جوودی «نەگۆڕە بیرکاری»یە دەراساکانی چەشنی (پای PI) و (فای PHI) لە دووریەکانیدا بەکارهێنراوە، کە چەند نەگۆڕێکی بیرکارین و بۆ دابەشبوونی وردیلە تۆوی گوڵەکان و پلەکانی لاریی شاخی کەڵەکێوی و پێوانی شەپۆلەکانی دەریا بەکاردەهێنرێت!







جا ئایا حەزرەتی نـووح - دروودی لەسەر بێت - ئەم زانستانەی لەکوێ بوو لەو کاتەدا، گەر سەرتاپای کارەکە بەپێی سروش و چاودێریی خوای گەورە بەرێ نەچووبێت(٢١)؟!

### لەنگەرەکانی کەشتییەکە.

فیلمە بەڵگەنامەییەکە دەڵێت: لە چەند گوندێکی چیای جوودی و لە نزیکی شوێنی کەشتییەکە، چەند بەردێکی گەورەی لاکێشەیی و تاشراو بە دەستی مرۆڤ دۆزراونەتەوە کە لە بەشی سەرەوەیاندا دەلاقەیان بۆ کراوە تاکو زنجیر و پەتی پێدا رایەڵ بکرێ و، زۆر لە شێوەی ئەو لەنگەرانە دەچن کە لە کەشتییە کۆنەکاندا بەکارهێنراون، وەکو ئەو لەنگەرەی سەردەمی فیرعەونەکان کە لە کەنارە ئاوییەکانی لوبنان دۆزرایەوە و، ئێستا لە مۆزەخانەی نیشتمانیی بەیروت پارێزراوە، هاوشێوەش لە کەنارەکانی دەریای ناوەڕاستدا بڵاوە و، دەگەڕێنەوە بۆ کەشتییەکانی (١٢٢٠ساڵ پ.ز)(٢٢).

تێکرای درێژیی هەر یەك لەم لەنگەرانەی سەر چیای جوودی نزیکی (٢,٥م)ە و، قورسیکەشیان لە نێوان (٤-١٠ تەن)دایە و، ئەو گوندانەش کە تیایاندا دۆزراونەتەوە لە بەرزایی شەش هەزار مەتر لە سەرووی رووی دەریاوەن و، چەند میلێکیش لە دەریاوە دوورن(٢٣)!!

ئەرکی ئەم لەنگەرە قورس و زەبەلاحانە بریتی بووە لە راگرتنی هاوسەنگی کەشتییەکە و خۆراگریی لە بەردەم شەپۆلە توندەکاندا و گەلێ سوودی دەریارانیی تریش(٢٤).



لەنگەرەکانی کەشتییەکە لە ئەندێشەی وێنەکێشێکدا

توێژەرە ئەمریکییەکە (دەیڤید فاسۆڵد) پێی وایە ئەم لەنگەرانە هی کەشتییەکەی نووح بن، کە شەقڵ و پاشماوەکەی لە نزیکی ئەو گوندانەوە دۆزراوەتـەوە. هـەروەك لەو بـاوەڕەدایە ئەوانە پشتڕاستکەرەوەی ئەو دەقەی قورئانی پیرۆز بن کە دەفەرموێ: [بِسْمِ اللَّهِ مَجْرَاهَا وَمُرْسَاهَا] (هود: ٤١)(٢٥). واتە: (ڕەوانە بوونی و لەنگەری بە ناوی خوایە)(٢٦).

ئـەوەی جـێـی سـەرنـجـە: هـەنـدێ لـەو لەنگەرانە هەشت دانە نیشانەی (خاچ)ی لەسەر هەڵکەندراوە، ئەو هەڵکەندنانەش دەگەڕێنەوە بۆ سەردەمی بێزەنتییەکان و دەمی بڵاوبوونەوەی ئایینی مەسیحی لە ناوچەکەدا، تاکو رایبگەیەنن کە شوێنکەوتووانی ئەو ئایینە یەکەم کەسن ئەو لەنگەرانەیان دۆزیوەتەوە لە قۆناغی پێش هاتنی ئیسلامدا(٢٧).



دۆزەرەوەکانی یەکێك لەو لەنگەرانە نیشانەی خاچیان لەسەر هەڵکۆڵیوە

ئنجا سەرنجێکی تری گرنگ لەوەدایە کە ئەو شوێن و گوندانەی لەنگەرە پەرش و بڵاوەکانیان تێدا دۆزراوەتـەوە هەموویان دەکەونـە سەر یەك راستە هێڵی گریمان کراو بـەرەو شوێنی کەشتییەکە! ئەوەش دەری دەخات کە حەزرەتی نووح لەگەڵ نزیکبوونەوەی کاتی وەستانەوەی کەشتییەکە و بە پێی هێور بوونەوەی شەپۆلەکان، یەك لە دوای یەك پەتەکانی ئەو لەنگەرانەی فرتاندووە، هـەروەك ئـەوەش دەگەیەنێت کە خێرایی کەشتییەکە رووی لە کەمی کردووە، وەك ئامادەکارییەك بۆ وەستانەوەی لە شوێنێکی گونجاوی بـێ مەترسیدا بـە فەرمانی خـوای گەورە: [قِيلَ يَا نُوحُ اهْبِطْ بِسَلَامٍ مِّنَّا وَبَرَكَاتٍ عَلَيْكَ وَعَلَىٰ أُمَمٍ مِّمَّن مَّعَكَ] (هوود: ٤٨) واتە: (وتـرا: ئەی نووح! بە سەلامەتی و بەو پیت و بەرەکەتەوە کە داومانە بە خۆت و هاوسەفەرانت دابەزە)(٢٨).

### تەختەکانی کەشتییەکە.

خوای گەورە سەبارەت بەو کەشتییەی کە حەزرەتی نووحی هەڵگرتووە، دەفەرموێ: [وَحَمَلْنَاهُ عَلَىٰ ذَاتِ أَلْوَاحٍ وَدُسُرٍ] (القمر:١٣). قورئانی پـیرۆز لـەوەدا لەگەڵ کتێبەکانی پێش خۆی یەکدەگرێتەوە کە «درەختەکان» ماددەی بنەرەتیی دروستکردنی کەشتییەکە بوون. بەڵام قورئان بە تەنها خۆی باسی لە شکل و شێوەی ئەو دارانە کردووە و، وشەی «ألواح»ی بۆ بەکارهێناوە، کە بریتییە لە تەختەداری رووتەخت و رێککراو بە دەستی مرۆڤ. چونکە دەگونجێ– بە وێـنـەی هەندێ لە کەشتییە کۆنەکان– لە کۆکردنەوەی بنکی درەختەکان کەشتییەك پێکبێت!



لا تەنیشتی کەشتییەکە و تەختە بە بەردبووەکانی

بـێ گـومـان لـە رووی زانـسـتـیـیـەوە ئـەو تەختەدارانە بە درێژایی هـەزاران ساڵ وەکو خۆیان نامێننەوە، بەڵکو دەبـن بە «بـەرد». واتـە لەگەڵ مـانـەوەی شـێـوەی داری تەختدا، وردیلەکانی «لم» (سیلیکا) تێکەڵ بە تانوپۆی تـەخـتـەکـان دەبـن و، بـە درێـژایـی کـات ئەو «تەختەدار»ە دەبێت بە «بـەرد»(Selicfied). کە ئەمەش لە رووی جیۆلۆجییەوە پێی دەوترێ: (Selicfication).



پارچە تەختەیەکی بە بەردبووی کەشتییەکە

لە راستیدا هەر بەو جۆرە ئاسەواری کەشتییەکە دۆزرایەوە! ئاشکرایشە کە تەختەدارێکی رووتەختی بەردبوو لە سروشتدا بەدی ناکرێت، بەڵکو دەبێ ئەم تەختەیە کاری مرۆڤ بووبێت پێش ئەوەی بووبێت بە «بەرد»(٢٩).


پارچە تەختەیەکی تری بە بەردبووی کەشتییەکە

## بزمارەکانی کەشتییەکە

یەکێك لە گرنگییەکانی شوێنی دۆزینەوەی کەشتییەکە لەسەر چیای جوودی، لەوانەی کە فیلمە بەڵگەنامەییەکە باسی کردووە، بریتییە لە بزمارەکانی کەشتییەکە! چونکە چەندین بزماری گەورەیان دۆزیوەتەوە کە بە درێژایی ڕۆژگار و تێکەڵ بوونی ماددەی «سیلیکا» لە دەوروبەری لماوی کەشتییەکەوە گۆڕانیان بەسەردا هاتووە.

ئەو تیمە ناوبراوە بۆ یەکەم جار لە ساڵی (١٩٨٥)ی سەدەی بیستەمدا ئامێرێکی کانزادۆزی وەك هی دۆزینەوەی مینەکانیان بەکارهێنا و، بۆیان دەرکەوت کە چەندین نیشتەنیی کانزایی لەناو دیوارەکانی کەشتییەکەدا هەیە.



بەکارهێنانی ئامێری کانزادۆز
بۆ دۆزینەوەی شوێنی بزمارەکان

پاشان کە جارێکی تر هەمان تیم سەردانی کەشتییەکەیان کردووە و چەند نموونەیەکیان لەو نیشتەنییە کانزاییانە لەگەڵ خۆیان بردووە و، لە چەندین تاقیگە و کارگەی تایبەتیدا شیکردنەوەیان لەسەر ئەنجام دا. بۆیان دەرکەوت کە ئەوانە ئاوێتەیەکی کانزایی دەسکردی مرۆڤن!


شوێنەواری بزمارێکی کانزایی لە کەشتییەکەدا

جا ئایا ئەم دۆزینەوەیە فەرموودەکەی قورئانمان یاد ناخاتەوە کە دەفەرموێ: [وَحَمَلْنَاهُ عَلى ذاتِ أَلْواحٍ وَدُسُرٍ]؟ خۆ وەك زانراوە، وشەی «دُسُر» کۆی «دسار»ە، واتە: بزمار!


نموونەیەکی پاشماوەی بزمارەکان

ئەم لایەنە جوزئییەش تەنها لە قورئانی پیرۆزدا باسی هاتووە، هەرچەند کتێبەکانی تری پێش قورئان و ئەدەبیاتی گەلانی کۆنیش باسیان لە چیرۆکی نووح و کەشتییەکەی کردووە.

دوای ئەوە، توێژەرە ئەمریکییەکە «دەیڤید فاسۆلد» ئامێرێکی تری بە ناوی: (Molecular frequency generator discriminator) بۆ دۆزینەوەی کانزاکان بەکارهێنا و، بەهۆی ئەو ئامێرە نوێیە خاڵەکانی بوونی کانزا لە شوێنی کەشتییەکەدا دەستنیشان کران.


نوێترین ئامێر بۆ دۆزینەوەی کانزاکان

دوای ئەوە هاتن ئەو خاڵانەیان بە یەك گەیاند و بە ئاشکرا شێوەیەکی ڕێکوپێکی بوونی ئەو کانزایانەی دەرخست کە تەختە ڕێکەکانی کەشتییەکەیان بە یەکەوە پەیوەست کردووە و، وەك لە وێنەکەدا دەبینرێ شێوەی «کەشتی»یەکی پێش چاو خست[٣٠]!


نیشانە دانان لەسەر شوێنی بوونی کانزا لە پێکهاتەی کەشتییەکەدا

### تێبینی:

سەبارەت بە دۆزینەوەی کانزا و بەکارهێنانی لە لایەن مرۆڤەوە، وەك دەرکەوتووە لانی کەم مرۆڤ پێش سەد هەزار ساڵ ماددەی خاوی کانزاکانی دۆزیوەتەوە و، توانیوویەتەوە و، لە کاروباری خۆیدا بەکاری هێناوە. بڕوانە گۆڤاری ئەمریکیی «زانستەکان» ژمارەی ئەیلوولی ساڵی (٢٠٠٥ز) لاپەڕە (٤٩)، هەروەها کتێبی: («من مرحلة لوسي إلى مرحلة اللغة » تأليف: دونالد جوهانسون وبليك إدغار، ترجمة إياد ملحم) لە بڵاوکراوەکانی: (المجمع الثقافي) لە ئەبوو زەبی لاپەڕە: (١٧٥).

### دوا تێبینی:

یەکێك لەو شتانەی کە لەم دۆزینەوەیەدا سەرنجی مرۆڤ ڕادەکێشێت و پەیوەندیی بەو بەشەی ئایەتەکەی قورئانەوە هەیە کە دەفەرموێ: [وَلَقَدْ تَرَكْنَاهَا آيَةً] ئەوەیە کە لەو هەزاران ساڵ و ماوە درێژخایەنەی دوای حەزرەتی نووحدا – درووده لەسەر بێت – ئەو بوومەلەرزەیەی کەشتییەکەی دەرخست خوای گەورە هەڵیگرت بۆ سەردەمێکی وا کە پێشکەوتنی پیشەسازی و زانستیی مرۆڤ ئامێری ئەوتۆی داهێنابێت، کە وەکو کەرەسەیەکی زانستیی پشت پێ بەستراو بۆ دڵنیابوون لە کەشتییە دۆزراوەکە و پشکنین و ئەنجامدانی توێژینەوە لەسەری بەکاربهێنرێت. هەروەها لەو سەردەمەشدا کەشتییەکە دۆزرایەوە کە بە چەندین هۆکاری پێشکەوتوو بتوانرێ دۆزینەوەکە و کاری لێکۆڵینەوە و توێژینەوە لەسەری بە شێوەیەکی ڕێکوپێك دۆکۆمێنت بکرێت و بۆ نەوەکانی داهاتووی چەرخەکانی تر بە جۆرێکی دوور لە ئەفسانە و بە شێوازی زانستیی متمانە پێ کراو بمێنێتەوە، تەنانەت ڕێخۆشکەر بێت بۆیان تاکو شیکردنەوەی زیاتری لەسەر ئەنجام بدەن. ئنجا هەر کەسێکیش گومانی هەبێت، بتوانێت بەدواداچوونەوەی بۆ بکات، هەتا بۆخۆیشی دەگاتە هەمان دەرەنجام. خۆ ئەگەر دەرەنجامە ڕاگەیەنراوەکە لە ڕاستییەوە دوور بێت، بتوانرێ بەهۆی ڕێگا زانستییەکان و ئامێرەکانی سەردەمەوە دەرەنجامی ڕاست و دروست بە دەست بهێنرێت!

### سەرچاوەکان:

١ – فلك نوح في تركيا وحقائقها الثمانية. إعداد هشام طلبة. ماڵپەڕی: (موسوعة الإعجاز العلمي في القرآن والسنة www.55a.net) سەرچاوەی ناوبراو بناغەی ئەم وتارەمانە، ئنجا لە سەرچاوەکانی ترەوە زانیاریی ترم هێناوە و لە شوێنی گونجاودا تێهەڵکێشم کردووە، بەو جۆرەی کە لە پەراوێزەکاندا ئاماژەم پێداوە.

٢ – قصة نوح عليه السلام في مخطوطات اليهود وأدبيات الشعوب.. دراسة مقارنة. بقلم الأستاذ هشام طلبة. (موسوعة الإعجاز العلمي في القرآن والسنة www.55a.net)




٣ – مراسي سفينة سيدنا نوح عليه السلام. كاظم الحمامي. (موسوعة الإعجاز العلمي في القرآن والسنة (www.55a.net

٤ – طوفان نوح عليه السلام. بقلم فراس نور الحق. (موسوعة الإعجاز العلمي في القرآن والسنة (www.55a.net

٥ - فیلمی: (The Discovery of Noah s Ark) کە ئەو فیلمەیە سەرچاوەی یەکەم بە ڕێژەیەکی زۆر پشتی پێ بەستووە. لەم وتارەدا بە مەبەستی دڵنیابوونی زیاتر، لە هەندێ شوێندا گەڕاومەتەوە بۆ فیلمەکە، هەروەک بەشی زۆری وێنەکانیشم هەر لەو فیلمە وەرگرتووە لەبەر ئەوەی روونتر دەردەکەون.

٥ – تەفسیری خاڵ، جزمی بیست و حەوتەم. چاپی یەکەم، بەغدا ١٩٩٠.

٦ - وەرگێڕانی مامۆستا هەژار بۆ قورئاتی پیرۆز. چاپی تاران.

## پەراوێزەکان:

(١) سەرچاوەی سێهەم و چوارەم.

(٢) سەرچاوەی چوارەم و پێنجەم.

(٣) سەرچاوەی یەکەم و چوارەم.

(٤) چونکە ئەو تەوراتە ڕاستەقینەیەی کە خوای گەورە بۆ حەزرەتی مووسای ناردبوو، درووی لەسەر بێت، لە دەمی دیل بوونی جوولەکەکان لە «بابل» فەوتاوە و بێ سەروشوێن بووە، دواتر بە ماوەیەکی درێژخایەن و لە دوای سەدان ساڵ لە مردنی حەزرەتی مووسا، یەکەم بەشی کتێبێکی پیرۆز لای جوولەکەکان (بە ناوی پێنج کتێبەکەی مووسا) نووسرایەوە، کە کۆنترین مێژووی نووسینەوەی یەکەم بەشەکانی ئەو کتێبە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (٥٨٧ پ.ز) دواتر بە چەند قۆناغێک و بە چەند سەدەیەک هەندێ کتێبی تری ئایینی لە لایەن حاخامەکانەوە نووسران و دانران و، هەندێکیشیان دراونەتە پاڵ پێغەمبەرانی نەوەی ئیسرائیل، کە ئێستا بە کۆی هەموو ئەوانە دەوترێت: «تەورات» یان «پەیمانی کۆن»! کەواتە ئەو تەوراتەی کە موسڵمانان باوەڕیان پێی هەیە و قورئان باسی دەکات کە خوای گەورە بۆ حەزرەتی مووسای ناردووە، جیاوازە لەوەی کە لەسەرەوە باسمان کرد و جوولەکەکان نوسیویانەو ئێستا لە بەردەستدایە.

(٥) تەورات، سفر التكوين: ١٨/٦

(٦) تەورات، سفر التكوين، الإصحاح: ٦-٩.

(٧) سەرچاوەی یەکەم.

(٨) سەرچاوەی دووهەم و چوارەم.

(٩) تەفسیری خاڵ. جزمی ٢٧ ل ١٠٩. هەروەها وەرگێڕانی مامۆستا هەژار بۆ قورئاتی پیرۆز. ل ٥٢٩.

(١٠) وەرگێڕانی مامۆستا هەژار بۆ قورئاتی پیرۆز. ل ٣٨٣.

(١١) تەورات، سفر التكوين: ٤/٨

(١٢) تەرجووم (Targum) واتە: تەرجەمە (وەرگێڕان). بەو تەرجەمانە دەوترێ کە بە زمانی ئارامی لە نێوان (سەرەتای سەدەی پێنجەمی پ.ز)ەوە هەتا (کۆتایی سەدەی دووهەمی پ.ز) بۆ بەشەکانی تەورات کراون و، هەندێ جیاوازە لە تەوراتی عیبری و تەوراتی یۆنانی (سەبعینی).

(١٣) سەرچاوەی یەکەم.

(١٤) مێژوونووسی گەورەی کورد خوالێخشبوو (محەمەد ئەمین زەکی) لە کتێبی (خولاصەیەکی تەئریخی کورد و کوردستان)دا بە پشت بەستنی بە سەرچاوەکانی بەردەستی، لێکۆڵینەوەیەکی وردی لەسەر وشەکانی: (کاردۆ، کاردۆخی، جوودی، گووتی، کورتی، کوردی) کردووە. بڕوانە کتێبی ناوبراو بەرگی یەکەم، ل ٦٢، سلێمانی، چاپی نوێ ٢٠٠٠. یان تەرجەمە عەرەبی‌یەکەی کە لە لایەن (محەمەد عەلی عەونی)یەوە کراوە: ١/٨١-٨٢ الطبعة الأولى/ مطبعة السعادة، مصر سنة ١٩٣٩م.

(١٥) سەرچاوەی یەکەم.

(١٦) سەرچاوەی یەکەم.

(١٧) سەرچاوەی سێهەم.

(١٨) واتە (١٥٧م).

(١٩) لە سیفری تەکوینی تەوراتدا درێژیی کەشتی‌یەکە بە (٣٠٠ قۆڵ) واتە (١٣٥م) و، پانی‌یەکەی بە (٥٠ قۆڵ) واتە (٢٢,٥٠م) دانراوە. ئێمەش دەڵێین: کاتێ پێوەرەکەی تەورات (واتە ١×٦) لەگەڵ واقیعی کەشتی‌یەکەدا ڕاست دەردەچێ کە مەبەستی تێکڕای پانی‌یەکەی بێت. دەنا گەر حساب بۆ پانترین شوێنی کەشتی‌یەکە بکرێت، کە دەشبێ حساب بۆ ئەوە بکرێ، ئەوا ڕێژەی پانیی کەشتی‌یەکە لە چاو درێژی‌یەکەیدا نزیکێ (١×٤) دەردەچێت، کە ڕێژەیەکی ئاساییە لە دروستکردنی کەشتی‌یەکاندا.

(٢٠) سەرچاوەی یەکەم.

(٢١) سەرچاوەی یەکەم.

(٢٢) سەرچاوەی یەکەم.

(٢٣) سەرچاوەی یەکەم و سێهەم.

(٢٤) سەرچاوەی سێهەم.

(٢٥) سەرچاوەی یەکەم و سێهەم.

(٢٦) وەرگێڕانی مامۆستا هەژار بۆ قورئاتی پیرۆز. ل ٢٢٦.

(٢٧) سەرچاوەی سێهەم.

(٢٨) وەرگێڕانی مامۆستا هەژار بۆ قورئاتی پیرۆز. ل ٢٢٧. ئەم زانیارییانەش لە سەرچاوەی سێهەم وەرگیراون.

(٢٩) سەرچاوەی یەکەم.

(٣٠) سەرچاوەی یەکەم.

# نەویترین ناوچەی ڕووی زەوی

ئامادەکردنی: نەبەز عەبدولڕەحمان

## سەرەتا:

خوای گەورە بەردەوامو بە بەڵگەی تەواو ڕاستی بۆ مرۆڤەکان سەلماندوە، هەروەها بە موعجیزەی جۆراو جۆر پشتگیریشی لە پێغەمبەر(صلی اللە علیە وسلم) کردوە، بەهێزترین موعجیزەی پێغەمبەر (صلی اللە علیە وسلم) قورئانی پیرۆزە کە بەڵگەی زۆری لە خۆگرتووە، بەنمونە قورئان هەواڵی هەندێك لەڕاستییە زانستییەکانی ئەم جیهانەی پێداوین، وەك هەواڵی قوڵایی دەریاکانو ناوەوەی زەویو بەرزایی ئاسمانەکانو تاد...

زەویش پشکێکی زۆری لەو هەواڵ پێدانە زانستییانەی قورئان هەیە، بە نمونە قورئانی پیرۆز لە سورەتی(الروم) دا ڕاستییەکی زانستی خستۆتە بەردەستمان، کاتێك خوای گەورە دەفەرموێت: (غُلِبَتِ الرُّومُ. فِي أَدْنَى الْأَرْضِ وَهُم مِّن بَعْدِ غَلَبَةِمْ سَيَغْلِبُونَ)(الروم:٢-٣)

واتە: ڕۆمەکان لە نەویترین ناوچەی ڕوی زەویدا شکان، ڕۆمەکان لە دوای ئەوەی دوژمنانیان سەرکەوتن بەسەریاندا جارێکیتر بەسەر دوژمنەکانیاندا سەردەکەون.

ئەم ئایەتانەی سورەتی(الروم) ئاماژە بۆ نزمترین ناوچەی ڕوی زەوی دەکەن کە تیایدا لە سەردەمی پێغەمبەردا(صلی اللە علیە وسلم) ڕۆمەکان بە دەستی دوژمنەکانیان شکستیان خوارد.

ئەم لێکۆڵینەوەیەش ڕوی ئیعجازی قورئانی پیرۆز لە هێنانی ئەم ڕاستیە زانستیە دەخاتە ڕوو.

## هۆی ناردنی ئەم ئایەتانە:

لە ساڵی(٦١٩ ز) لە ناوچەی نزیك دەریای مردوو جەنگ لە نێوان هەردوو ئیمپراتۆری فارس و ڕۆمدا هەڵگیرساو تیایدا فارس بەسەر ڕۆمدا سەرکەوت.

ئەم سەرکەوتنەی فارس و شکانی ڕۆم، مسوڵمانانی پەژارە و خەفەتبارکرد، چونکە فارس ئاگر پەرست بوون و ڕۆم خاوەنی کتێب وئاینی ئاسمانی بوون، ئەم بەسەرهاتە لە نێو خەڵکدا بووە هەواڵ و(ئەبو بەکری سدیق) -ڕەزای خوای لێبێت- هەواڵەکەی بە پێغەمبەر(صلی اللە علیە وسلم) گەیاند، خوای گەورەش لە وەڵامدا فەرمووی: [غُلِبَتِ الرُّومُ . فِي أَدْنَى الْأَرْضِ وَهُم مِّن بَعْدِ غَلَبَةِمْ سَيَغْلِبُونَ . فِي بِضْعِ سِنِينَ لِلَّهِ الْأَمْرُ مِن قَبْلُ وَمِن بَعْدُ وَيَوْمَئِذٍ يَفْرَحُ الْمُؤْمِنُونَ](الروم:١-٤) خوای گەورە لەم ئایەتانەدا بەڵێن بە مسوڵمانان دەدات کە پاش ساڵانێکی کەم (بضع سنین) لە جەنگێکی تردا فارسەکان دەشکێنو ڕۆمەکان بەسەر فارسەکاندا سەرکەوتن بە دەست دەهێنن، وشەی (بضع) یش کە لە ئایەتەکەدا هاتووە لە نێوان(سێ تا نۆ) ساڵە، واتە: لە(دە ساڵ) کەمترە ، پاشان(ئەبوبەکری صدیق) -ڕەزای خوای لێبێت- چووە بازارو ئەم ئایەتەی بە دەنگی بەرز بە خەڵك گەیاند، (ئوبەی کوری خەلەف) یش ئەم هەواڵەی بیست و داوای لە ئەبوبەکر کرد گرەو بکەن لەسەر هاتنەدی ئایەتەکانی سورەتی(الروم)، ئەوەش ڕویداو گرەویان کرد. لەو کاتەوە ئەهلی ئیسلام لە دوای ئەبوبەکر کۆبوونەوەو ئەهلی کوفریش لە دوای ئومەییەو هەردوولا چاوەڕێیان دەکرد بزانن چی ڕوودەدات! پاش حەوت ساڵ لە دوای ڕودانی جەنگی یەکەم خوای گەورە بەڵێنی خۆی بۆ مسوڵمانان جێبەجێ کردو دڵنیای کردنەوە، هەروەك لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە: [فِي أَدْنَى الْأَرْضِ وَهُم مِّن بَعْدِ غَلَبَةِمْ سَيَغْلِبُونَ . فِي بِضْعِ سِنِينَ لِلَّهِ الْأَمْرُ مِن قَبْلُ وَمِن بَعْدُ وَيَوْمَئِذٍ يَفْرَحُ الْمُؤْمِنُونَ. بِنَصْرِ اللَّهِ يَنصُرُ مَن يَشَاءُ وَهُوَ الْعَزِيزُ الرَّحِيمُ. وَعْدَ اللَّهِ لَا يُخْلِفُ اللَّهُ وَعْدَهُ وَلَكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لَا يَعْلَمُونَل (الروم:٣-٦).

واتە: ڕۆم لە دوای سەرکەوتنی فارس بە سەریاندا لە ماوەی سێ تا نۆ ساڵی تر فارس دەشکێنن، سەرکەوتنی پێشتری فارس وسەرکەوتنی پاشتری ڕۆم هەمووی هەر بە فەرمانی خوای گەورەیە، ئەو ڕۆژەی ڕۆم سەردەکەوێ باوەڕداران هەم بە سەرکەوتنی ڕۆم بەسەر فارسدا دڵخۆش دەبن هەم بە سەرکەوتنی خۆیان بەسەر موشریکەکاندا، سەرکەوتنی هەرکەسێکیش بە ویست وخواستی خوای گەورەی بە دەستەڵاتو میهرەبانە، ئەمە پەیمانی خوای گەورەیەو خوای گەورەش بەڵێنی خۆی پشت ناخات، بەڵام زۆرترینی خەڵك، بێ باوەڕان، خوای گەورە ناناسن ولێی تێ ناگەن.

ئەم بەڵێنەی قورئانی پیرۆز پاش حەوت ساڵ بە دوای ڕوودانی جەنگی یەکەم هاتە دی واتە لەو ماوەیەدا کە پێشتر قورئانی پیرۆز دیاریکردبو، کاتێك لە ساڵی(٦٢٦ ز) جەنگێکی تر لە نێوان فارس وڕۆم بەرپا بو، ڕۆم سەرکەوتنی بەدەست هێنا، ئەوەش هاوکات بو لەگەڵ سەرکەوتنی مسوڵمانان بەسەر موشریکەکانی قوڕەیش لە جەنگی بەدری گەورەدا.

## شوێنی جەنگەکە:

ڕاڤەکارانی قورئان فەرمویانە: جەنگەکە لە ناوچەیەك لە نێوان (أذرعات وبصری) دا هەڵگیرساوە ، هەروەها لە(ابن عباس والسدی ومقاتل) وەرگیراوە شوێنی جەنگەکە لە نێوان ئوردن و فەلەستیندا بوە، کەواتە جەنگەکە لە چاڵایی ئوردوندا ڕویداوە.

## ماناکانی أَدْنَى الْأَرْض:

هەندێك ڕەخنە لە کتێبی خوای گەورە دەگرنو دەڵێن: ڕاڤەکارانی قورئان تەنها یەك مانایان بۆ وشەی(أدْنی) هێناوە ئەویش وشەی نزیکتر(اقرب)ە، نەك نەویتر(اخفض)، ڕاڤەکاران لە ڕاڤەکانیاندا دەڵێن: مانای ئایەتی (فِي أَدْنى الأَرْضِ) نزیکترین ناوچەی وڵاتی شامە لە عەرەبەوە یان نزیکترین ناوچەی وڵاتی ڕۆمە لە عەرەبەوە.

ئەمەش ڕەخنەیەکی ناڕاستە، چونکە وشەی(أدْنی) لە قورئاندا تەنها بە مانای نزیکتر(اقرب) نەهاتوە بەڵکو مانای تریش دەبەخشێ، بۆ نمونە بە مانای کەمترین(اقل) یش دێت، هەروەك خوای گەورە دەفەرموێت: (أَلَمْ تَرَ أَنَّ اللَّهَ يَعْلَمُ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الْأَرْضِ مَا يَكُونُ مِن نَّجْوَى ثَلَاثَةٍ إِلَّا هُوَ رَابِعُهُمْ وَلَا خَمْسَةٍ إِلَّا هُوَ سَادِسُهُمْ وَلَا أَدْنَى مِن ذَلِكَ وَلَا أَكْثَرَ إِلَّا هُوَ مَعَهُمْ أَيْنَ مَا كَانُوا ثُمَّ يُنَبِّئُهُم بِمَا عَمِلُوا يَوْمَ الْقِيَامَةِ إِنَّ اللَّهَ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ)(المجادلة:٧) لەم ئایەتەدا (وَلا أَدْنى من ذَلكَ) بە مانای (ولا اقل من ذلك) دێت واتە: (نە لە وە کەمتر)، چونکە لە ئایەتەکەدا بە دوای وشەی (أَدْنی) وشەی (أَكثَرَ) هاتوە، ئاشکراشە کەم بەرامبەر زۆرە ، دەشبینین وشەی (أَدْنی) لەگەڵ ژمارەکاندا بەکارهاتوە.

لە ئایەتێکی تردا خوای گەورە دەفەرموێت: (ولنذيقنَهُمْ مِنّ العَذابِ الآدْنى دونَ العذابِ الأكبرِ لَعَلهمْ يَرجِعُونَ) (السجدة:٢١)

واتە: پێش سزای ڕۆژی دوایی کارەسات ومەینەتیو ناخۆشییەکانی دونیایان پێ ئەچێژین، تا ئەوانەیان کە هێشتا توشی سزا نەبون، بۆ ئیمان بگەڕێنەوە.

لەم ئایەتەدا دەبینین ڕاڤەکاران وشەی (أَدْنی) بە کارەساتو مەینەتیو ناخۆشیەکانی دونیا ڕاڤە دەکەن، چونکە لێرەدا ناکرێ وشەی (أَدْنی) بە مانای نزیکتر(اقرب) بێت بەڵکو مانای بچووکتر(اصغر)



لەم وێنەیەدا نزمترین ناوچەی ڕووی زەوی دەبینین

دەبەخشێت، خوای گەورە لەم ئایەتەدا لە نێوان دوو جۆر سزادا بەراورد دەکات:

١- سزای بچوك یان سزای دونیا (العذاب الادنی)

٢ - سزای گەورە یان سزای ڕۆژی دوایی (العذاب الاکبر)

ئێمە لێرەدا لە نێوان دوو پێوانەداین بچووك‌و گەورە(الادنی و الاکبر)

## چۆن لە ئایەتەکان تێبگەین؟

کەواتە وشەی (أَدْنی): بە مانای نزیکتر، کەمتر، بچوکتر (الأقرب، الأقل، الأصغر) دێت، جا ئایا ئەم سێ سیفەتە پێکەوە لە هیچ ناوچەیەکی سەر ڕوی زەویدا کۆدەبنەوە؟

بەڵێ: دەریای مردوو، چونکە شوێنی دەریای مردوو:

١- نزیکترینە (الأقرب : نزیکترین زەوی ڕۆم بوە لە زەوی عەرەبەوە.

٢ - بچووکە (الأصغر): ئەم ناوچەیە ڕووبەرەکەی زۆر بچووکەو لە چەند کیلۆمەترێکی دیاریکراو دەرناچێت، ئەگەر بەراوردی بکەین بە ڕووبەری زەوی کە لەچەند ملیۆن کیلۆمەتری چوارگۆشە زیاترە.

٣ - کەمترینە (الأقل): ئەم شوێنە کەمترین بەرزی هەیە لە ڕووی‌و شکاییەوە، نزیکەی ٤٠٠ مەتر لە ئاستی ڕوی دەریا نزمترە، لە جیهانیشدا جگەلە قوڵایی زەریاکان، لەم ناوچەیە چاڵتر و نزمتر نابینینەوە.

بۆیە تێگەیشتنمان لە ئایەتەکانی سورەتی (الروم) بەو شێوەیەی پێشتر باسمان کرد لەگەڵ قورئان و ئەوەی زانست پێی بەخشیوین بەریەك ناکەون.

## ئایا قورئان پاشکۆی فەرهەنگەکانی زمانە؟

سەرەتا دەڵێین ئێمە ناچارنین بەوەی لەژێر ڕۆشنایی فەرهەنگەکاندا لە قورئان تێبگەین، ئەگەر نا ئەو کاتە فەرهەنگەکانی زمان دەیان توانی بەتەواوی قورئانی پیرۆز ڕاڤە بکەن‌و ئیتر هیچ پێویستییەك بە موفەسیر و موجتەهید نەدەما! باواش دابنێین ئێمە مانای وشەیەکی قورئانمان لە فەرهەنگدا نەدۆزییەوە! ئایا ئەوە ئەگەیەنێ کە قورئانی پیرۆز ڕاست نەبێت؟ بۆ نموونە وشەی (الم)و (الر)و (کهیعص) ئەم وشانە کە لە سەرەتای هەندێ لەسوورەتەکانی قورئانی پیرۆزدا هاتوون لە فەرهەنگەکاندا مانایان نیە ! جا ئایا ئەمە مانای وایە کە ڕاست نەبن؟

بێگومان پێویستە قورئانی پیرۆز بناغەی جیٚی باوەڕمان بێت نەك فەرهەنگەکانی زمان، چونکە ئەو فەرهەنگانە بە سەدان ساڵ دوای هاتنی قورئان دانراون، هەروەها تەفسیرەکانیش.

لەگەڵ ئەوەشدا وشەی(أَدنی) لە هەموو فەرهەنگەکانی زمانی عەرەبیدا بە مانای نزیکتر(أقرب) نەهاتوە، بەڵکو لە هەندێك فەرهەنگدا وشەی (أَدْنی) بە مانای نزمتر(أخفض) یان خوارووتر(أسفل) دێت، لە(معجم مقاییس اللغە) دا هاتوە: (الدال والنون أصلٌ واحد یدلّ علی تطامُن وانخفاض، فالأَدَنُّ: الرجل المنحني الظَّهر، یقالٌ منه قد دَننتَ دَنناً، ویقال بیتٌ أدن، أي متطامن، وفرس أدن، أيٍ قصیر الیدین، وإذا کان کذلك کان منسجه منخفضاً ومن ذلك الدندنة، وهو أنْ تسمع من الرجل نغیة لا تفهم، وذلك لأنه یخفض صوتة بما یقولة و یخفیه. ومنه الحدیث: (فأما دندنتك و دندنة معاذ نحسنهما) واتە: (دال ونون) یەك بنەڕەتن و مانای نەوی بون دەگەیەنن، (أدن) بە مانای پیاوی پشت چەماوە دێت، دەوترێت (قد دننت دننا) واتە: پشتت کۆم بووەو چەماوەتەوە، دەشوترێت (بیت أدن) واتە: خانووی چاڵ ونزم، هەروەها (فرس أدن) واتە: ئەسپێکی نزم، کە دوو قاچی پێشەوەی کورت بێت، هەروەها دەوترێت (الدندنة) واتە: ورتە ورت، ئەوەش کەسێکە دەنگی خۆی نزم بکاتەوەو قسەکەی بشارێتەوەو لەبەرخۆیەوە قسە بکات‌و کەس لێی تێ نەگات، هەروەك لە فەرمودەکەدا هاتووە ، لە (لسان العرب) دا: (الأدنی: السفل) واتە خواروو ، هەروەها لە

(التهذيب) دا: ( قال إبن السكيت: ويقال: لقد دنأت تدنأ، مهموز. أي سفلت في فعلك ومجنتُ) واتە: سوك ورسوا بویت بەو كارەی كردت.

هەروەها خوێندنەوەیەكی شازی قورئانی پیرۆز هەیە كە (أُبي بن كعب، والضحاك، وأبو رجاء، وإبن السميع) ئایەتەكەی سورەتی (الروم) بە [في أَداني الأرض] دەخوێنێتەوە لە جیاتی (في أدنى الأَرض)، وشەی (أُدانی)ش بەمانای نزمترین دێت، بۆیە هەندێك لە زانایان پێیان وایە ئەم خوێندنەوە ناوازەیە ڕاڤەی قورئانی پیرۆزی لەم جێگەیەدا كردبێت. هەروەها شاعیرەكانیش وشەی (أَدنی)یان بە مانای نزم لە هۆنراوەكانیاندا بەكارهێناوە، (إبن القيم الجوزية) لە (نونية) كەیدا، نووسینە بە ناوبانگەكەیدا، دەڵێت:

لا تؤثر الأدنى على الأعلى فإن تفعل رجعت بذلة وهوان

لا تؤثر الأدنى على الأعلى فتحرم ذا وذا يا ذلة الحرمان

(أَدْنَى) لێرەدا بە مانای نزم دێت، چونكە لەم هۆنراوەیەدا لە بەرامبەری نزم (الأدنى) بەرز(الأعلى) هاتوە، ئاشكراشە نزم بەرامبەر بەرزە.

هەروەها لە( قاموس المحيط) دا وشەی(أَدنى) بە مانای(وادی) دۆڵ دێت: (الأدنيان) بە مانای دوو دۆڵ دێت.

لێرەوە بۆمان دەردەكەوێت ڕاڤە كردنی [في أَدنى الأَرض] بە نزمترین یان نەویترینی ڕوی زەوی لەگەڵ وتەی خوای گەورەدا گونجاوەو بەریەك ناكەون.

كەواتە ئەوەی دەڵێت ڕاڤەكاران ئاماژەیان بۆ مانای نەویتر یان نزمتر نەكردوە ڕەخنەكەیان لە جێی خۆیدا نیە، چونكە نەویتر مانایەكە زمانی عەرەبی هەڵی دەگرێ و ڕاڤەكارانیش لە دوای ڕاڤەی گێڕراوە (تفسير بالمأثور) بۆ زمان دەگەڕێنەوە، هاوەڵانیش -ڕەزای خوایان لێبێت- ڕێبازیان هەروا بوو بەڕێ و شوێنی زمان و لەهجەكانی عەرەب دەكەوتن لە ڕێی گوێگرتنیان لە هۆنراوەو قسەكانیان و كەڵكیان لێ وەردەگرت بۆ ڕاڤە كردنی قورئانی پیرۆزو سوننەتی پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم)، زانایانی دوای هاوەڵانیش هەمان ڕێ و شوێنی ئەوانیان دەگرتەبەر، ئەو ڕەخنەیەش كە گوایە فەرهەنگەكانی زمانی عەرەبی ئەم مانایەیان باس نەكردوە ئەویش ڕەخنەیەكی ناراستە، چونكە هەر فەرهەنگەو هەندێك لە زمان لە خۆدەگرێ نەك هەموو زمان، بەڵگەشمان جیاوازی نێوان فەرهەنگەكانە لە ڕوی قەبارەو ناوەڕۆكیانەوە، جگە لەوەی مانای نزمتر بۆ وشەی (أَدنی) لە فەرهەنگەكاندا ناسراوەو دیارییەو هۆنەرەكانیش لە هۆنراوەكانیاندا بەكاریان هێناوە، هەروەك پێشتر باسمانكرد. هەموو ئەمانەش ئەو بۆچونە دەچەسپێنن، ڕاڤە كردنی وشەی (أَدنى) بە نزمتر یان نەویتر، تەفسیرێكی ڕاست بێت و هیچ ڕێگرییەكی لێ نەكرێت، ئەو كاتە ئایەتەكانی سورەتی (الروم) لەلایەكەوە ئیعجازی نهێنی (غيبى) لە خۆدەگرن و لەلایەكی تریشەوە ئیعجازی زانستی كە هەر لە ئایەتەكاندا ئاماژەی بۆ كراوەو پێشتریش باسمانكرد، خوای گەورەش زاناترە.

## تێڕامانێك:

ئەوە گەورەیی و پیرۆزییە كە موعجیزەكانی قورئان لەگەڵ هەوڵی زۆریشدا بۆ تێگەیشتن لێیان چەند سەدەیەكی درێژخایەن بە شاراوەیی بمێننەوە، تا خوای گەورە لە كاتی گونجاودا دەریاندەخات، هەتا ئەوەی ئایەتەكانی خوای گەورە تا ڕۆژی دوایی بە بەردەوامی ڕێزدارو جێگیر بمێننەوە، ئەگەر موفەسیرەكانیش بیان توانییایە هەموو قورئان ڕاڤە بكەن ئەو كاتە موعجیزە دەوەستا! لە كاتێكا خوای گەورە پەیمانی داوە بەردەوام ئایەتەكانی خۆیمان پیشان بدات و لەسەر ئێمەشە بروایان پێبكەین ودژایەتییان نەكەین وەك خوای گەورە دەفەرموێت: (وَيُرِيكُمْ آيَاتهِ فَأَيَّ آيَاتِ اللهِ تُنكِرُونَ)(غافر:٨١) واتە: خوای گەورە بەڵگەكانی خۆیتان پیشان دەدات، لە كاتێكا ئێوە ناتوانن نكولی لە هیچیان بكەن، مەگەر هەر بەرهەڵستی و دژایەتییان بكەن.

## أَدنى الأَرض لە زانستە تازەكاندا:

لە ڕوی زانستییەوە بە پێوانی جۆراو جۆر چەسپاوە چاڵایی ئوردون لە هەموو بەشەكانی تری وشكایی لە ئاستی ڕوی دەریاوە نزمترە، دەریای مردووش دەكەوێتە نزمترین بەشی چاڵایی ئوردونەوەو ئاستی دەریای مردوو نزیكەی (٤٠٠م) لە ژێر ئاستی ئاوی دەریایە، ئاستی تەختایی (بنی) دەریای مردووش لە قوڵترین بەشیدا نزیكەی (٨٠٠م) لە ژێر ئاستی ئاوی دەریایە، لە كاتێكا دەریای مردوو دەریایەكی داخراوە واتە لە ڕاستیدا تەختاییەكەی یان بنەكەی بە بەشێك لە وشكایی دادەنرێت، ئەمەو چاڵایی دەریای مردوو بە بەشێك لەو ڕۆچونە گەورەیەی زەوی دادەنرێ كە لەناوچەی (بحيرات) لە ڕۆژهەڵاتی ئەفریقاوە دەست پێ دەكات تا دەریاچەی (طبريا) وسنووری باشووری توركیاو دەریای سوورو كەنداوی عەقەبەش دەگرێتەوە، ئەم ڕۆچونە دەگاتەوە بەو ڕۆچونە قوڵەی لە زەوی تەختایی هەریەك لە ئۆقیانوسی هندی و دەریای عەرەب و كەنداوی عەدەندا هەیە، درێژی چاڵاییەكانی ئوردون. دۆڵی (عربە) نزیكەی (٦٠٠) كیلۆمەترەو لە باشوورەوە لە كەنداوی عەقەبەوە درێژدەبێتەوە تا دەریاچەی (طبريا) لە باكوور، پانتایی ئەو چاڵاییانەش لە نێوان(١٠-٢٠) كیلۆمەتردایە.

ئاستی ڕوی زەویش لە چاڵاییەكانی ئوردوندا لە هەموو بەشەكانی تری وشكایی نزمترە، بەشێوەیەك ئاستی ڕوی ئاو لە دەریای مردوو دەگاتە(٤٠٢م) لە ژێر ئاستی ناوەندی ڕوی ئاو لە هەردوو دەریای دراوسێدا: دەریای سوورو دەریای ناوەڕاست، ئەمەش نزمترین ئاستی زەوییە لەسەر ڕوی وشكایی.

عبدالمجيد زندانی دەڵێت: لەگەڵ پرۆفیسۆرێكی ئەمریكی ( ئالسون پاڵمەر) سەرۆكی پێشوی كۆمەڵەی جیۆلۆجی ئەمریكی قسەم دەكرد، پێموت: ئەی پرۆفیسۆر قورئانی پیرۆز هەواڵی نزمترین شوێنی لە جیهاندا پێداوین خوای گەورە دەفەرموێت: (غُلِبَتِ الرُّومُ . فِي أَدْنَى الْأَرْضِ)(الروم: ٢-٣). زەوی بەرزی و نزمی زۆری تێدایە بەڵام ئەم شوێنەی ئەم ئایەتانە ئاماژەی بۆ دەكەن نزمترین ناوچەیە. ئەویش وەڵامی دامەوەو وتی: نەخێر ناوچەی نزمتر هەیە، بەم شێوەیە لەسەر ئەوەی نزمترین شوێنی زەوی كوێ یە، وتووێژێكی توند لە نێوانماندا ڕویدا، كاتێك بینی هەڵوێستم توندەو لەسەر قسەی خۆم سوورم، هەستاو نمونەیەكی گۆی زەوی هێنا هەموو بەرزی و نزمییەكانی جیهانی لەسەر دیاری كرابو، ووتی: كوا ئەو ناوچەیەی باسی دەكەیت؟ وتم: بەیتول موقەدیس، ووتی: ئەوە كوێیە؟ ووتم: ئۆرشەلیم. جا كاتێك شوێنەكەی دۆزییەوەو پەنجەی لەسەر ئەو ناوچەیە دانا سەهمێكی بینی لەسەر ئەو شوێنە كێشرابو لەسەری نوسرابو (نزمترین ناوچە لە جیهاندا).

پاك و بێگەردای بۆ ئەو خوا گەورەیەی بەردەوام موعجیزەكانی تازە دەبنەوەو دەردەكەون.

## ڕووی ئیعجاز:

كەواتە سورەتی (الروم) دوو ئیعجازی لە خۆگرتوە: یەكەم ئیعجازێكی غەیبی ئەویش هەواڵ پێدانە بەوەی ڕۆم كە پێشتر بە دەستی فارس شكابون، لە جارێكی ترداو لە ماوەیەكدا كە (٩) ساڵ ناخایەنێ ڕۆم بەسەر فارسدا سەردەكەون، لە ڕاستیشدا ئەو ماوەیە، تێنەپەڕی هەتا ئاڵای ڕۆم بەسەر فارسدا شەكایەوەو فارسیان شكاندو ئەو زەوییانەی فارس دەستیان بەسەردا گرتبوو، لێیان سەندنەوە.

ئەمەش بوە هۆی ئیسلام بونی زۆرێك لەو خەڵكەی چاودێری هاتنەدی ئەم پێش بینیانەی قورئانیان دەكرد.

لەم بارەیەوە (جبن) دەڵێت: «ئەو كاتەی قورئان هەواڵی ئەم پێش بینیانەی پێداوین، ڕودانی هیچ پێش بینیەك لەوە دوورتر نەبووە، چونكە لە دوازدە ساڵی یەكەمی حكومەتەكەی هرقل دا وا دەردەكەوت كە ئیمبراتۆریەتی ڕۆمانی دەكەوێ وكۆتایی پێدێت. (جبن) بەم شێوەیە ئەو مێژووە دەگێڕێتەوە: (دیارترین پاڵەوانییەكانی مێژوو لە هەرقل دا دەبینین، ئەم ئیمپراتۆرە زۆر دەبەنگ وتەمبەڵ دەردەكەوت، خەریكی خۆشی و




ڕابواردنو هەوەس بازی بوو، خەریکی پەرستنی ئەندێشەی بێ بنەمابوو، لە ساڵانی یەکەمو کۆتایی حکومەتەکەیدا وەك تەماشاکەرێکی گەوجو نەزان دەردەکەوت، تەسلیمی ئەو کارەساتو مەینەتیانەی بەسەرگەلی ڕۆمدا دەهات بو، بەڵام ئەو تەمەی لە کاتەکانی بەیانیانو ئێوارانداا بەری ئاسمان دەگرێ، لە نیوەڕواندا لەبەر توندی خۆر بۆ ماوەیەك دەرەوێتەوە، هەمان شتیش لە هەرقل ڕویدا. ئەرقادیوسی ناو کۆشکەکان، لە پرێکا گۆڕا بۆ (قەیسەری مەیدان وجەنگ)، توانی شەش جەنگی ئازایانە لە دژی فارس ئەنجام بداتو بەهۆیانەوە شکۆی ڕۆم بگەڕێنێتەوە، ئەم ڕوداوەش ئەوەندە گەورەبو مێژوو نوسەکانی ڕۆم بە پێویستیان زانی تۆماری بکەن تا پەردە لەسەر ڕاستی هەڵ بدەنەوەو نهێنییەکانی ئەم نووستنو بە ئاگا هاتنەوەیە دەربخەن، لە پاش ئەم چەند سەدەیەی ڕابوورد دەتوانین ئەو حوکمە بدەین کە هیچ پاڵنەرێکی سیاسی لە دوای ئەم پاڵەوانییەتیەوە نەبوە، بەڵکو تەنها ئەنجامی غەریزەی هەرقل خۆی بوە، بەوەی دەستی لە هەموو ڕابواردنێك هەڵگرتوە، تەنانەت وازیشی لە مارتینای خوشکەزای خۆی هێناوە، هەرچەندە حەرامیش بووە لێی بەڵام پێشتر بە هۆی عیشقییەوە شێتو دێوانە بوەو هێناویەتی)

دووەم: ئیعجازێکی زانستی لەگەڵ ئیعجازە غەیبییەکەدا هەواڵێکی زانستی ڕاستی گرنگی بۆ هێناوین، ئەویش ئەو زەوییەی تیایدا ڕۆم لەگەڵ فارس بە یەك گەیشتن و فارس تیایدا شکستیان خوارد بریتییە لە نزمترین ناوچە لەسەر ڕوی زەوی، بەپێی وتەی ڕاڤەکاران وسەرچاوە مێژوییەکانیش ئەم بەیەك گەیشتنەی هەردوو لەشکری فارس و ڕۆم، لە ناوچەیەك لە نێوان ئوردن و فەلەستیندا بووە، ئەو جێگەیەی پێی دەوترێت چاڵایی ئوردون. زانستیش تەنها لەم سەردەمەو لەم سەدەیەدا توانی بەم ڕاستییە بگات، چونکە زانینی ئەم ڕاستییە تا کاتێکی نزیکیش لە توانای مرۆڤەکاندا نەبووە، چ جای کەسێك پێش (١٤٣٠) ساڵ بیزانێت یان هەواڵی پێ بدات. هەواڵ پێدانی ئەم ڕاستییەش بە دەست پێش خەرییەکی زانستی بۆ قورئانی پیرۆز دادەنرێت، ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە قورئانی پیرۆز وتەی خوای کردگارە، پاك وبێگەردی بۆ خوای گەورە کە هەموو شتێکی دروست کردوەو زانستیشی بە هەموو شتێك داوە، هەروەها بەڵگەیە لەسەر پێغەمبەرێتی موحەممەد (صلی اللە علیە وسلم) کە نیگای لە لای خوای گەورەوە پێ گەیشتوەو کۆتا پێغەمبەری پەروەردگارە.

## پوختە:

دوای ڕونکردنەوەی ئەم ڕاستیە زانستیانە دەڵێین ئەگەر موحەممەد (د.خ) نێرراوی خودا نەبێت! چۆن گرەوو مەرج لەسەرپێغەمبەرێتی خۆی دەکات؟ گرەویش لەسەر دەوڵەتێکی شکست خواردوی تازە لە جەنگدا دۆڕاو؟! چۆن ماوەیەکی کەم(لە دە ساڵ کەمتر) دیاری دەکات و هەر لەژیانی خۆشیدا پەیمانەکە دێتە دی؟

بێباوەڕان دەیانزانی محمد کەسێکی ژیرە هەرگیز هەڵەی واناکات هەموو دینەکەی کەچەندلەسەری ماندوو بووە چەرمەسەری لەسەر دیوە بیخاتە ژێر بەڵێنێکی داهاتوی نزیك، کە پەیوەندی بەوەوە نیەو ئەگەری سەرکەوتنی بەڵێنەکە لە سفرەوە نزیکە!!

گریمان پێغەمبەر (صلی اللە علیە وسلم) ئەو موجازەفەیەشی بەدینەکەیەوە بکردایە، ئەوا تەنها دەیوت لەداهاتودا ڕۆمەکان بەسەر فارسدا سەردەکەونەوەو هیچی تر، هەرگیز کەمتر لە دە ساڵی دیاری نەدەکرد،و پاشان زۆر تەکید بکاتەوە لەوەی کە لەو ڕۆژەدا موسڵمانانیش بەسەرکەوتنێکی گەورەی خۆیان دڵخۆش دەبن (ویومئذ یفرح المؤمنون بنصر اللە)، هەروەك سەرکەوتنی ڕۆمەکان هاو ڕۆژ بوو لەگەڵ سەرکەوتنی موسڵمانەکان لەجەنگی بەدردا ودڵخۆش بونیان، و دواتر زیاتر تەئکید بکاتەوە بەوەی کەئەمە بەڵێنێکی خودایەو هەرگیز لە بەڵێنی خۆی پەشیمان نابێتەوە (وعداللە لا یخلف اللە وعدە).

لە دوای پێدانی ئەم هەموو بەڵێنە یەك لە دوای یەکانەو زۆر تەئکیدکردنەوەی، دەپرسین ئەگەر ئەم بەڵێنانە لەکاتی خۆیدا نەهاتنایەتەدی، باوەڕداران دەکەوتنە بەردەم چ تاقیکردنەوەیەکی قورس لە ڕاگرتنی باوەڕەکەیاندا؟! کاتێك قورئانەکەیان چەند بەڵێنێکی داوەو نەهاتۆتەدی ئەمە لە لایەك و لەلایەکی دی نەیاران چ هەلێکی زێڕینیان چنگ دەکەوت بۆ پەشیمان کردنەوەو دروست کردنی گومان بەرامبەر ئەم ئایینە، بەڵام بینیمان هیچ لەمانە ڕووی نەدا، نە باوەڕدار گومانی بۆ دروست بوو نە بێ باوەڕیش هەلی دەست کەوت، بە پێچەوانەوە باوەڕداران لە دوای ئەم بەڵێنانە باوەڕیان پتەوترو بێباوەڕانیش بە لێشاو بەرەو باوەڕ هاتن.

لە کۆتایدا دەڵێین دوای دەرکەوتنی ڕاستێتی پەیامەکەی محمد (صلی اللە علیە وسلم) و هاتنە دی بەڵێنەکەو دەرخستنی شوێنی جەنگەکە لە لایەن زانایانی سەردەمەوە کە نزمترین شوێنی ڕوی زەویە بەپێی ئاستی ڕوی دەریا، دەبێت بزانین کە هەمان زات چەندەها بەڵێنی تری داوە لە هەمان پەرتوکداو دەبێت هەرواش دڵنیا بین کە هەموو بەڵێنەکانی تری دێنە دی سەبارەت بە زیندو بونەوە، مەحشەر، سزای ئاگرو خۆشیەکانی بەهەشت. گەر لێمان بپرسرێت ئایا وەعدەکەی قورئان لەسەرکەوتنی ڕۆمەکان هاتەدی؟ بێگومان دەڵێین بەڵێ، ئاشکرایە سەبارەت بەبەڵێنەکانی دوارۆژیش- کەدێنە دی - هەرهەمان وەڵامان دەبێت، وەك دەفەرموێت

(و نادی أصحاب الجنة أصحاب النار أن قد وجدنا ما وعدنا ربّنا حقاً فهل وجدتم ما وعد ربّکم حقاً قالوا نعمْ)

## سەرچاوە:

١ـ أدنی الارض. ئامادەکردنی: عادل الصعدي. پێداچونەوە: علی عمر بلعجم.
٢ ـ موقع جامعة الایمان
[www.jameataleman.org]
٣ ـ الرد علی منکري الاعجاز في سورة الروم. نوسینی: عبد الدائم الکحیل. [www.55a.net]
٤ـ انتصار الروم البیزنطیین. [www.55a.net]



# بەردەکان لەنێوان
# باسکردنی قورئانی و پۆلێنکردنی میکانیکیدا

نووسینی: محمد جابر محمود
وەرگێڕانی: د. دارا گوڵ

قورئانی پیرۆز بۆ ڕێنمایی مرۆڤەکان هاتووە، تا تەنها خودای جیهانیان بپەرستنو لە پەرستنی غەیری ئەو خۆ دوور بگرن، هەروا نیشانەی جیاوازی هێناوە کە لەگەڵ هەموو سەردەمێکدا دەگونجێن تا ببن بە بەڵگە لە سەر ئەوانەی باوەڕ بەناوەڕۆکەکەی ناکەن.

ڕاستیە گەردوونیەکان یەکێکن لەو هۆکارانەی کە قورئانی پیرۆز بەکاریان دەبات، وەك نیشانەیەك بۆ پەرستنی ئەو زاتەی کە دابەزێنەری ئەو قورئانەیە کە هەموو لایەنەکانی عەقیدە، پەرستن، ڕێنمایی مرۆڤایەتی هەتا دیاردە گەردوونیەکانی لەخۆ گرتووە، کە دەتوانرێت بۆ ئاوەدانکردنەوەو چاکسازی زەوی سودیان لێوەربگیرێت.

قورئانی پیرۆز کاتێك لە دیاردە گەردوونیەکان دەدوێت، تەنها ئاماژەیان پێدەداتو بە درێژی لێیان نادوێت، چونکە ئامانجی گەورەی دابەزاندنی، ڕێنمایی خەڵکە بۆ پەرستنی خودای پەروەردگار، لەبەرئەوە کاتێك قورئانی پیرۆز باسی یەکێك لەو دیاردە بە چاو بینراوانە دەکات، لەگەڵیشیدا جگە لەو لایەنەی کە خەڵك دەتوانن بە چاو بیبینن، ڕاستیەك یان چەند ڕاستیەکیش باس دەکات، کە ڕەنگە بۆ بینەر، لەکاتی دابەزینی قورئاندا ئاشکرا نەبێت، بەڵکو دوای چەندین ساڵ مرۆڤ ئەو ڕاستیە شاراوانەی بۆ ئاشکرا دەبێت، ئەگەر بێتو بیربکاتەوە، تێبکۆشێتو تەواو لێیان وورد بێتەوە.

ڕەقێتی بەرد یەکێکە لەو دیاردە گەردوونیانەی کە مرۆڤ زۆر زوو دۆزیویەتەوەو بۆ دروستکردنی خانوو، هەڵکەندنی بیر، هارینی دانەوێڵەو چەند شتێکی تری سەرەتایی بەکاری هێناوە. بەڵام مرۆڤ تا کۆتایی سەدەی نۆزدەو سەرەتای سەدەی بیست ئەوەی نەزانیوە کەئەم دیاردەیە(ڕەقێتی بەردەکان) دەتوانرێت لە ڕووی چەندێتیەوە لێی بکۆڵرێتەوەو بەشێوەیەکی زۆر باشتر سوودی لێوەربگیرێت.

قورئانی پیرۆز دەرئەنجامی کۆتایی ئەو ژمێرە چەندیە (الحساب الكمی) باس دەکات، ئەویش دابەشکردنی بەردەکانە لە ڕووی ڕەقێتیەوە بۆ دوو بەشی سەرەکی:

یەکەم: ئەو بەردانەن کەلە زانستی میکانیکی بەردەکاندا بە بەردی قرچۆك(الحجاره التكسيريە Brittle rocks) ناسراون.

دووەم: ئەو بەردانەن کە بە بەردە جیڕەکان (الحجارة اللدائنية Ductile rocks) ناسراون.

لەم ووتارەدا لایەنی زانستی پەیوەندار بە ڕەقی بەردەکانەوە، لە ئایەتێکی سورەی (البقره)دا دەخەینە ڕوو، کە تیایدا خوای پەروەردگار نەوەی ئیسرائیل دەدوێنێت: (ثُمَّ قَسَتْ قُلُوبُكُم مِّن بَعْدِ ذَٰلِكَ فَهِيَ كَالْحِجَارَةِ أَوْ أَشَدُّ قَسْوَةً وَإِنَّ مِنَ الْحِجَارَةِ لَمَا يَتَفَجَّرُ مِنْهُ الأَنْهَارُ وَإِنَّ مِنْهَا لَمَا يَشَّقَّقُ فَيَخْرُجُ مِنْهُ الْمَآءُ وَإِنَّ مِنْهَا لَمَا يَهْبِطُ مِنْ خَشْيَةِ اللَّهِ وَمَا اللَّهُ بِغَافِلٍ عَمَّا تَعْمَلُونَ ) البقرة:٧٤.

پوختەی ڕاڤەی ئایەتە پیرۆزەکە: خوای پەروەردگار ڕەقیی دڵیان بیری نەوەی ئیسرائیل دەخاتەوە، لەگەڵ بینینی زۆر نیشانە کەچی ڕەقیی دڵیان ڕەقیی بەردی تێپەڕاندوە، کە بەرد لەگەڵ ڕەقێتێکەشیدا شتێکی باشتری بۆ مرۆڤ لێدێتە دەرەوە.

گوتراوە ئەو(أو)ی (أشد قسوه) کە، بە واتای (و) دێت و واتاکەی دەبێتە (وأشد قسوة)، وە گوتراویشە واتای(بل)ەو واتاکەی دەبێتە(بل أشد قسوه). واتاکەی هەرچییەك بێت (و) یان (بل)، لە ئایەتەکەدا قورئانی پیرۆز ڕەقیی مەعنەوی دڵەکان بە ڕەقیی ماددی بەردەکان، بەراوورد دەکات.

لەمیانەی ئایەتەکەشەوە بەهۆی واتا بەرهەستەکانەوە، واتا نا بەرهەستەکان لە عەقڵ نزیك دەخاتەوە. (ما)ی (لما) واتای (الذي)یە،

و واتاکـەی دەبێـتە (وان مـن الحجـارة الذي )، لـە فەرهەنگـی (المحیـط)ی فەیـروز ئابادیـدا هاتـووە (وانفجر الماء و تفجّر: سـال)، هەندێك ڕاڤەکاران(تفجـر) بۆ (الحجارة) دەگێڕنەوە، واتە بەردەکانن کـە دەتەقن (تتفجر) واتا بە فراوانی دەکرێنــەوە، ئاو بە هێنــدی زۆرو وەك ڕووبار لێیان دێتــە دەر، وە هەندێکی تر لــە ڕاڤەکاران (تفجر) بــۆ ڕووبــارەکان دەگێڕنــەوە، ئەو کات واتاکــە وای لێدێت: ئاوەکە دەتە قێت بە هێندی زۆرو بــە خێرایی لە بــەردەکان دێتــە دەرەوە، کــە بە هۆی ئەو پاڵنانــە زۆرەی ئاوەکەی ناویان دەکرێنەوە.

خوا خۆی زاناترینە بە مەبەستی ئایەتەکە، بەڵام هــەردوو ڕاڤەکە ڕاسـتن چونکـە؛ ئەگەر تەقینەکە(إنفجـار) کاری بەردەکە بێت ئەوا ئەو کردارە پەرچەکرداری ئەو پەستانە ناوخۆییە کە ئاوەکە لە ناو بەردەکەدا درووسـتی دەکات و بەردەکە دەکرێتەوە.

خۆ ئەگەر تەقینەکــە (إنفجار) کاری ئاوەکە بێت، ئەوا ئاوەکە خۆی لە بەردەکەوە دەتە قێت، واتە؛ لــە بەردەکە دێتە دەر دوای ئەوەی بووەتە هۆی کردنەوەی.

(وَإِنَّ مِنْهَـا لَمَـا يَشَّـقَّقُ فَيَخْرُجُ مِنْـهُ الْمَاءِ)، (يَشَّقَّقُ) بنچینەی (يتشـقق)ە، (ت)کە گۆڕاوە بۆ (ش) و لەگـەڵ (ش)ی دووەمـدا یەکـی گرتووە، وەزنەکەی(يفّعّل)ەو بنچینەکەشـی (يَتَفَعّل) کە دەمی ڕانەبردووی (تَفَعّل).

ئیـبن حەیيانــی ئەندەلووســی لە(البحــر المحیــط)دا واتــای تــەواوی ئەم بەشــەی ئایەتە پیرۆزەکــەی هێناوەو وای لێك داوەتەوە(هەندێك لە بەردەکان درزی گەورەیان تێدایە، ئاوی زۆریان لێ دێتە دەرەوە (وَإِنَّ مِنْهَا لَمَا يَشَّـقَّقُ فَيَخْرُجُ مِنْهُ الْمَاءِ) التشقق: واتە درز تێ بوون بە درێژی یا بە پانی، ئاوەکە بــە کەمی دێتەدەرەوە هەتا دەبێتە ڕووبار.

ڕازی لە تەفسیرەکەیدا ڕاڤەیەکی زانسـتی ئایەتە پیرۆزەکە دەکاتو دەڵێت: (دانایان دەڵێن: ڕووبــارەکان لــە هەڵمــی کۆبووەوەی نــاو زەوی درووســت دەبن، ئەگەر هاتــوو ڕووی زەوی نەرم (ڕخو) بوو ئەوا هەڵمەکــە لێك دەترازێتو جیا دەبێتەوە، بەڵام ئەگەر ڕووی زەوی ڕەقو بەردین بوو ئــەوا ئەو هەڵمانــە کۆدەبنــەوەو بەردەوام هەڵمی تریان دێتە ســەرو زۆر زیاد دەبنو لەبەر زۆریان زەویەکــە دەتەقێنــو وەك ڕووبار لێی دێنە دەرەوە).

ئەم ڕاڤەیە، ڕاڤەیەکی زانستی بەردەکانی لە خۆ گرتووە، لە ئایەتە پیرۆزەکەوە پۆلێنی زانستی ڕەقی بــەردەکان دەکات، کاتێــك دەڵێت: (ئەگەر هاتــوو ڕووی زەویەکە نەرم بوو) یاخوود(ئەگەر هاتوو زەویەکە ڕەق بوو) ئەم ڕایەی پێشەوا ڕازی لە ڕا پێشــەنگە زانســتیەکانە کــە هەڵێنجراوی ئایەتەکەیە.

## ڕەقی بەرد لە زانستی میکانیکی بەردەکاندا

لێکۆڵینەوە لە بەردەکان لە زانستی میکانیکی بەردەکانــدا(Rock Mechanics)، گرنگیەکی گەورەی هەیە ئەمەش لە جێبەجێکردنی پرۆژە گەورەکانی وەك: کارگەکان، پردەکان، بەنداوەکانو باڵەخانە گەورەکاندا دەردەکەوێت.

ڕەقی بەردەکانیش بە هاوکێشەی بیرکاریانەو وێنــەی بەیانی دەر دەبڕێت کە زۆرێك لە گۆڕاوە بیرکاریەکان لە خۆدەگرێتو تاقیکردنەوەی زۆری لەسەر کراوە.

ڕەنگــە باشــترین دەربرینێــك بــۆ ڕەقــی بــەردەکان لەرووی چەندێتیــەوە، ئەوە بێت کە لە زانســتی میکانیکی بەردەکانــدا بە(پێوەندی پەســتاوتنو وەڵام دانــەوە) (Stress- Strain Relationship) ناودەبرێت.

ئــەم پێوەندیــە مــەودا چۆنیەتــی وەڵام دانەوەی بەردەکان بۆ ئەو پەســتانەی ســەریان ڕوون دەکاتەوە، لە کاتێکدا بەردەکان لە سروشتدا تووشی چەندین جۆر پەستاوتن دەبنەوە ئەویش لــە ئەنجامــی ئــەو پەســتانو ڕاکێشــانەی کە سەرچاوەکەیان یان دەرەکیە وەك: قورسایی ئەو بەردانەی کە دەکەوێتە سەریان یا ئەو ڕاکێشانەی کــە بەهۆی جوولــەی توێکڵی زەویەوە دروســت دەبێت.

یاخــود پەســتاوتنەکە ناوەکیــە وەك: ئەو پەســتانەی لە ئەنجامی چوونە ژوورەوەی ئاو یا ڕۆن یا گــاز بۆ ناو ئەو کونیلانەی لە بەردەکاندا هەن دروست دەبێت.

وە ئەو پەستاوتنەش کە بەردەکان دووچاری دەبن بەهێزن یا لاوازن، خێران یا هێواشــن، یەك ئاراستەن یاخود چەند ئاراستەن.

ئەنجامــی کۆتایــی ئــەو پەســتاوتنەش وەڵامدانەوەی بەردەکانــە(Strain) بە ڕوودانی گۆڕانکاری لــە قەبارە یان شــێوەیاندا کە ڕەنگە بــە درز بــردن یــا شــکانیان کۆتایی بێــت، وە وەڵامدانــەوەی بەردەکانیش بــۆ پەســتاوتنی ســەریان لەگەڵ جۆری بەردەکــەو ئەو دۆخەی تێیدایە دەگۆڕێت. پلەی گەرمی، بری پەســتانی ســەر بەردەکانو بری پەستانی شــلەمەنیەکانی ناویان گرنگترین ئەو دۆخە فیزیاویانەن.

زانایان لــە لایەنــی میکانیکیەوە بــە پێی وەڵامدانەوەیــان بۆ ئــەو پەســتانەی دەکەوێتە ســەریان بــەردەکان بــۆ دوو جــۆری نموونەیی دابەشدەکەن.

جۆری یەکەم کە تیایدا پێوەندی پەستاوتن و وەڵامدانەوەی بەردەکان پێوەندیەکی ڕاســتەوانە دەبێت، بە جۆرێك لەگەڵ زیاد بوونی پەساوتندا، وەڵامدانــەوەی بەردەکانیش بۆو پەســتانە بە گۆڕانــی قەبارە و شــێوەیان ، زیاد دەکات. لەگەڵ نەمانی پەستاوتنەکەشدا گۆڕانی قەبارە و شێوەی بەردەکانیش نامێنێت.




لــەم جۆرەدا، ئەگەر بێتــو گۆڕانەکان بگەنە ٣-٥٪ ی قەبــارە و شــێوەی بنچینەیی بەردەکان، ئــەوا پێوەندیەکە (پەســتاوتن و وەڵامدانەوەی بــەردەکان) بــە درزبردن یا شــکانی بــەردەکان کۆتایــی دێت، بەمجــۆرە بەردانــەش دەوترێت بەردە فرچۆکەکان (Brittle rocks).

جۆری دووەمی بــەردەکان: تیایدا، بەهەمان شــێوەی جۆری یەکــەم، پێوەندی پەســتاوتنو وەڵامدانەوەی بەردەکان، پێوەندیەکی ڕاستەوانە دەبێــت هەتــا دەگاتە ئاســتی جیــری(Elastic Limit)، لێــرەوە پێوەندیەکــە شــێوەیەکی تر وەردەگرێت کــە تیایدا بە زیاتــر وەڵامدانەوەی بەردەکــە بۆ هەمــان بری مانــدوو کردنی پێش ئەم ئاســتە جیادەکرێتەوە، بە جۆرێك بۆ برێکی کەمی ماندوو کردن(پەستاوتن) گۆڕانی گەورە لە قەبارەو شێوەی بەردەکەدا ڕوودەداتو لێرەوە بە لابردنی هۆکاری پەســتاوتنەکە گۆڕانی قەبارەو شێوەی بەردەکە لاناچێت.

لەمجــۆرەدا بەردەکــە درز نابات و ناشــکێت هەتــا گۆڕانــەکان نەگەنە(٥ – ١٠ ٪) ی شــێوەو قەباری بنەڕەتی بەردەکە، ئەم جۆرەش بەبەردە جیرەکان(Ductile Rocks) ناسراون.

ئەم دابەشــکردنەش دابەشــکردنێکی گشتی بەردەکانــە لــە ڕووی ڕەقیتیــەوە (Rock stiffness)، بــەڵام ئەمــەش کۆتا دابەشــکردن نیە لەبــەر ئەوەی ئاســتێکی جیاکــەرەوە (حد فاصل) لە نێوان ئەو دوو جۆرەدا نییە و بەردێك ڕەقێتیەکەی دەگۆڕێت بە گوێرەی ئەو دۆخانەی کــە بەردێکی تێدایە لــە کاتــی ماندووکردن یا پەستان خستنە سەریدا.



جۆرج ئێچ. دیفز دەڵێت: (پێوانی هێزی بەردێك هیچ گرنگ نیە، ئەگەر ئەو بارانەی کە تیایاندا پەستان دەخرێتە سەر بەردەکە نەزانراو بن. هەروا دابەشکردنی بەردەکان بۆ قرچۆك و جیرەکان، هیچ گرنگیەکی ئەوتۆی نیە، ئەگەر ئەو دۆخانەی کە تیایاندا پەستان دەخرێتە سەریان نەزانراو بن).

## لایەنە زانستیە ئیعجازیەکان لە قورئانی پیرۆزدا

کاتێك پەروەردگار دەفەرموێت: (ثُمَّ قَسَتْ قُلُوبُكُم مِّن بَعْدِ ذَلِكَ فَهِىَ كَالْحِجَارَةِ أَوْ أَشَدُّ قَسْوَةً وَإِنَّ مِنَ الْحِجَارَةِ لَمَا يَتَفَجَّرُ مِنْهُ الأَنْهَارُ وَإِنَّ مِنْهَا لَمَا يَشَّقَّقُ فَيَخْرُجُ مِنْهُ الْمَآءُ وَإِنَّ مِنْهَا لَمَا يَهْبِطُ مِنْ خَشْيَةِ اللَّهِ وَمَا اللَّهُ بِغَافِلٍ عَمَّا تَعْمَلُونَ) البقرة:٧٤.

ڕەقیی دڵی نەوەی ئیسرائیل بەشتێکی بەرجەستە دەچوێنێت، ئەویش بەردە، ئینجا باسکردنی ئەوەی ئەوان لە بەردەکان دڵڕەقترن، ئاماژە بۆ جیاوازی بەردەکان لەڕووی ڕەقیەوە دەکات، تا بزانرێت دڵەکانیان لە ڕەقترین بەرد ڕەقترن. هەروەها لە کاتی دووان لەو شتە بەرجەستانە، هەندێك لایەنی ئیعجازی دەردەکەوێت، تا ببێتە پێشدەستی قورئانی پیرۆز لە ئاماژەدان بەو دیاردە زانستیە.



هەموو ئەو لایەنە ئیعجازیانەش پێکەوەو بێ جیاکردنەوە هاتوون تا بواری بیرکەدنەوە بەکراوەیی بمێنێتەوەو هەلی دەرخستنی ڕاستیەکان بۆ هەموو کەس یەکسان بێت.



## لایەنی ئیعجازیی یەکەم لە ئایەتە پیرۆزەکەدا )

(لە گەڵ باسکردنی ڕەقی بەردەکاندا، ئایەتە پیرۆزەکە، یەکێك لە دۆخە زۆر کاریگەریەکانی سەریشی لە لە گەڵدا باس دەکات، ئەویش بوونی ئاو، بری ڕێژەیی پەستانەکەی لە ناو بەردەکەدا و پێدا ڕۆیشتنی بەردەکەن (نفاذ).

لە پەرتووکی (مدخل الى تركيب الارض) Edgar W.Spencer دەڵێت: (هەتا پەستانی ناو بەردەکان زیاتر بێت ئەوا بەردەکان لاوازتر دەبنو زۆرتر دووچاری شکان دەبن، (سبنسەر) مەرج دادەنێت بۆ ئەم کاریگەریەو دەڵێت: ڕۆیشتنی زۆری ڕێژەیی بەردەکان بۆ ئاو، بە مەرج دادەنێت، بەجۆرێك کە ئەو پێداڕۆیشتنە، ڕێ بە دابەشبوونێکی وەك یەکی پەستان، لەسەر بەشە جیاوازەکانی بەردەکان بدات. ئەو مەرجەش واتە؛ دەبێت بەردەکە بە ئاسانی ڕێ بە پێدا ڕۆیشتنی ئاوەکەی ناوی بدات، بە جۆرێك ئاوەکە بتوانێت بەبەردەکەدا گوزەر بکات یاخود بە تێکرایەکی ڕێژەیی زۆر لێوەی دەرپەڕێت یا هەڵقوڵێت.

کەواتە لێرەدا پێوەندیەك لە نێوان پەستانی ئاوی بەدەستهاتوو لەو ئاوەی کە لەوانەیە لە بەردەکەوە هەڵقوڵێت و توانای بەردەکە بۆ شکان هەیە، وە ئەم ڕاستیەش کە لێکۆڵراوەتەوە و سەلماوە لە تاقیگەکاندا، قورئانی پیرۆز بە ڕوونی باسی کردووە کاتێك دەفەرموێت: (وَإِنَّ مِنَ الْحِجَارَةِ لَمَا يَتَفَجَّرُ مِنْهُ الأَنْهَارُ) البقرة:٧٤. لە ووتەی (يَتَفَجَّرُ)دا دوو ئاماژە هەیە.

- ❖ بوونی ئاوە لەژێر پەستانی بەرزو لە ناو بەردەکاندا.
- ❖ دووچار بوونی بەردەکان بە شکان نەك درزبردن، ئەوەش بەهۆی پەستانە بەرزەکەوە،

لەکاتێکدا ووشەی (تفجر) بەنیسبەت (تحجر)وە واتە هەڵوەشانێکی کتوپڕی بەهێز، بەڵام ووشەی (الأَنْهَارُ) ئاماژەیە بۆ زۆری ئەو ئاوەی لەم جۆرە بەردانە دەردەچن هەروا بۆ پێداڕۆیی بەردەکان، لەم لایەنە ئیعجازیەشدا پێوەندیەکی پتەوی نێوان توانای بەردەکان بۆ شکان، پەستانی بەرزی ئاوەکەی ناویان و پێداڕۆیی بەردەکان دەردەکەوێت.

**لایەنی ئیعجازی دووەم:** وەسفێکی ووردی جۆری بەردەکانە لە فەرموودەی پەروەردگاردا (وَإِنَّ مِنْهَا لَمَا يَشَّقَّقُ فَيَخْرُجُ مِنْهُ الْمَآءُ)، ئەم وەسفەش لەسەر بنەمای جیاوازی بەردەکانە لە ڕەقیاندا، بەهۆکاری تری وەك پێکهاتەی کیمیاوی بەردەکانەوە پەیوەستە، لەم بارەشدا پێوەندیەك لەنێوەن ڕەقی بەردەکانو ئەو پەستانە کەمەی ئاوەکەی ناویانەوە هەیە.

(سپنسر) وەسفی ئەو پەیوەندیە دەکاتو دەڵێت: لە ژێر کاریگەری ئەو پەستانە کەمەی ئاوی ناو بەردەکەدا، هێزی یەکتر ڕاکێشانی دەنکۆڵە بچوکەکانی بەردەکە زۆر کەمدەبێتەوەو وورده ووردە بەردەکە دەست دەکات بە درز بردن لەو شوێنانەدا کە پەیوەندی نێوان دەنکۆڵەکانی پێکهێنەری بەردەکە، دەنکۆڵەکان جیا دەبنەوەو لە یەکتر دوور دەکەونەوە، بێئەوەی دەنکۆڵەکان خۆیان بشکێن، لەگەڵ ئەو درز بردنەشدا زیادەیەکی بەردەوام لە قەبارەی بەردەکەدا درووست دەبێت، لەمبارەشدا دەیکات بە جۆری جیر(Ductile rocks) ئاوەکە لە نێوان درزەکانەوە بە هێواشی دێتە دەرەوە چونکە پەستانی نێو بەردەکە بەهێز نیە، هاتنە دەرەوەکەش بە بری کەم دەبێت ئەمەش لەبەر بچوکی درزەکان.

ئەو وەسفە زانستیەی ڕەقی بەردەکانو پێوەندیان بە بری ڕێژەیی پەستانی ئاوەکەی ناویانو تێکرای هاتنە دەرەوەیان لە بەردەکانەوە، قورئان هەمووی بە شێوەیەکی تەواوو زۆر وورد لە چەند ووشەیەکدا باسکردوون (وَإِنَّ مِنْهَا لَمَا يَشَّقَّقُ فَيَخْرُجُ مِنْهُ الْمَآءُ). بەووتەی (وَإِنَّ مِنْهَا) دەست پێ دەکات، واتە: (بەردەکان جودا لەو جۆرەی لەبەشی یەکەمی ئایەتەکەدا باس کراوە.



جۆری تریشیان هەیە)، (لَمَا يَشَّقَّقُ) واتە کاتێك دەتەقێت و درزی تێ دەبێت، لێرەدا (يشقق)، (گوێڕایەڵی بەردەکە دەگەیەنێت)، واتە بەردەکە شکا بەهۆی پەستانی ئاوەکەی ناویەوە، (فيخرج) واتە دێتە دەر بەهێواشی، چونکە (يخرج) لە ئایەتەکەدا بەرانبەر ووشەی (يتفجر) هاتووە لەبەشی پێشووی ئایەتەکەدا، کە ئەویش ئاماژەیە لە هاتنە دەرەوە بە گورو هێز. ئنجا ووتەی (الماء) ئاماژەیە بۆ ئەو ئاوەی کە لەمجۆرە بەردانە دێتە دەرەوە، برێکی کەمە، ئەوەش لە بەرانبەر ووشەی (الأَنْهَارُ) وە لە بەشە پێشوەکەی ئایەتەکەدا دێت، ئەویش ئاماژەیە بۆ ئاوێکی زۆر.

سێهەم ڕووی ئیعجازیی ئایەتەکە لایەنێکی زانستیە، وە لە هەمان کاتدا ئاماژەیەکی ئیعجازی زمانەوانیشی تێدایەو ئەویش لە ووتەی: (وَإِنَّ مِنَ الْحِجَارَةِ) (وَإِنَّ مِنْهَا) دا دەردەکەوێت، لە کاتێکدا

لـەو دوو برگەیـەی ئایەتەکەدا ئامـاژە بۆ هەندێتی (تبعیض) کراوە، واتـە ئەو دوو جۆرە لـە بەرد کە بەسکران، تەنها نموونەن و هیچی تر.



لێـرەوە دەتوانرێت ئـەوە هەڵبهێنجرێت کە دەتوانرێت بووترێت کە بەردەکان چەندین جۆرن، بـە لەبەرچاوگرتنی ئەو دۆخـە جیاوازانەی کە بەردەکان تیایاندا دووچاری ماندووکردن دەبن.

**پوختە:**

ئەم ئایەتە پیرۆزە کە لە نێو چەند ئایەتێکدا دێت لە حاڵی نەوەی ئیسرائیل و دڵرەقیان دەدوێت، هەرچەند خـوداى گەورە یـادی نیعمەتەکانیان دەخاتەوە، ئینجا ئایەتەکـە پەیوەندی لە نێوان رەقی دڵەکان و بـری ئەو ئیمانەی کە تێیاندایەو جواندنیـان بـە نموونەیەکی مـادی کە مرۆڤ دەتوانێت لە هەموو کاتو شـوێنیکدا ببینێتو تێبینی بکات، لە بەر ئەوەش بە جواندنی دڵەکان بەو بەردانەی کە پلەی رەقێتیەکانیان جیاوازن بە گوێرەی بری ئەو ئـاوەی تێیاندایە، دڵ وە بەرد وایەو ئیمان باشترین شـتێکە کە دڵ تێیدابێتو بەهۆیەوە نەرم بێت، لەم وەسـفە تەواو وردەدا بانگەوازێکـی بـۆ هەمـوو ئەوانـە تێدایـە کە گوێبیستی ئایەتەکە دەبن تا لە دڵەکانیان بروانن‌و پلەی ئیمان تێیدا بپێون بە بری ئەو رقیەی کەلە دڵەکانیاندایە، ئینجا کار بـۆ زیادکردنی ئیمان تێیدا بـکات هەرکاتێك تێبینی زیاد بوونی رەقی دڵی کرد، هەروەها بانگەوازیشـی بۆ بێ ئیمانان تێدایە تا لەو دیـاردە گەردوونیە بروانن‌و بیری لێبکەنەوەو ئیمان بەخوای پەروەردگاری بێهاوتا بهێنن.

**پۆزش:**

بـە نـاوی سـتافی گۆڤـاری هەیڤـەوە داوای لێبـوردن لـە بەرێز(د. جـەلال حمە صالح بۆسـکانی) نوسـەری بابەتی (رووەکە پزیشـکیەکان لـە قورئـانو سـوننەتدا) و خوێنەرانـی بەرێـزی گۆڤارەکەمان دەکەین کەلەبـەر چەنـد هۆیەکی هونەری بەشـی دووەمـی بابەتەکـەی بـۆ ژمـارەی داهاتوو دواکەوت.




# کات چییە؟

**نوسەر: د.هـ. محمد**

زۆر جـار، بێ وەڵام، ئەم پرسـیارە بە مێشـکی هەندێکماندا دێت و دەروات، لە سـەدەی بیستەمداو پـاش دانانی بـیردۆزی رێژەیـی تایبـەت (النظرية النسـبية الخاصة) لە لایەن زانای ئەڵمانی (ئەلبێرت ئەنشـتاین)ەوە، وەرچەرخانێکـی گەورە سـەبارەت بە تێگەیشـتنمان بـۆ کات رویدا... ئـەم بیردۆزە کە لەیەکێـك لە برگەکانیـدا باس لە کـورت بونەوە و چونەوەیەکی کات (تقلص الزمن) دەکات بۆ تەنێك کە بە خێراییەکی یەکجـار زۆری نزیك خێرایی روناکی بە تاودانێکی رێك بـروات، واتە باس لەوە دەکات کە کات شتێکی رێژەیی (نسبي)ە و رەها (مطلق) نیە، بە واتایەکی تر کات لە سیستەمێکەوە بۆ سیستەمێکی تر لە ناوهەمان ئەم گەردونەدا دەگۆڕێت.

بـۆ تێگەیشـتنی ئەمـەش دەڵێین. ئەگـەر، بۆ نمونە، پیاوێك سـواری موشـەکێکی ئاسـمانی بێت کە خێراییەکـەی زۆر لە خێرایـی روناکیەوە نزیك بێت(خێرایی روناکی نزیکەی ۳۰۰,۰۰۰ کم/ چرکە)، وە ئەو پیاوە گەشـتێك بە ئاسماندا بۆ ماوەی مانگێك بکات، وە پاشان بگەرێتـەوە سـەر زەوی، دەبینێت منداڵەکـەی کە تەمەنی تەنها دوو سـاڵ بوو لەکاتی دەرچونـی موشـەکەکەی ئەمـدا بۆ ئاسـمان، پاش گەرانەوەی ئەم لە گەشـتە یەك مانگیەکەی تەمەنی منداڵەکەی بووە بە(۱۰) ساڵ !!




هەرچەندە، ئەم شتە سەیرو نا ئاساییە، لە کاتی بڵاوکردنەوەی ئەم بیردۆزەدا لە لایەن ئەنیشتاینەوە لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا، لە لایەن زۆربەی زانا فیزیاییەکانی ئەو سەردەمەوە جێی بەرهەڵستیەکی زۆر بوو، بەڵام پاشـان بەهۆی هەندێك تەکنۆلۆجیای نوێوە، کە لە تاقیگـە فیزیاییە گەورەکاندا بەکارهات و تیایـدا هەندێـك تاقیکردنەوە لەسـەر گەردیلەی هایدرۆجین و هەروەها تاقیکردنەوە لەسـەر تەمەنی یەکجار کورتی میزۆنەکان کـرا، (ئەم تاقیکردنەوانە بابەتێکی دوورودرێژە و لێرەدا بواری باسکردنیان نیە) راستیی بۆچونەکەی ئەنیشتاینیان دەربارەی رێژەیی کات سەلماند...

ئێسـتاش با لـە هەندێك لەئایەتـە پیرۆزەکانی قورئان بروانین‌و، بزانـین ئایا لە قورئاندا کات چۆن باس کراوە.

شـتێك کە زۆر بە رونی لە قورئانی پیرۆزدا باس کـراوە بریتی یە لە رێژەیی و جیاواز بوونی کات، هەر وەکو خوای گەورە دەفەرموێت: (يُدَبِّرُ الْأَمْرَ مِنَ السَّمَاءِ إِلَى الْأَرْضِ ثُمَّ يَعْرُجُ إِلَيْهِ فِي يَوْمٍ كَانَ مِقْدَارُهُ أَلْفَ سَنَةٍ مِّمَّا تَعُدُّونَ)(السـجدة:٥) وە هەروەها کە باسی رۆژی دوایی دەکات دەفەرموێت: (تَعْرُجُ الْمَلَائِكَةُ وَالرُّوحُ إِلَيْهِ فِي يَوْمٍ كَانَ مِقْدَارُهُ خَمْسِـينَ أَلْفَ سَنَةٍ)(المعارج:٤)، وە هەروەها هەردوو رووداوی معجزە ئامێزی (إسراو و معراج) شەو رەوی‌و بەرز بونـەوەی پێغەمبەر محمد(درودی خوای لەسەر بێت) بۆ ئاسـمان، وە هەروەها بەرزکردنەوەی پێغەمبەر عیسـی (درودی خوای لەسـەر بێت) بۆلای خودا بە ئاشکرا و پاشـان گەرانەوەی بۆ سـەرزەوی پێـش رۆژی دوایی، رێژەیی بوونی کات دەسـەلمێنن‌و پیشـانی دەدەن کـە قورئانی پیرۆز لە خـوای گەورەوە باڵا دەستەوە سەرچاوەی گرتوە و، ناگونجێت کە زیاتر لە ۱۴۰۰ ساڵ لەمەوبەروە شـتێکی وا سەیرو نا ئاسایی لەلایەن مرۆڤەوە هەستی پێ بکرێت !!

ئێمـە ئەمـرۆ دەزانـین کـە کات بریتـی یەلە دووری(بعـد) ی چـوارەم و شـتێکە لەگـەڵ مـادەدە شـوێندا جیانـاکرێتەوە، هەروەکو چۆن ئێمە ناتوانین تەنێك ببێنین درێژیەکەی لە پانی و بەرزیەکەی جیا بکەینەوە بەهەمان شـێوش هەموو تەنێك بەکاتەوە بەندە و لێـی جیا ناکرێتەوە. بـەڵام هەروەکو چۆن باسـمان کرد کە بری کات شـتێکی رێژەیی(نسبي)و گـۆراوە، دیسـان رابردوو ئێسـتا و داهـاتوی کاتیش شـتێکی رێژەییـە و لـە کاتێکـەوە بـۆ یەکێکی تر جیاوازە، واتە دەشـێت رووداوێك لای کەسـێك لەکاتی ئێسـتادا روبدات، بەڵام کەسـێکی تر هەمان رودواو لە داهاتودا ببینێت، بۆ نمونە گریمان کەسـێك لەسـەر روی خۆرەوە تەقینەوەیەکی گەورەی سـەر روی خۆر دەبینێت، هەمان تەقینەوە کەسـێکی سەر روی زەوی پـاش زیاتر لە(۸) خولەك تێبینی دەکات، کەواتە ئەو رووداوەی کە بینەرەکەی سەر روی زەوی بە رووداوێکی ئێسـتا (حاضر) دەیبینێت، بە نیسـبەت بینەرەکەی سەر روی خۆرەوە رووداوێکی رابردووە.

لـە کۆمەڵـە ئایەتێکـی زۆردا، قورئانـی پیرۆز، ئاماژەی بەم راسـتیە کردوە بۆ نمونـە دەفەرموێت: (ووجدوا مـا عملوا حاضرا)، (وأدخـل الذين آمنوا و عملوا الصالحات الجنة)، ( و يصنع الفلك ...)

لە کۆتایی ئەم باسەدا ئەڵێین (فبأي حديث بعده يؤمنون)

# موعجیزەیەکی لەبیرکراو.... خۆر
# «وَ النَّهارِ إِذا جَلَّاهَا»



جەمال موحەمەد ئەمین

ئەو ئایەتە پیرۆزەی سەرەوە باس لە نزیکترین ئەستێرە دەکات لێمانەوە، کە ئەویش خۆرە و خوای بالادەست یەك سورەتی تەواوی بە ناوی ئەو ئەستێرەیەوە ناوناوە ، لە سەرەتای ئەو سورەتەدا سوێند بەو خۆرە دەخوات وبەو سوێندە سورەتەکە دەست پێدەکات و چوار جار ناوی دەهێنێت ...ئەو خۆرەی کە سەرچاوەی گەرمی و رووناکی و ژیان و ژیارە لەسەر زەوی، هەر بۆیە خوای گەورە وا بە گرنگیەوە سوێندی پێدەخوات و باسی دەکات، وەك دەفەرموویێت:

{وَالشَّمْسِ وَضُحَاهَا} {وَالْقَمَرِ إِذَا تَلاَهَا} {وَالنَّهَارِ إِذَا جَلَّاهَا} {وَاللَّيْلِ إِذَا يَغْشَاهَا} [سُورَةُ الشَّمْسِ : ١- ٤].

پێش ئەوەی بچینە سەر مەبەستی ئایەتەکان و دەرخستنی رووی ئیعجازی زانستی تێیاندا حەز دەکەم کە خوێنەری خۆشەویست لەوە ئاگاداربکەم کە لەم بابەتەدا ووشەی (رۆژ) لە بەرامبەر دوو ووشەی عەرەبی (النهار و الیوم) دا بەکار هێنراوە، بەلام ووشەی (خۆر) لە بەرامبەر (الشمس)ی عەرەبیدا بەکارهێنراوە.

مەبەست لەو ئایەتانە ئاگادار کردنەوەی مرۆڤەکانە لەو ئەستێرە نزیکەی لێیانەوە، کە سەرچاوەی ژیانیانە و هەر لەو ئەستێرەیەدا زۆر بە روونی و ئاشکرایی بە دەیان و سەدان نیشانەی دەسەلات و توانایی خوای بەدیهێنەری تێدا دەردەکەوێت، هەروەك روونی و ئاشکرایی خۆر خۆی . هەر لەو سورەتەدا باس لەوە کراوە، کە خۆشبەختی و کامەرانی و سەرفرازی هەردوو دونیا، بەوە دەبێت کە بە دوای ئەو نیشانەو بەڵگانەدا بگەرێین کە توانا و دەسەلاتی خوا دەردەخەن، تا بگەینە ناسینی تەواوی ئەو بەدیهێنەرە و ئینجا پەرستنی بە مانای تەواوی پەرستن و ئامادەبوون بۆ رۆژی دوایی ،و بەدبەختی و چارەرەشی لەوەدایە کە خۆ گێل بکرێت لەو بەدیهێنەرە بە دەسەلاتە ،ئەوانە تەوەری ئەو سورەتەن.

پێویستە بزانین کە سەرەتا لە مانای هەردوو ووشەی (النهار) و (جلاها) لە روی زمانەوانیەوە تێبگەین، (النهار) واتە رۆژ کە پێچەوانەکەی شەوە و لە رووی زمانەوانیەوە نیوەی رۆژێکی تەواوە کە تیایدا خۆر بە ئاسمانەوە دەبێت و هەر لە خۆرهەلاتنەوە (کازیوە) دەست پێدەکات تا خۆرئاوابوون و، لە رووی شەرعیشەوە رۆژ لە گزنگەوە (الفجر) دەست پێدەکات تا خۆرئاوابوون، هەروەها ووشەی (النهار) وەك ووشەی تر لە زمانی عەرەبیدا کۆناکرێنەوە هەروەك هەندێك ووشەی دیکە بە هەمان شێوە ئەوانیش کۆناکرێنەوە وەك (العذاب ، السراب)، هەرچەندە کەمێك دەڵێن کە ووشەکە کۆدەکرێتەوە بەلام ئەوانە زۆر کەمن. دەوترێت ( أنْهَرْ) کردارە و بە مانای رۆژی کردەوە و (أنْهَرَ) بۆ ئاو بەمانای ئاوەکە رۆیشت و (النَهَر) بە مانای رووبار دێت کە کۆی وشەکە بریتیە لە (الأنهار). خوای بالا دەست دەفەرموێت:

(إِنَّ الْمُتَّقِـَين فِـي جَنَّاتٍ وَنَهَـرٍ) (القمر ٥٤)

لێرەدا (نَهَر) بە مانای رووناکی و فراوانیش دێت. هەروەها لە زمانی عەرەبیدا (جلا، یجلو، جلاء) بە مانای ئاشکراکردن یان دەرخستن دێت و (الجلی) دژی هەموو شتێکی شاراوەیە، و دەوترێت (جلا الخبر) واتە هەواڵەکەی ئاشکرا و روونکردەوە و (الجلیة) بە مانای هەواڵی تەواو راستە و دەوترێت (انجلی الهم) بە مانای خەمی رەویەوە و یان (جلا السیف) بە مانای شیرەکەی تیژ کردەوە هەروەها دەوترێت (جلا بصره بالکحل) واتە چاوی بە کل رشت بۆیە هەندێك جار بە کل دەوترێت (الجلاء)، ولەوانەیە (التجلی) بە خود (ذات) بێت وەك دەفەرموێت (والنهار اذا تجلی) و یان بە فەرمان و کردار دەبێت وەك دەفەرموێت (...فَلَمَّا تَجَلَّى رَبُّهُ لِلْجَبَلِ جَعَلَهُ دَكّاً وَخَرَّ موسَى صَعِقاً فَلَمَّا أَفَاقَ قَالَ سُبْحَانَكَ تُبْتُ إِلَيْكَ وَأَنَاْ أَوَّلُ الْمُؤْمِنِينَ} الأعراف١٤٣

.. یان دەوترێت (جلا العروس) و یان (یجلوها، جلاو، اجتلاها، جلوه) کە هەمووی بە مانای سەیری کرد دێت.

و دەوترێت (فلان ابن جلا) واتە فلأن کەس کوری کەسێکی بە ناوبانگە، هەروەها (الجلاء) بە مانای روونی و ئاشکرایی و بە مانای دەرچوون لە شارێکیش دێت.

ووتەی راڤەکاران : لە راڤەی ئایەتی (والنهار اذا جلاها) ئیبن کەسیر دەفەرمووێت [موجاهید دەلێت (انارها) واتە رووناکی کردەوە] و قەتادە دەلێت کاتێك رۆژ دایدەپۆشێت و هەندێکی تریان دەلێن کاتێك خۆر تاریکی دەرەوێنێتەوە و ئاشکرای دەکات و یان لە راڤەی (الجلالین)دا هاتوە بەبەرزبوونەوەی خۆر دەردەکەوێت. هەروەها خاوەنی (فی ظلال) دەفەرمویێت [خوا سوێند بە چێشتەنگاو دەخوات کە ئەویش هەموو رۆژ نیە بەڵکو بەشێکە لە رۆژ و راناوی (ها) لە ئایەتەکەدا دەگەرێتەوە بۆ خۆر بەلام شێوازی گوتار و ئاخاوتن لە قورئاندا شێوازێکی نەرمە و زۆر جار شاراوەیە یانی وەك ئەوەی بیەوێت بلێت ئەو خۆرە گرنگەی بەسەرتانەوەیە و ئێوە هەموو جوانی و سودەکانیتان لە بیرچۆتەوە بەهۆی زۆر بەردەوامی لە بەر چاوتاندا و راهاتنی زۆری لەگەڵماندا وا من بیرتان دەخەمەوە کە ئەو خۆرە چەند گرنگ و گەورەیە]، هەروەها تەفسیرەکانی تری قورئان لە تەفسیری ئەو ئایەتەدا زۆربەیان دەڵێن کە رۆژ تاریکیەکە رووناك دەکاتەوە و نایهێڵێت . کورتەی گوتار ئەوەیە کە زۆربەی راڤەکاران لە مانای ئەو ئایەتەدا دەگەرێنەوە بۆ لای خوای بەدیهێنەر و دەڵێن ( والله اعلم).

«النهار» لە قورئاندا: ووشەی «النهار» لە بەرامبەر «اللیل» واتە شەو لە قورئانی پیرۆزدا ٥٧ جار هاتوە کە لە ٥٤ یاندا ووشەی «النهار» هاتوە و لە سیانیاندا بە ووشەی «نهارا» هاتوە،هەروەها ووشەکانی وەك (الصبح و الاصباح و بکرة و الفلق والضحی) و لێوەرگیراوەکانی تری بە مانای النهار یان بەشێك لە النهار هاتوون و هەندێك جاریش ووشەی الیوم بە مانای النهار هاتوە بۆ نمونە:

{قَالَ مَوْعِدُكُمْ يَوْمُ الزِّينَةِ وَأَن يُحْشَرَ النَّاسُ ضُحًى} طه٥٩

{يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِذَا نُودِي لِلصَّلَاةِ مِن يَوْمِ الْجُمُعَةِ فَاسْعَوْا إِلَى ذِكْرِ اللَّهِ وَذَرُوا الْبَيْعَ ذَلِكُمْ خَيْرٌ لَّكُمْ إِن كُنتُمْ تَعْلَمُونَ} الجمعة٩، {فَعَقَرُوهَا فَقَالَ تَمَتَّعُواْ فِي دَارِكُمْ ثَلاَثَةَ أَيَّامٍ ذَلِكَ وَعْدٌ غَيْرُ مَكْذُوبٍ} هود٦٥، {وَجَعَلْنَا بَيْنَهُمْ وَبَيْنَ الْقُرَى الَّتِي بَارَكْنَا فِيهَا قُرًى ظَاهِرَةً وَقَدَّرْنَا فِيهَا السَّيْرَ سِيرُوا فِيهَا لَيَالِيَ وَأَيَّاماً آمِنِينَ} سبأ١٨، {وَأَقِمِ الصَّلاَةَ طَرَفَيِ النَّهَارِ وَزُلَفاً مِّنَ اللَّيْلِ إِنَّ الْحَسَنَاتِ يُذْهِبْنَ السَّـيِّئَاتِ ذَلِكَ ذِكْرَى لِلذَّاكِرِينَ} هود١١٤.... زۆر ئایەتی دیکە.

ئایەتەکان لە رووی زانستیەوە: لە چوار ئایەتی یەکەمی سورەتی الشمس دا خوای گەورە دەفەرمویێت: {وَالشَّمْسِ وَضُحَاهَا} {وَالْقَمَرِ إِذَا تَلَاهَا} {وَالنَّهَارِ إِذَا جَلَّاهَا} {وَاللَّيْلِ إِذَا يَغْشَاهَا} [سُورَةُ الشَّمْسِ: ١- ٤]، لەو ئایەتانەدا راناوی (ها) بۆ خۆر (الشمس) دەگەرێتەوە، و یان لە هەندێك لە راڤەکاندا ئەو راناوە دەگێرنەوە بۆ تاریکی (الظلمة) یان زەوی، بە هەرحاڵ لێرەدا پرسیار ئەوەیە کە چۆن النهار (رۆژ) خۆر وەدەر دەخات؟!

لە سەرەتای شەستەکانی سەدەی رابوردوودا چالاکی گەشتە فەزاییەکان دەستیپێکرد و ئەو زانایانە تووشی شۆك بوون کاتێك بینیان کە بەشی زۆری گەردوون بە تاریکاییەکی زۆر توند و نونەك داپۆشراوە و چینی رۆژی رووناك وەك پشتێنەیەکی زۆر تەنك دەردەکەوێت کە ئەستووریەکی لە ٢٠٠کم لە سەر رووی دەریاوە تێپەر ناکات و نیوەی گۆی زەوی دادەپۆشێت و لە سەر گۆی زەوی سور دەخوات بە تێکرایی خێرایی سورانەوەی گۆی زەوی بە دەوری تەوەرەکەیدا ،هەر بە تێپەربوون لەو چینەی تەنکەی رووناکی رۆژ خۆر خۆی وەك پەپکەیەکی شینی تاریك لە سەر لەوحێکی رەش دەردەکەوێت!!! بە هەمان شێوەش شوینی ئەستێرەکان بە پنتی شینی رەشباو لە سەر ئەو لەوحە رەشە دەردەکەون کە زۆر بە زەحمەت دەبینرێن ، و تا لە سەر رووی زەوی بەرز بینەوە ئەوا ئەستووری بەرگە هەوای دەوری زەوی کەم دەکات و لەویشەوە پەستانی هەواش کەم دەکات!!جێگای خۆیەتی کە لێکۆڵینەوەی ووردی زانستی بکرێت لەو دیاردە سەرسورێنەرە ی کە قورئان پێش ١٤٣٠ ساڵ لەمەوبەرەوە ئاماژەی زۆر ووردی بۆ کردووە.

خوێنەری بەرێز بە ووردی سەرنجی ئەم ئایەتانە بدە:

{وَلَوْ فَتَحْنَا عَلَيْهِم بَاباً مِّنَ السَّمَاءِ فَظَلُّواْ فِيهِ يَعْرُجُونَ. لَقَالُواْ إِنَّمَا سُكِّرَتْ أَبْصَارُنَا بَلْ نَحْنُ قَوْمٌ مَّسْحُورُونَ} الحجر١٤-١٥، یان {وَآيَةٌ لَّهُمْ اللَّيْلُ نَسْلَخُ مِنْهُ النَّهَارَ فَإِذَا هُم مُّظْلِمُونَ} یس٣٧، ویان {وَأَغْطَشَ لَيْلَهَا وَأَخْرَجَ ضُحَاهَا} النازعات٢٩...

لە لێکدانەوەی ئەوەی کە بۆچی بەشی زۆری



گەردوون تاریکیە و تەنها چینێکی کەمی رووناکی نیوە بەرامبەرەکەی خۆر لە زەوی رووندەکاتەوە دەرکەوتوە کە بەشی زۆری رووناکی خۆر نەبینراون و بەشەکەمە بینراوەکەی رووناکی خۆریش نابینرێن تا بەر ئەو تەن و تەنۆلکانە و گەردانە نەکەون کە چینەکانی خوارەوەی بەرگە هەوای زەوییان گرتۆتەوە لە تەپو تۆز و گەردی هەوا و دڵۆپەکانی ئاو و هەڵمی ئاو، و لەبەر ئەوەی تا لە رووی زەویەوە بەرز بینەوە ئەستووری ئەو بەرگە هەوایە کەم دەکات لەویشەوە ئەو تەن و تەنۆلکانەی رووناکی بینراوی خۆر پەرت دەکەنەوە کەم دەبنەوە بۆیە تاریکایش لەو بەشانەی دەرەوەی زەوی زیاد دەکات و گەردوون تاریکاییەکی توند دایدەپۆشێت و خۆر وەك پنتێکی شینی رەشباو لە سەر تەختی رەشی شانۆی گەردوون دەردەکەوێت و هەروەهاش بۆ هەموو ئەستێرەکنی تر !ئەوەش لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە پەستانی هەوا لە سەروو چەند سەد کیلۆمەترێك لە رووی زەویەوە بە بری هێجگار زۆر کەم دەکات بە رادەیەك کە گەردەکانی هەوا لەو بەرزاییە زۆرانەدا شیببنەوە بۆ ئایۆن و گەردیلەکانیان بەهۆی تیشکی گەردوونی کە تا ئێستا سەرچاوەکەی بە تەواوی نەزانراوە بەلام بروا وایە کە لە خۆر و ئەستێرەکانی دیکەوە بێت ، لەو بەرزاییە زۆرانەدا نەمانی گازە قورسەکانی وەك ئۆکسیجین و نایترۆجین و کاربۆن و زیادبوونی رێژەی گازە سوکەکانی وەك هایدرۆجین و هیلیۆم هۆکارن بۆ بەرزبوونەوەی پلەی گەرمی لە هەندێك بەشی ئەو بەرگە هەواییە کە هەندێك جار پلەی گەرمی دەگاتە ٢٠٠٠ پلەی سیلیزی لە ناوچەی ناسراو بە پشتێنەی گەرمی یان دەرەوەی بەرگە هەوای زەوی، لەبەر ئەوانە لەو ناوچانەدا هیچ تەن و تەنۆلکە و گەردی وا نین کە بەشە بینراوەکەی تیشکی رووناکی خۆر واتە شەبەنگی خۆر پەرش بکەنەوە و ببینرێن بەلام ئەو دیاردەیە لە سەر رووی زەوی و تا بەرزی ٢٠٠ کیلۆمەترێك بە روونی هەستی پێدەکرێت و ئەو هەموو رووناکی و رەنگە قەشەنگانە دەبینرێن وەك رەنگی جوانی شینی ئاسمان و سوری ئاسۆ و رەنگی سەوز و سەوزی شینباوی دەریا و دەریاچەکان و هەمەرەنگی هەورەکان و هەموو ئەو رەنگالە جوانانەی کە لە شیتەڵ بوونی رووناکی سپی بۆ حەوت رەنگەکەیەوە بە دەست دێن .ئەو هەموو جوانی و قەشەنگیە بەهۆی ئەو رۆژیەوە دەبێت کە دەورەی نیوە بەرامبەرەکەی خۆری داوە واتە ئەو پشتێنە رۆژیە نەبوایە ئێمە خۆرمان نەدەدی لە سەر رووی زەویەوە نەك بە پێچەوانەوە وەك زۆربەی خەڵك بۆی دەچن!!

ئەگەر ئەو پشتێنە رۆژیەی نیوە

بەرامبەرەکەی خۆر لە زەوی بە خۆی و پشتێنە گازیەکەیەوە ئەگەر ئەوانە نەبوونایە ئەوا ئێمەی مرۆڤ خۆرمان نەدەدی ئەمەش راستیەکی زانستیەو تازە سەلمێندراوە .واتە زۆر تەواوە کە ئەو پشتێنە رۆژیەیە کە خۆر دەردەخات نەك خۆر خۆی (والنهار اذا جلاها) وەك پێشتریش باسکرا ئەو راناوی (ها) یە دەگەرێتەوە بۆ خۆر و مانای ئایەتەکەش روونە کە خوای گەورە سوێند بەو پشتێنە رۆژیە دەخوات کە خۆر بە ئاشکرا و روون دەردەخات. واتە ئەو پشتێنە رۆژیە بۆ خۆی هۆکاری بینینە واتە (مبصر) کە ئەوەش لە چەند ئایەتێکی دیکەدا جەختی لە سەر کراوەتەوە وەك دەفەرمویێت:

{أَلَمْ يَرَوْا أَنَّا جَعَلْنَا اللَّيْلَ لِيَسْكُنُوا فِيهِ وَالنَّهَارَ مُبْصِراً إِنَّ فِي ذَلِكَ لَآيَاتٍ لِّقَوْمٍ يُؤْمِنُونَ} النمل٨٦، یان (والليل اذا يغشى. والنهار اذا تجلى) الليل ١-٢، ویان باس لەوە دەکات کە کازیوە خۆیەتی کە رووناك دەکاتەوە (اسفر) وەك دەفەرموێت: (والليل اذ ادبر. والصبح اذا اسفر) المدثر ٣٣.




## تیشکی خۆر:

لەو ئامێرانەی مرۆڤ بەکاریاندێنێ، چ بۆ گەرم کردن بێت، ویان بۆ رووناکیدان بێت، وەکو زۆپا و هیتەرو گڵۆپ، ئەم ئامێرانە سەرەرای ئەوەی کە گەرمی و رووناکییەکانیان کەم و سنووردارن لەگەڵ ئەوەشدا و لە هەمووی ناخۆش تر، ئەو ووزەیە کە ئەو ئامێرانەی پێ کاردەکەن، زۆپا پر دەکرێت لە نەوت ئینجا دەکرێت چەند سەعاتێك گەرمیمان بداتێ

بەڵام خۆر، زۆپای خوایی و گڵۆپی هەزاری سەر رووی زەوییە، ئەوەتا بە درێژایی تەمەنی کە لە (٥ ملیار) ساڵ تێ دەپەرێت، گەرمی و رووناکیمان پێ دەبەخشێت، بێ ئەوەی پێویستی نە بە نەوت نە بە کارەبا و نە بەهیچ جۆرە ووزەو سووتەمەنییەکی دی هەبێت! ئەو خۆرە جوانە کە تەنها لە یەك چرکەدا ئەوەندە ووزە دەدات بە ئەندازەی هەموو ئەو ووزەیەی کە مرۆڤ بەکاری هێناوە هەر لە سەرەتای دروست بوونی شارستانیەتەکانەوە تا ئێستا (سبحان الله) تەنها لە یەك چرکەدا!! وە لە ماوەی چەند رۆژێك دا خۆر ئەوەندە گەرمی و رووناکی دەبەخشێت بە زەوی بە ئەندازەی هەموو نەوت و دارو خەڵوزی سەر رووی زەوی کەچی لەگەڵ ئەوانەشدا ئەو ووزەیەی کە زەوی وەریدەگرێت لە خۆرەوە تەنها (نیو بەشە) لە ملیۆنێك بەشی ووزەی خۆر خۆی!!! سەرچاوەی سەرەکی ئەو ووزەیە لە بن هاتووەی خۆر، کارلێکی ناوکییە کە لە ناو کرۆکی خۆردا روودەدات و پێکهاتەی خۆر بریتیە لە ملیۆنەها تەن هیلۆم و هایدرۆجین و ناوکی قورس، پێکهاتەی خۆر (٧٠٪ی هایدرۆجین، ٢٨٪ی هیلۆم، ٢٪ی ناوکی قورس)، وە لە هەر ساتێك (لحظە )دا (٦٠٠) ملیۆن تەن هایدرۆجین دەگۆررێت بۆ (٥٩٥) ملیۆن تەن لە هیلیۆم، وە تەنها ئەو (٥) ملیۆن تەنەیە کە دەبێتە گەرمی و رووناکی تیشکەکانی تر، بۆیە بە خۆر دەوترێ فرنێکی ناوکی گەورە کە زاناکان وا بۆی دەچن کە مرۆڤ ئەگەر بیتوانیایە خۆرێکی بچووکی وەك خۆرەکەی خۆمانی دروست بکردایە لە سەر زەوی ئەوە ئیتر سەرچاوەیەکی لە بن نەهاتووی ووزەکان بەدەست دەهێنرا، کە بۆ ماوەیەکی زۆر زۆر دەمایەوە و ووزەی دەدا.



لە ئەنجامی کرداری یەکبوونی ناووکیەوە ووزە بەرهەم دێت لە خۆردا، هەموو چوار گەردیلەیەکی هایدرۆجین یەکدەگرن بۆ پێکهێنانی یەك گەردیلەی هیلیۆم، بارستایی یەك گەردیلەی هایدرۆجین دەکاتە ١٫٠٠٧٨ یەکەی گەردیلەیی واتە بارستایی چوار گەردیلە لە هایدرۆجن دەکاتە ٤٫٠٣١٢ یەکەی گەردیلەیی و بارستایی یەك گەردیلەی هیلیۆمیش دەکاتە ٤٫٠٠٣ یەکەی گەردیلەیی واتە جیاوازی نێوان بارستایی یەك گەردیلەی هیلیۆم و چوارگەردیلەی یەکبووی هایدرۆجین دەکاتە ٠٫٠٢٨٢ یەکەی گەردیلەیی و ئەو جیاوازیەش بە شێوەی ووزەی گەرمی و رووناکی دەردەچن ! ئەو ووزەیەش بە شێوەی شەپۆلی کارۆموگناتیسی دەردەکەون و ئەو شەپۆلانەش پێکدێن لە دوو بواری کارەبایی و موگناتیسی گۆراو و لە زنجیرەیەك شەپۆلی جیاجیا پێکدێن کە بە هەموویان دەوترێت شەبەنگی کارۆموگناتیسی کە جیاوازن لە یەکتری لە درێژی شەپۆل و لەرەلەر بەڵام هەموویان بە خێرایی رووناکی دەرۆن لە بۆشاییدا کە دەکاتە ٣٠٠٠٠٠کم/ چ، شەپۆلەکانیش لە شەپۆلی رادیۆییەوە دەست پێدەکەن کە درێژی شەپۆلەکەی دەگاتە چەند کیلۆمەترێت و بە شەپۆلەکانی تیشکی گاما کۆتاییان دێت کە درێژی شەپۆلیان دەگاتە چەند بەشێك لە ملیۆن ملیۆن بەشی مەترێك!




بەڵام لە نێو شەبەنگی کارۆموگناتیسیدا رووناکی بینراو بەشێکی ئەو شەبەنگە دەگرێتەوە کە درێژی شەپۆلیان لە نێوان ٤٠٠ تا ٧٠٠ نانۆمەتردایە (١ نانۆ دەکاتە ١٠-٩ مەترە) بەو رووناکیە بینراوش دەوترێت شەبەنگی خۆر کە لە ٧ رەنگ پێکدێت کە درێژترین شەپۆلیان رەنگی سوورە و کورتترینیان بنەوشەییە.

هەموو شەپۆلەکانی شەبەنگی کارۆموگناتیسی هەمان سیفەتەکانی شەپۆلی رووناکی بینراویان هەیە وەك بەیەکداچوون و لادان و دانەوە و شکانەوە تەنها ئەوە نەبێت کە ئەوان نابینرێن ،هەموو ئەو کردارانە بەسەر شەپۆلەکانی کارۆموگناتیسیدا دێت بەڵام مرۆڤ نایانبینێت تا بەشە بینراوەکەی شەبەنگی کارۆموگناتیسی لەسەر گەرد و تەن و تەنۆلکەکاندا نەدرێنەوە و پەرش نەبنەوە کە ئەوانەش هەموو لە پشتێنەی رۆژی نیوە بەرامبەرەکەی گۆی زەوی بەخۆر وەك پێشتر باسکرا روودەدات، ئیتر لێرەوە ئیعجازی زانستی ئایەتی (والنهار اذا جلاها) دەردەکەوێت واتە ئەو پشتێنە رووناکیەیە کە خۆر دەردەخات نەك خۆر خۆی بێت وەك تا ماوەیەکی کەم پێش ئێستا دەزانرا و تەنها ئەو پشتێنەیەش لە هەموو گەردوونی بینراوا بینراوە ئەگینا هەموو گەردوون نوقمی تاریکاییەکی زۆر توندی نوتەکە..

## سەرچاوەکان:

١) بابەتێکی دکتۆر زغلول النجار لە سەر تۆری ئینتەرنێت بە دەستکاریەوە.
٢) گۆڤاری العلوم ژمارە ٨٢ و٨٨



# هەنگی سەرخۆش

هەیڤ

یەكێك لەو هۆیانەی ڕۆژ دوای ڕۆژ ئیمانمان بە كتێبی نێردراوی پەروەردگار بەهێزتر دەكات و ئەم دینە پیرۆزەمان لاخۆشەویستر دەكات، ئەو ڕاستیە زانستیانەن كە لە قورئانی پیرۆزدا هەن و زانایان بەردەوام ئاشكرایان دەكەن، ئەمەش وامان لێدەكات شانازی بە ئیسلام بوونمانەوە بكەین و بە ئینتیمامان بۆ كۆتا پەیامی مرۆڤایەتی خۆشحاڵبین.

خۆشەویستان لە شتە سەرسوورهێنەرەكانی جیهانی هەنگ دیاردەی (سەرخۆش) بوونە، هەندێك هەنگ لە كاتی كۆكردنەوەی هەڵاڵە و شیلەدا هەندێك ماددەی هۆشبەری وەك ئیسانۆڵ (ethanol) دەخۆن، كە لە ئەنجامی ترشانی هەندێك بەری گەیشتوو دروست دەبێت و، دوای خواردنی ئەو ماددەیە، هەروەك مرۆڤی مەست، هەنگەكەش سەرخۆش دەبێت و كاریگەریەكەشی ڕەنگە تا ٤٨ كاژێر بەردەوام بێت.

وە ئەو نیشانانەش كە هەنگەكە دوای خواردنی ئەو ماددانە توشیان دێت هەمان ئەو نیشانانەن كە لە مرۆڤدا دوای خواردنەوەی مادده سەرخۆشكەرەكان دەردەكەوێت، زاناكان دەڵێن ئەو هەنگە سەرخۆشانە شەرانگێز و زیان بەخش دەبن چونكە بەو ماددە هۆشبەرانە هەنگوینەكە خراپ و ژاراوی دەكەن، بەڵام وەك دەزانرێت پەروەردگار وەسفی هەنگوین بە شیفا بەخش دەكات: (يَخْرُجُ مِنْ بُطُونِهَا شَرَابٌ مُخْتَلِفٌ أَلْوَانُهُ فِيهِ شِفَاءٌ لِلنَّاسِ)[النحل:٦٩]. كەواتە پەروەردگار چۆن ئەو هەنگوینە بە ساخی و دوور لە ژاراوی بوون دەهێڵێتەوە؟.

بێگومان شتێكی ئاساییە كە پەروەردگار هۆكارگەلێك بە هەنگ ببەخشێت تا پارێزگاریان لە هەنگوینەكە پێ بكات و بە ساخی بمێنێتەوە، ئەوەش لە بەزەیی پەروەردگارەوەیە بۆ ئێمە و هێشتنەوەی هەنگوینە وەك چاكەرەوە. هەر ئەمەش وای لە زانایان كرد بە چاودێریكردنی هەڵسوكەوتی هەنگ بۆ ماوەی ٣٠ ساڵ، لەو دیاردەیە بكۆڵنەوە، وە دوای ماوەیەكی زۆر ئەوەیان تێبینی كرد كە لە هەر خانەیەكی هەنگدا چەند هەنگێك هەن كە پەروەردگار ئامێرێكی وەك(ئامێری ئاگادارکەرەوەی) پێ بەخشیون، كە دەتوانن هەست بە بۆنی هەنگە سەرخۆشەكان بكەن و لەگەڵیان بەشەڕ بێن و لە خانەكە دووریان بخەنەوە و هەنگوینەكە بە ساخی و پاكی بهێڵنەوە. سەرنج بدەن تەنانەت هەنگی سەرخۆشیش بێزراو و دەركراو و لێدراوە لەلایەن دەستەی پارێزگاری خانەكەوە ئەمەش پێویستی بە هەڵوێستە كردنە. لێرەدا با هەڵوێستەیەك بكەین و لەو داناییەی جیهانی هەنگ ڕامێنین.

پەروەردگاری باڵادەست چەند ئامێرێكی بە هەنگ بەخشیوە كە بەهۆیانەوە ئەو هەنگانە دەناسێتەوە كە ماددە سەرخۆشكەرەكانیان خواردووە، بۆیە هەتا هەنگوینەكە خراپ و ژاراوی نەكەن زوو جیایان دەكاتەوە لە خانەكە دووریان دەخاتەوە، لەبەر ئەوە هەنگ یاسای زۆر توندی بەرانبەر ئەو هەنگە سەرخۆشانە هەیە، بە گوێرەی ئەو یاسایانە هەنگە سەرخۆشەكان سزای توند دەدرێن، یاساكانیش بە دەركردن و دوورخستنەوەی سەرخۆشەكان لە خانەكە دەست پێدەكات تا دەگاتە شكاندنی قاچەكانیان.

ئەو هەنگانەی كە ئەو ماددە سەرخۆشكەرانە دەخۆن، ناویان دەزرێت، بەڵام دوای هاتنەوە هۆش خۆیان ڕێگەی چوونە ژوورەوەیان بۆ خانەكە پێدەدرێت، ئەمەش دوای دڵنیا بوونی هەنگە پارێزەرەكان لە نەمانی كاریگەری ژەهرەكە لە سەریان.

بۆیە چەند هەنگێك، بۆ پاراستنی خانەكە لەو هەنگە سەرخۆشانە، تایبەت دەكرێن، ئەو هەنگانەش بە(bee bouncers) ناو دەبرێن، كە ئەمانەش پاسەوان و پارێزگاری خانەكەن، بۆیە زۆر باش و بە وردیی چاودێری ئەو هەنگانە دەكەن كە ماددە سەرخۆشكەرەكان دەخۆن و هەوڵی دەركردنیان دەدەن، خۆ ئەگەر خواردنی ئەو ماددانە دووبارە بكەنەوە ئەوا پارێزەرەكان قاچیان دەشكێنن تا ئالوودەی ئەو جۆرە خووە ناپەسەندە نەبن.

بەرێزان دوای ئاشكرا بوونی ئەم ڕاستیانە، مرۆڤ سەری دەسووڕمێت، هەر ئەمەش بۆ خۆی وەڵامێكە بۆ ئەو كەسانەی كە تانە لە یاساكانی ئیسلام دەدەن كە ماددە سەرخۆشكەرەكانی قەدەغە كردووە و یاسای لێدانی بۆ مەی نۆش داناوە، كەواتە گەر هەنگ ئەم سیستەمە ناوازەیە بۆ پارێزگاری خانەكەی پێڕەو بكات ئەی ئێمەی مرۆڤ لە پێشتر نین بۆ چەسپاندنی؟

(بۆ بینینی ڤیدیۆیی سزادانی هەنگی سەرخۆش لە لایەن پارێزەرانی خانەوە، سەردانی ئەم لینكە بكە)
http://www.youtube.com
watch?v=AbXJunKCq60

سەرچاوە: www.kaheel7.com

# نیعمەتی کێشکردنی زەوی

نوسەر: عبدالدائم الكحيل

وەرگێڕ: د. ئەحمەد عبداللە

زۆرن ئەو ئایەتانەی، بێئاگا لە گەورەیی، ئاماژە و موعجیزەکانیان، تێپەڕانە بە سەریاندا گوزەر دەکەین، زۆریشن ئەو ڕاستیە زانستیانەی زاناکان دەیدۆزنەوە، بەڵام پێشتر زۆر بە ووردی و دروستی لە قورئاندا باسیان لێوە کراوە. قورئانی پیرۆز چەندین پرسیار ئاراستەی گومانبەران دەکات، پرسیاریان لە بوونی خودایەکی تر جگە لە (الله) لێدەکات و، بیری پێدراوەکانی خوایان دەخاتەوە، تا پێیان بڵێت کە هەر خۆیەتی ئەو نیعمەتانەی بۆ ڕام کردوون.

هەروەك دەفەرموویێت: (أَمَّنْ جَعَلَ الْأَرْضَ قَرَارًا وَجَعَلَ خِلَالَهَا أَنْهَارًا وَجَعَلَ لَهَا رَوَاسِيَ وَجَعَلَ بَيْنَ الْبَحْرَيْنِ حَاجِزًا أَإِلَهٌ مَعَ اللَّهِ بَلْ أَكْثَرُهُمْ لَا يَعْلَمُونَ) [النمل: ٦١].

ئەم ئایەتە پیرۆزە پرسیار لە سپڵەو پێنەزانان بەرانبەر نیعمەتەکانی خوا، دەکات: کێ زەوی بۆ کردوونەتە ئارامگە، ڕووبارەکان کێ درووستیکردوون، شاخەکان کێ بەدی هێناون، وە کێ جیاکەرەوە (بەرزەخ)ی نێوان زەریاکانی بەدی هێناوە؟ ئاشکرایە کە هەموو ئەم ڕاستیە زانستیانە، کاتی هاتنەخوارەوەی قورئانی پیرۆز، نەدۆزرابوونەوە بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا خوای گەورە فرمانیان پێدەکات کە بیریان لێبکەنەوە، تا هۆ شاراوەکانی پشتیان بزانن.

بێ هەستکردن بە هیچ نارێکی و نا ئارامیەك، هەزاران ساڵە مرۆڤ لە سەر ئەم زەویە دەژی، بێ زانینی نرخی ئەوەی کە زەوی شوێنی ئارامگرتنیەتی، و، بێ هیچ گرفتێك ژیانی بەردەوامە لەسەری. بەڵام ئەمە مانای چیە؟؟

زانایان دەبێژن زەوی تاکە هەسارەیە کە زۆر باش بۆ ژیانێکی هێمن و ئارام هەڵکەوتووە. قەبارە، بارستایی، دووریی لە خۆرەوە، خێرایی سورانەوەی بەدەوری خۆیی و خولانەوەی بەدەوری خۆردا و چەندین تایبەتمەندی تری ئەم هەسارەیە تەواو بۆ ژیان گونجاون، گەر بهاتایا قەبارەی زەوی یا بارستاییەکەی، دووری لە خۆرەوە یا خێرایی خولانەوەکەی کەمێك زیاتر یا کەمتر بوونایە، ئەوا ژیان لە سەری لاسەنگ و دژوار دەبوو.



زاناکان دەڵێن: نەخشەسازی زەوی نەخشەسازیەکی باڵای نمونەییە، گۆی زەوی لە خولگەیەکی دروستی دەوری خۆردا دانراوە، هەروا قەبارەو بزوتن و چڕی و بارستاییەکەی و... هتد، زۆر باش، بۆ هەڵکەوتنی ژیان لەسەری گونجاون. ئەوەی لە شوێنی هەسارەی زەوی لەناو کۆمەڵەی خۆردا ڕامێنێت، دەبینێت کە خوای پەروەردگار بە پێچەوانەی هەسارەکانی ترەوە ئەم زەویەی ڕامکردووە تا بۆ ژیان گونجاو بێت. ئەمەش بەخششێکی پەروەردگارە کە پێویستە لەبەرانبەریدا سوپاس گوزاربین.

بەدەر لە هەموو ئەمانە، خاڵێکی زۆر گرنگ هەیە کە بێ ئەو توانای ئارامگرتنمان لەسەر ڕووی ئەم هەسارەیە نیە، ئەویش کێشکردنی زەویە. هەسارەی زەوی دارای هێزێکی کێشکردنی دیاریکراوە، کە بۆ ژیان و ئارامگرتن لە سەری، زۆر گونجاوە. ئەگەر هێزی کێشکردنی زەوی کەمتر بووایە وەك لەوەی کە هەیە (وەك مانگ بۆ نموونە)، ئەوا مرۆڤ زۆر بە گران خۆی بۆ بە زەویەوە دەگیرا و بە کەمترین جووڵە لە زەوی دەبڕا و بەرەو ئاسمان بەرز دەبووەوە، خۆ ئەگەر هێزی کێشکردنەکە لەمەی ئێستا زیاتر بووایە (وەك موشتەری بۆ نموونە) ئەوا ئەو کات مرۆڤ بە زەویەوە دەنوساو توانای جووڵەی لەسەری نەدەبوو.

### چی دەبێتە هۆی لەدەسدانی کێش:

کێشکردن هێزێکە پەروەردگار لە گەردووندا بۆ ڕاکێشرانی تەنەکان بەرەویەکتر ڕامی کردووە، زەوی بەرەو چەقەکەی لەژێر کاریگەری هێزی کێشکردنەکەیدا ڕادەکێشرێت، بۆیە ئێمە لەسەر زەوی هەست بە ئارامی دەکەین و بۆمان بوەتە ئارامگە. خۆ ئەگەر لەسەر ڕووی مانگ بووینایە، ئەوا کێشی هەر یەکێکمان شەش جار لەو کێشەی کە لە سەرزەوی هەیەتی کەمتر دەبوو، بە نموونە ئەگەر یەکێك لە سەرزەوی کێشی ٩٠ کیلۆگرام بێت، ئەوا لەسەر مانگ کێشەکەی دەبێتە ١٥کیلۆگرام.

بۆیە هەست بە نیعمەتی هێزی کێشکردن ناکەین تەنها کاتێك نەبێت کە زەوی بەجێدێڵین، ئەوەش کەشتیەوانە ئاسمانیەکان هەستی پێدەکەن و بە دەستیەوە دەناڵێنن، ئەمەی خوارەوە هەندێك لەو بارە ناهەموارانەیە کە کەشتیەوانەکان لە ئاسماندا و لەکاتی دوورکەوتنەوە لە زەوی تووشی دەبن:

١. لە ئاسماندا بەدەست زۆرێك لە نەخۆشیەوە دەناڵێنن وەك: گێژ بوون، هەڵاوسانی دەمو چاو چونکە لە ئاسماندا، خوێن لە جیاتی ڕۆیشتنی بۆ خوارەوەی لەش بۆ سەرەوە دەچێت. ئێسکیش بەشێك لە کالسیۆمەکەی وون دەکات، بەو جۆرە ئەوەی لە ئاسماندا دەژی، تووشی داخورانی ئێسك دەبێت و هەموو ساڵێك ٢٠٪ی بارستایی ئێسقانەکانی وون دەکات.

٢. بەهۆی جێگیر نەبوون و نەبوونی هێزی

کێشکردنەوە، سووری خوێن تێك دەچێت و لە گورچیلەکاندا بەرد درووست دەبن، ماسوولکەکان دەپوکێنەوە، کرژبوونی گەدە و ریخۆڵە خاو دەبێتەوە و بەدهەرسی روو دەدات، پەستانی خوێن بەرز دەبێتەوە، دڵ خێرا لێدەدات، ئەمەش دەبێتە هۆی دروستکردنی گرفت لە کارکردنی دڵدا کە چەند مانگێکی دەوێت تا دەگەرێتەوە باری ئاسایی خۆی.

٣. بەهۆی دیارنەمانی خۆر هەڵاتن و ئاوابوونەوە ریتمی سرووشتی لاشە تێك دەچێت، لە ئاسماندا تاریکی هەموو شتێك دا دەپۆشێت، تیشکی گەردوونی بکوژ کار لە مرۆڤ دەکات و زیان بە کۆئەندامی دەمار دەگەیەنێت.

٤. ئەوەی لە هێزی کێشکردنی زەویەوە دوورە و لە ئاسماندا دەژی، بە دەست کەم خەویەوە دەناڵێنێت، چونکە پێش هەموو شتێك ئەو هێزی کێشکردنەی وون کردووە کە سەری لەسەر جێگە ئارام پێدەگرێت، لەبەر ئەوە وا هەستدەکات کە لە ئاودا مەلە دەکات، بۆیە زۆر بە زەحمەت نەبێت توانای نوستنی نیە. هەروا سیستمی بەرگری تێك دەچێت، بەو شێوەیە ئەگەری تووشبوونی بە هەر ڤایرۆس و نەخۆشیەك، لەوانە شێرپەنجە، هەیە.



گەر زەوی(بۆ نمونە) هێندەی مانگ بوایە، ئەوا هێزی کێش کردن لەسەری کەم دەبووەوە، مرۆڤ ئارامی لەسەر نەدەگرت، هەر لەبەر ئەوەشە، زانایان دەڵێن: قەبارەو بارستایی زەوی تەواو گونجاوی هێزێکی کێشکردنی نمونەیین، بۆ ئارامگرتنی مرۆڤ.

٥.لەبەر ئەوەی زۆرتر کاردەکات، رەنگە چەندین تێکچوون لە کاری دڵدا روو بدات، کێشکردنی زەوی بۆ پاڵنانی خوێن یارمەتی دەری دڵە، بۆیە لە نەبوونی کێشکردندا دڵ کارێکی زۆر زیاتر دەکات و ئەمەش دەبێتە هۆی لاواز بوونی.

دکتۆر(William Evans) لە ئاژانسی ناسا (NASA) دەڵێت: دەرچوون لە زەوی دێوە زمەیەکی پزیشکییە، بەجۆرێك، چارەسەرکردنی ئەو نەخۆشیانەی لە نەبوونی هێزی کێشکردندا درووست دەبن زۆر ئەستەمە.

بەهەمان شێوە ئەوانەی لە ئاسمان و دوور لە هێزی کێشکردن دەژین بەدەست بەگران میزکردنەوە دەناڵێنن، چوونکە شلەمەنی بە لەشیانەوە دەنووسێت و پیانەوە دەمێنێتەوە و بەرەو خوارەوە ناروات. بەم شێوەیە سادە ترین کار ئەستەم دەبێت، بە جۆرێك توێژەرەوان دەڵێن: ژیان لە ئاسماندا جۆرێکە لە مردنی لەسەرخۆ.

## هەستی کەشتیەوانە ئاسمانیەکان:

لەبەر ئەوە سەرنشینی کەشتیە ئاسمانیەکان کاتێك بۆ سەر زەوی دەگەرێنەوە، وا هەست دەکەن گەراونەتەوە بۆ ماڵەوە، دەبینیت خوای گەورە کاتێك ئەو هەستەمان بۆ باس دەکات، زەوی وەك ئارامگە و لانکەی مرۆڤ دەناسێنێت، ئاشکرایە لانکە (مَهد) یش ئەو جێگەیەیە کە مندالْ تێیدا دەنوێت و ئارام دەگرێت:

(الَّذِي جَعَلَ لَكُمُ الْأَرْضَ مَهْدًا وَسَلَكَ لَكُمْ فِيهَا سُبُلًا وَأَنْزَلَ مِنَ السَّمَاءِ مَاءً فَأَخْرَجْنَا بِهِ أَزْوَاجًا مِنْ نَبَاتٍ شَتَّى) [طه: 53]. هەروا دەفەرموویت: (الَّذِي جَعَلَ لَكُمُ الْأَرْضَ مَهْدًا وَجَعَلَ لَكُمْ فِيهَا سُبُلًا لَعَلَّكُمْ تَهْتَدُونَ) [الزخرف: 10]. (أَلَمْ نَجْعَلِ الْأَرْضَ مِهَادًا) [النبأ: 6].



کەشتیەوانە ئاسمانیەکان زۆرێك لە پێدراوەکانی سەرزەوی وون دەکەن، بۆیە ئەوان توشی نەخۆشیەك دەبن کە بە نەخۆشی ئاسمان (Space Sickness) ناسراوە، ئەوەش نەخۆشیەکە لە ئاکامی وونکردنی نیعمەتی کێشکردنی زەویەوە، دروست دەبێت. بیر بکەرەوە ئێستا مرۆڤێك بێنە بەرچاوت کە نازانێت چۆن و بە چ ئاراستەیەك بخەوێت!

هەروا با پێکەوە بیر لەم دیمەنەی سەرەوە بکەینەوە، هەروەك لە وێنەکەدا دیارە یەکێك لە کەشتیەوانەکان نوستوەو قاچەکانی بۆ سەرەوەن! ئێستا هەست بە نێعمەتی کێشکردن دەکەیت!

لێرەدا سەرنج بدەن خوای گەورە چۆن وەسفی زەوی دەکات بەوەی کە کردوویەتی بە لانکەی مرۆڤ، ئنجا نیعمەتێکی گەورەی خۆیمان یاد دەخاتەوە کە دووبارە مرۆڤ لە ئاسماندا وونی دەکات، ئەویش رێگەو هۆکاری رێنمایی کردنە هەروەك پەروەردگار دەفەرموویت: (وَجَعَلَ لَكُمْ فِيهَا سُبُلًا لَعَلَّكُمْ تَهْتَدُونَ)، ئەو هۆکارانەش لەسەر زەوی هەن و، مرۆڤ لە بۆشاییدا وونیان دەکات، هەر بۆیە توانای ناسینەوەی ئاراستەکانی نیە چونکە لە هەموو لایەکەوە بە تاریکیەکی تەواو دەورە دراوە، ئەوەش کە ئاراستەی دەکات تەنها هێزی کێشکردنی زەویە، دە بیربکەنەوە لەو نیعمەتە کە رۆژانە بەکاری دێنین و هەست بە نرخ و گرنگیەکەی ناکەین، تەنها کاتێك نەبێت کە لەدەستمان دەچێت.

مرۆڤ بۆ یەکەم جار لە ساڵی (١٩٦١)وە هەستی بە نیعمەتی هێزی کێشکردن کرد، کاتێك کەشتیەوانی روسی(Gherman Titov) ، دوای لە زەوی دەرچوونی بۆ ماوەی ٢٥ کاتژمێر، یەکەم حاڵەتی نەخۆشی ئاسمانی راگەیاند، ئەوەش کاتێك تووشی لەهۆشخۆچوون و تێکچوونی بینین و بیستن و ئاگایی و، تێکچوون لە کۆئەندامی دەماردا بوو.



زاناکان دەبێژن: تەنیا بە چونە دەرەوەی لە بواری کێشکردنی زەوی، مرۆڤ یەکسەر توشی نەخۆشی ئاسمانی دەبێت، یەکەم هەستیش، هەستی بینینە کە تێکدەچێت و، شتانی چواردەوی وا دەبینێت کە دەخولێنەوەو، وا هەست دەکات کە بەنجکراو یان سەرخۆشە.

## تێکچوونی بینین:

یەکەم تێکچونێك کە کەشتیەوانە ئاسمانیەکان تووشی دێن تێکچوونی بینینە، لە کاتێکدا ئەو نیشانانەی لە چاوەوە دەردەچن بۆ مێشك تێکدەچن و، لەگەڵ ئەوانەی گوێدا تێکەڵ دەبن، بەو شێوەیە کەشتیەوانەکان بەهۆی وونکردنی هاوسەنگی لە هەستی بینیندا، وا هەستدەکەن کە بینینیان لێڵ بووە و هەماهەنگی نێوان گوێ و چاویان نامێنێت، ئەم حاڵەتەش وەك حاڵەتی مرۆڤێك وایە مەی خواردبێتەوە و هاوسەنگی لەدەست دابێت و هەستی بینینی تێکچوو بێت.

پزیشکەکان دەڵێن لاشەی مرۆڤ بەدەست بارێکی وونکردنی هەست و هاوسەنگیەوە، بەشێوەیەکی بەرچاو دەناڵێنێت، بەجۆرێك نازانێت چی ئەنجام دەدات. هەتا زۆربەی کەشتیەوانەکان بۆ زاڵ بوون بەسەر ئەو هەست و تێکچوونانەدا، دەرمانی هۆشبەر بەکار دێنن. بەم شێوەیە ئەوەی لە دەرەوەی زەویدا دەژی، هەست بە لەدەستدانی هاوسەنگی و خۆ کۆنترۆڵکردن

دەکات و دەبێتە مرۆڤێکی جادوو لێکراو و، بەتایبەت لە سێ ڕۆژی یەکەمی گەشتەکەیدا نازانێت چی دەکات، هەر بۆیە لەو ماوەیەدا ڕێگەی پێنادرێت هیچ چالاکیەکی تەکنۆلۆژی ئەنجام بدات هەتا لەگەڵ ئەو بارە تازەیەدا ڕادێت.

لەبەر ئەوە خوای خاوەن توانا وەسفی ئەوانەمان بۆ دەکات کە لە زەویەوە بەرەو ئاسمان دەچنە دەرەوە، کە هەست بە بارێك دەکەن لە سەرخۆشی یا جادوو لێکردن دەچێت، ئەوەش بەهۆی ئەو گۆڕانکاریە نامۆیانەی کە بەسەریاندا دێن، پەروەردگار دەفەرموێت: (وَلَوْ فَتَحْنَا عَلَيْهِمْ بَابًا مِنَ السَّمَاءِ فَظَلُّوا فِيهِ يَعْرُجُونَ ★ لَقَالُوا إِنَّمَا سُكِّرَتْ أَبْصَارُنَا بَلْ نَحْنُ قَوْمٌ مَسْحُورُونَ) [الحجر: ١٤-١٥]. لێرەدا ڕاڤەیەکی ناسکی ئیبن کەسیر دەبینین کە لە ئیبن زەیدەوە گواستویەتیەوە و دەڵێت: (سُكِّرَتْ أَبْصَارُنَا) ئەو سەرخۆشەیە کە عەقڵی لەدەست داوە.



کاتێك بەرگە زەوی جێ دەهێڵین، تاریکاییەکی تەواو دەبینین و، وا هەست دەکەین کە چاوەکانمان بە تەواوی داخراون! ئەمەش پەروەردگار لە قورئانی پیرۆزدا بە وردیەکی سەرسوڕهێنەرەوە فەرمویەتی: (لَقَالُوا إِنَّمَا سُكِّرَتْ أَبْصَارُنَا)

سەرنشینی کەشتیە ئاسمانیەکان وا هەست دەکەن کە چاویان دەسووڕێت و جیهان بە هەڵەو گەراوی دەبینین، هەتا یەکێك لە کەشتیەوانەکان پرسیاری لێکرا کە شتەکانی لە بۆشاییدا چۆن بینیوە، وتی: وام هەست دەکرد کە جیهانی چواردەورم هەمووی دەخولێتەوە. هەروا یەکێك لە کەشتیەوانەکان لە ئاژانسی ناسا (NASA) لەناو کەشتیەکەیدا شەو لەخەو هەستا بینی کە کاتژمێرێك لە بەرانبەریدا دەسوڕێتەوە کەوتە بیرکردنەوەی ئەوەی کە دەبێت ئەو کاتژمێرە لەکوێوە هاتبێت، دوای ماوەیەك، ئەوەی بیرهاتەوە کە کاتژمێرەکە لەدەستیایەتی!!

## چەند ئەنجامێکی زانستیی تازە:

دکتۆرە (Kathleen Cullen) لە پەیمانگای پزیشکیی بۆ لێکۆڵینەوە ئاسمانیەکان، دەربارەی ئەوەی کە کەشتیەوانە ئاسمانیەکان، لە کاتی چوونە دەرەوەیان بۆ بۆشایی تووشی دەبن، دەڵێت: ئێمە لە ڕێی تێکەڵ کردنی زانیاریە بینراوو بیسراوەکانەوە هەست بە جیهان لە دەورمان دەکەین، وە هەر کاتێك ناکۆکی لە نێوان بیستن و بینیندا ڕوودات کە پێی دەوترێت «التضارب الحسي»، مرۆڤ توشی گرفت دەبێت و دەبێتە هۆی گێژ بوون و دەرکەوتنی نەخۆشی ئاسمان یا بۆشایی.

کەشتیەوانە گەڕاوەکان بۆ سەر زەوی ئاوا هەستی خۆیان باس دەکەن: هەر لە یەکەم ساتی دەرچوونمان لە بواری کێشکردنی زەوی، چاوەکانمان دەستی بە تراویلکە کردن کرد و شتانی خەیاڵی و ناڕاست دەهاتنە بەرچاومان، وەك مرۆڤی جادوو لێکراو نەماندەتوانی جیاوازی نێوان سەرەوە و خوارەوە بکەین، هەتا یەکێك لە کەشتیەوانەکانی ناو کەشتیەکە کاتێك لە خەو ڕابوو، زەوی بە سەر سەریەوە بینی لە جیاتی ئەوەی لە ژێریەوە بیبینێت، بۆیە دەستی بە ڕشانەوە کرد و لەهۆش خۆی چوو.

هەروا دکتۆرە (Kathleen) بەردەوام دەبێت و دەڵێت: ئەو نیشانانەی کە کەشتیەوانێك ئالوودەیان دەبێت هەمان ئەو نیشانانەن کە کەسێکی زۆر سەرخۆش تووشیان دێت!!! چونکە مەی خواردنەوە دەبێتە هۆی نەمانی ڕێکەوتنی نێوان هەستی بینین و بیستن، بەو جۆرە کەشتیەوانە ئاسمانیەکان وا هەست دەکەن کە سەرخۆشن!!

وە دەڵێت: زۆر کەس لەسەر زەوی تووشی هەمان حاڵەتی کەشتیەوانە ئاسمانیەکانیان هاتوون، ئەمەش کاتێك بیرەیەکی زۆر دەخۆنەوە، بەڵام لە گەڵ جیاوازیەکی بچووکدا ئەویش ئەوەیە مەی زیاتر کار لە هەستی بیستن دەکات بەڵام نەمانی کێش کار لە هەستی بینین دەکات، هەروا جیاوازیەکی تریش ئەوەیە کە ئەوی لەسەر زەوی سەرخۆش دەبێت دوای ماوەیەك (بۆ نموونە ڕۆژێك) دێتەوە هۆش خۆی، بەڵام لە ئاسماندا لە بارێکی هەمیشە سەرخۆشدا دەمێنێتەوە.

چەند ئیعجازێکی جۆراوجۆری ووشەی (سُكِّرَتْ)

پرسیارەکە ئەمەیە: ئایا ئەمە هەموو ئەوە نیە کە خوای پەروەردگار چواردە سەدە پێش ئێستا فەرموویەتی؟: (لَقَالُوا إِنَّمَا سُكِّرَتْ أَبْصَارُنَا)، وە ووشەی (سُكِّرَتْ) لە کرداری (سَكَر)وە وەرگیراوە، واتە نەهێڵرا ببینێت، ئەبڵەق بوو یا داپۆشرا، ئەم واتایانەش هەموو ڕاستن و، درووست وەك ئەو حاڵەتانەن کە بەسەر کەشتیەوانە ئاسمانیەکاندا دێن.

وە یەکێك لە ماناکانی (سُكِّرَتْ) بریتیە لە (أُغلقت) واتە داخرا، لە ڕاستیدا ئەو ساتەی کە کەشتیەوانی کەشتیە ئاسمانیەکان لە زەوی دەردەچن هەست بە تاریکیەکی تەواو دەکەن و هیچ شتێك نابینن، وە ئەو کەشتیەوانانەی لە گەشتەکانیان گەڕاونەتەوە هەستی خۆیان وا دەردەبڕن و دەڵێن چاویان داخرا! لێرەدا دەبینین کە ووشەی (سُكِّرَتْ) لە گەڵ هەموو حاڵەتی ئەو کەسانەدا دەگونجێت کە لە زەوی دەردەچن و لە بۆشاییدا هەستی پێدەکەن.



با پێکەوە بیر بکەینەوە مرۆڤ چەند ئامێرو تەکنۆلۆجیاو ملیۆنان دۆلار و توێژینەوەو هەوڵی زانایان و ئاژانسی بۆ شایی ....هتد. دەوێت تاوەکو بۆ چەند ڕۆژێك لە دەرەوەی زەوی بمێنێتەوە ؟ هەرچەندە لەگەڵ ئەوەشدا توشی چەندین نەخۆشی دەبێت، زۆربەشیان لە نەبونی کێشکردنی زەویدا دەردەکەون، ئایا ئێستا ئەو نیعمەتە دەنرخێنین، ئایا وتەی پەروەردگاری کاربەجێ دەنرخێنین کە رووی وتاری لە هەر یەکێکمانەو دەفەرموێت: (اللَّهُ الَّذِي جَعَلَ لَكُمُ الْأَرْضَ قَرَارًا وَالسَّمَاءَ بِنَاءً وَصَوَّرَكُمْ فَأَحْسَنَ صُوَرَكُمْ وَرَزَقَكُمْ مِنَ الطَّيِّبَاتِ ذَلِكُمُ اللَّهُ رَبُّكُمْ فَتَبَارَكَ اللَّهُ رَبُّ الْعَالَمِينَ) [غافر: ٦٤]

زۆر سەیرە هەندێك کەس دەبینین کە لەبەرانبەر دروستکەر و ڕۆزی دەریاندا خۆ بە گەورە دەزانن. لەکاتێکدا گەر ئەو خالقە زەوی نەکردایەتە ئارامگە، ژیان چۆن بەردەوام دەبوو و چۆن دەتوانرا خۆ لەسەر زەوی بگیرێت؟؟

لە کۆتاییدا دوای ئەم ڕاستیانە ئایا گرنگی کێشکردن و گرنگی ئارامگرتن و جێگیر بوونمان لەسەر ڕووی زەوی، زانرا؟ ئایا دوای هەموو ئەمانە، ئێستا زیاتر لە ووتەی پەروەردگار تێدەگەین؟ کە دەفەرموێت: (اللَّهُ الَّذِي جَعَلَ لَكُمُ الْأَرْضَ قَرَارًا وَالسَّمَاءَ بِنَاءً وَصَوَّرَكُمْ فَأَحْسَنَ صُوَرَكُمْ وَرَزَقَكُمْ مِنَ الطَّيِّبَاتِ ذَلِكُمُ اللَّهُ رَبُّكُمْ فَتَبَارَكَ اللَّهُ رَبُّ الْعَالَمِينَ) [غافر: ٦٤]. وە ئایا ئێستا دەزانین کە زەوی بەڕاستی ماڵ و لانکەی مرۆڤە؟ هەروەك پەروەردگار دەفەرموێت: (الَّذِي جَعَلَ لَكُمُ الْأَرْضَ مَهْدًا وَجَعَلَ لَكُمْ فِيهَا سُبُلًا لَعَلَّكُمْ تَهْتَدُونَ) [الزخرف: ١٠].

ئایا ئێستا هەست بە گرنگیی زانینی ئاراستەکانی چوار دەورمان دەکەین؟ ئەو نیعمەتانەی باسکران، تەنیا بە دەرچوونمان

لـە زەوی هەمووپـان لە دەسـت دەدەیـن و بە لەدەست دانیشیان ژیانمان تێکدەچێت و نەخۆش دەکەوین. ئەم خوا میهرەبانەی ئەمانەی هەموو بۆ رامکردووین شایسـتەی سوپاسـگوزاریی نیە، شایستەی خۆشوویستن و کرنوش بۆبردن نیە؟

ئەمانە ئەو نیعمەتە زۆرانەن کە خوای گەورە بە ئێمەی بەخشیوون، هەرچی مرۆڤ داوای بکات خوای باڵادەست بۆی دەستەبەر دەکات، هەر بۆیە کاتێك مرۆڤ هەوڵی داهێنانی شتێك دەدات خوای گەورە بۆی ئاسان دەکات، هەوڵی بەرزبوونەوە بۆ ئاسـمان و چوونە ناو بۆشـایی و چەندین شتی تریاندا بۆی جێبەجێ کردن، بەڵام مرۆڤ ستەم لە خـۆی دەکات، ئەگـەر بەرانبەر ئـەو هەموو نیعمەتـە لە ژمارە نەهاتووانە سـپڵە و پێنەزان بێـت، لەبەر ئـەوە پەروەردگـار دەفەرموویێت: (وَآتَاكُمْ مِنْ كُلِّ مَا سَأَلْتُمُوهُ وَإِنْ تَعُدُّوا نِعْمَةَ اللَّهِ لَا تُحْصُوهَا إِنَّ الْإِنْسَانَ لَظَلُومٌ كَفَّارٌ) [إبراهيم: ٣٤]

خوایـە سـوپاس بۆتـۆ هەتـا لێمـان رازی دەبیت.

وە کۆتـا نزامـان سـوپاس گوزاریـی خوای جیهانیانە.

### هەندێك لە سەرچاوەکانی نوسەر:

1- Nauseating News About Spacesickness, www.space.com, 21 November 2005.

2- Works in Progress, Discover Magazine, 05.01.2003.

3- Space sickness, New Scientist, 08 April 2006.

4- Research Areas, The National Space Biomedical Research Institute, www.nsbri.org

5- Can We Survive on the Moon? Discover Magazine, 03.21.2007.

6- Mixed Up in Space, NASA, August 7, 2001.

7- The Balance Factor: Can You Handle Zero G?, , www.space.com, 21 September 2004.

8- Understanding space sickness, McGill University, November 25, 2004 - Volume 37 Number 06.

9- William J. Cromie, Weightless Dream, Harvard University, February 06, 1997 .

10- DeHart, Roy L., ed. Fundamentals of Aerospace Medicine. Philadelphia: Lea & Febiger, 1985.

11- Harris, Philip R. Living and Working in Space: Human Behavior, Culture and Organization. New York: Ellis Horwood Limited, 1992.

12- Charles M. Oman, Human Visual Orientation in Weightlessness, York Conference 2001.

# زانستەکانی قورئان دەبنە هۆی موسڵمانبوونی زانایەکی تایلەندی

وەرگێرانی لە ئینگلیزیەوە:
لەیلا عوسمان بارام


Pr. Tajaten Tajasen

لـە مـاوەی سـەردانێکیدا بـۆ وڵاتی سـعودیە، پرۆفیسـۆر Tajaten Tajasen سـەرۆکی پێشوی بەشـی تویـكاری و كۆرپەلەزانـی و راگری ئێسـتای كۆلیـژی پزیشـكی لـە زانكـۆی Chang-mi لـە تایلەنـد، هەندێك ئایـەت و فەرمـودەی تایبەت بە بواری كارەكەی خۆی پیشـان درا، ئەمیش لە وەڵام دا وتـی: پەراوە پیرۆزەكانی بوزیـش بە درێژی باس لە قۆناغەكانی گەشەی كۆرپەلەی تێدایە. (بەڵام كاتێك ئـەم زانایە ورد تر لە پەراوە پیرۆزەكانی ئاینی بوزی كۆڵیەوە، هیچی دەست نەكەوت)

پرسیار لە Tajaten Tajasen كرا: ئایا ئاگاداری كارەكانـی پرۆفیسـۆر Keith Moore ی زانـای كەنەدیـت؟ وەڵامی دایەوە كە پرۆفیسـۆر كیت مۆر دەناسێت كە پیاوێكی زۆر دیاری بواری كۆرپەلەزانیە، پاشان پرۆفیسۆر تاجاسن بابەتێكی پیرۆفیسۆر مۆری خوێنـدەوە كـە تیایدا نوسـیبوی: بـە بۆچونی ئەو راسـتی یە زانستیەكانی قورئان و زانستی نوێ چوون یەكن، تاجاسـن سەرسـام بوو بەوەی كە بابەتەكەی كیت مۆری خوێندە و ویستی كە زیاتر بزانێت. پاشان ئەم ئایەتە پیرۆزەی بۆ خوێندرایەوە:

(إِنَّ الَّذِينَ كَفَرُوا بِآيَاتِنَا سَوْفَ نُصْلِيهِمْ نَارًا كُلَّمَا نَضِجَتْ جُلُودُهُمْ بَدَّلْنَاهُمْ جُلُودًا غَيْرَهَا لِيَذُوقُوا الْعَذَابَ إِنَّ اللَّهَ كَانَ عَزِيزًا حَكِيمًا )(النساء:٥٦)

تاجاسـن زانی كە ئـەم ئایەتە پـیرۆزە ئاماژەیە بـۆ راسـتیەكی زانستی(پێسـت) كە لـە دواییانەدا زانسـتی نوێ دەری خسـتوە، چونكە پێسـت كۆتایی هەسـتەوەرەكانی تێدایەو ئەگەر سـوتاویەكی قوڵی پێست روبدات، واتە ئەگەر پێست بە تەواوی بسوتێ، ئەوا هەسـت بە ئازار ناكات هەرچەندە بە سـوتاندن ئـازار بدرێـت، خـوای پەروەدگاریـش لەم راسـتیە ئاگادارە و جەخت دەكاتەوە لەسەر ئەوەی كە ئەو بێ باوەڕانەی لە دۆزەخدان سات لە دوای سات پێستیان بۆ نوێ دەكرێتەوە تاوەكو بە بەردەوامی هەست بە ئازار بكەن بە هۆی گۆڕین و نوێ كردنەوەی پێسـتیانەوە واتـە نوێ كردنـەوەی هەسـتەوەرەكانیان كە لە ناو پێستیاندایە.

پرۆفیسـۆر تاجاسـن هاورا بو لەگەڵ ئەوەی كە ناكرێت و ناگونجێـت ئەو هەواڵە زانستـیە لە هیچ سەرچاوەیەكی مرۆییەوە هاتبێت و وەرگیرابێت و بە لەبەر چاوگرتنی ئەو راستـیەی كـە قورئان دەقێكی دێرینی پێش ١٤٠٠ سـاڵە، ئەم جۆرەی زانستش ئەو كاتـە نەزانـراوە، كەواتە دەبێت لە لایـەن كێوە ئەم زانیاریـە هاتبێـت ؟ وەڵام تەنها بریتیـە یە لە (الله). پرۆفیسۆر پرسیاری كرد(الله) كـێیە ؟ پێیان وت: (الله) بەدیهێنەرەو زانست و دانایی و كاربەجێی و تەواویی و بەرزیی و تەنها سەرچاوەیان لەوەوە گرتوە.

تاجاسن گەرایەوە بۆ وڵاتی تایلاند و زنجیرەیەك وتـاری دەربارەی ئەو شـتانەی كە فێریـان بوو بوو، پێشـكەش كردو، راسـتەوخۆ لە ئەنجامی كاریگەری ئەم وتارانەوە(٥) لە خوێندكارەكانی موسڵمان بون.

ماوەیەك دوای ئەوە تاجاسن گەرایەوە سعودیە بۆ ئامادەبون لە كۆنفراسـێك لە شاری(ریاز). لەوێ وتەیەكـی پێشـكەش بـە ئامادەبوان كـرد و وتی: لێكۆڵینەوەكانـی وایان لێكردوە كە بـاوەڕ بهێنێت بەوەی هەرچی لە قورئان دا هاتوە راسـتە، هەندێ لەو راسـتی یانەی كە پێش ١٤٠٠ سـاڵ باسیان لێوە كراوە ئێستا زانسـتی نوێ پێیان دەگات، محمدیش (صلـی الله علیـه وسلم) خوێندنەوەو نوسـینی نەزانیوە،كەواتـە دەبێـت راسـتیەكان لـە لایـەن پەروەردگارەوە هاتبن، ئنجا وتی ئێسـتا كاتی ئەوە هاتوە ئاشكرای بكەم و بڵێم: أشهد أن لا إله إلاّ الله و أشهد أن محمداً رسول الله

ئـەم باوەڕهێنانە كتوپـڕو كاریگەرەی( لە پێش چـاوی كامێـرا) هەموانی سەرسـام كـردو بوە هۆی خۆشی و هاواری(الله أكبر)ی ئامادەبوان، پاشان كۆتایی قسەكانی بەوە هێنا كە لەو كۆنفراسەدا زانیاری زۆری وەرگرتـوە و چەندین هاوڕێی نوێی ناسـیوە بەڵام بـە نرخ ترین شـتێك كە ئەنجامی دابێت موسـڵمان بونەكەیەتی.

بۆ بینینـی ڤیدیۆیی وتەكانی ئەم پرۆفیسـۆرە سەردانی ئەم لینكانە بكە:

http://www.youtube.com/watch?v=rhpTbb_yJS4
http://www.islampedia.com/ijaz/Html/Scientist_All/Tejatat%20Tejasen.htm
http://nooran.org/ar/Dialog/F3D.htm
http://video.aol.com/video-detail/scientist-from-thailand-reverted-to-islam/2648870426?icid=acvsv1



# شەپۆلە قووڵەکانی ئۆقیانووسەکان لە "قورئان"دا

د. دلۆڤان

هەرکاتێك ئـــەم ئایەتە مەزنە دەخوێنینەوە دەبێت گەورەیـــی پەروەردگارمان یاد بکەوێتەوە کـــە تیایدا دەفەرموێت: (أَوْ كَظُلُمَاتٍ فِي بَحْرٍ لُجِّيٍّ يَغْشَاهُ مَوْجٌ مِنْ فَوْقِهِ مَوْجٌ مِنْ فَوْقِهِ سَحَابٌ ظُلُمَاتٌ بَعْضُهَا فَوْقَ بَعْضٍ)[النور:٤٠].

پەروەردگـــاری بێ هاوتا تاریکاییەکانی ســـەر دڵـــی بێباوەر، بە تاریکاییەکانـــی قوڵایی زەریاکان دەچوێنێـــت، کـــە چەند شـــەپۆلێکی قـــووڵ دایان پوشـــیوە ئنجا چینێکی تری شـــەپۆل لەســـەر ئەو شەپۆلانەوە هەیە، لە ســـەروو ئەم شەپۆلانەشەوە هەورێکی چڕ بەری ڕۆژی لێگرتووە، بەو جۆرە ئەو کەسە لە ناو چەند تاریکیەکی دوایەکدا دەژی.

لە ئایەتە پیرۆزەکەدا ڕاســـتیەکی زانســـتیی هەیـــە کە تـــا کۆتایی ســـاڵی ٢٠٠٧ نەدۆزرابوەوە، ئەوەش لە ڕێگەی دۆزینەوەی چەند شـــەپۆلێکی نـــوێ لە قووڵایـــی ئۆقیانووســـی «ئـــارام»دا، کە جیاوازن لەو شـــەپۆلانەی کە لە سەر ڕووی ئاوی ئۆقیانووســـەکە هـــەن، واتە لە ئـــاوە قووڵەکاندا شـــەپۆلێکی قـــووڵ و یەکێکی ڕووکـــەش هەیە، ئەوەش ئەوەیە کـــە ئایەتە پیرۆزەکە بە ووتەی: (مَوْجٌ مِـــنْ فَوْقِهِ مَوْجٌ) ئامـــاژەی پێداوە. لێرەدا پێـــش ڕوونکردنـــەوەی دۆزینەوە زانســـتیەکە، دەبێـــت ئاگاداری ئـــەو گومانانە بین کە هەندێك لـــە بێ باوەڕان لـــە بەرانبەر ئـــەم موعجیزانەدا دەریدەبڕن.

زۆر جـــاران هـــەوڵ دراوە کـــە بەرپەرچـــی ئەو بێباوەڕانە بدرێتـــەوە کە ئینکاری ئیعجازی قورئـــان دەکەن لە بارەی شـــەپۆلە قووڵەکانەوە، بەڵام هەرجارێك بە درۆیەکی تازە خۆ دەدزنەوە، جارێـــك دەڵێن زانایـــان چەنـــد تەوژمێکیان لە بنـــی زەریاکانـــدا دۆزیوەتەوە ئەمانـــە جیاوازن لە شـــەپۆل و شـــەپۆل نین، چونکە قورئان باسی شـــەپۆل (Wave) دەکات و زانایـــان تـــەوژم (Current) باس دەکەن، وە دەڵێن ئەســـتەمە لە بنی زەریاکاندا شـــەپۆلی ڕاستەقینە هەبێت وەك ئەوانەی کە قورئان باســـیان لێـــوە دەکات، بەڕای وان لەم دەربڕینەدا (مَوْجٌ مِنْ فَوْقِهِ مَوْجٌ) قورئان هەڵەی کردووە پاکـــی بۆ خوا، وە تاکە هەڵەیەك بۆ ســـەلماندنی ئەوەی کە قورئان خودا نەیناردوە بەسە، چوونکە خودا زاتێکە هەڵە ناکات.

ئەمەش ووتەیەکە کە بە زار دەیڵێن، هەروەك پەروەردگـــار دەفەرموێت: (كَذَلِكَ قَالَ الَّذِينَ مِنْ قَبْلِهِمْ مِثْلَ قَوْلِهِمْ تَشَـــابَهَتْ قُلُوبُهُمْ قَدْ بَيَّنَّا الْآيَاتِ لِقَوْمٍ يُوقِنُونَ) [البقرة: ١١٨].

ئاشکرایە کە بێباوەڕان خۆ دەدزنەوە ئەگەرنا لە ناوەوە دەزانن کە قورئان ڕاســـتە، بەڵام خۆبە گـــەورە زانین، ڕێگریی لە ئیمان هێنانیان دەکات، ئەمەش قورئان پێمـــان ڕادەگەیەنێت: (وَجَحَدُوا بِهَا وَاسْـــتَيْقَنَتْهَا أَنْفُسُـــهُمْ ظُلْمًا وَعُلُوًّا فَانْظُرْ كَيْفَ كَانَ عَاقِبَةُ الْمُفْسِدِينَ) [النمل: ١٤].

جارێـــك دەڵێن ئێمە لـــە ڕاڤەی باوی قورئان لامان داوە بەوەی کە گوایـــە دەڵێین ئیعجازە، وە جارێکی تر دەڵێن کە ئەو ڕاســـتیە زانســـتیانەی کە پشتی پێدەبەستین ڕاســـت نیە، وە کاتێکیش بـــە بەڵگەی بەهێـــز وەڵام دەدرێنـــەوە و بۆ یان دەســـەلمێت کە قورئان زۆر بە ڕوونی باســـی لەو ڕاستیە زانستیە کردووە، خۆ دەدزنەوە و دەڵێن: ئەوە ڕێکەوتە!!!

بۆیـــە ئـــەم دۆزینـــەوە زانســـتیە ڕوونە بە زمانی ئینگلیزی و تیپ بە تیپ دەخەینە ڕوو تا ووتەکانمان ئاشـــکرا بێت و خوێندنەوەی هەڵەی بـــۆ نەکرێـــت، وە داوای بەخـــۆدا چوونەوەش لە بێباوەڕان دەکەین، وە پێیـــان دەڵێین کە قورئان خێـــر و قووتار بوون لە ئاگـــری دۆزەخی دەوێت بۆیان چوونکە: (يَـــوْمَ لَا يَنْفَعُ مَالٌ وَلَا بَنُونَ ★ إِلَّا مَنْ أَتَى اللَّهَ بِقَلْبٍ سَلِيمٍ) [الشعراء: ٨٨-٨٩].

## دۆزینەوەیەکی نوێی زانستیی:

ڕۆژنامـــەی Daily Telegraph لـــە ڕۆژی١٣/١٢/٢٠٠٧ دا ووتارێکی بڵاوکردەوە لە ژێر ناوی:

Deep ocean waves discovered by scientists زانـــاکان شـــەپۆلی (ئۆقیانوس)ی قووڵ دەدۆزنەوە.

لـــەو هەواڵەدا هاتـــووە کە دۆزینـــەوەی ئەو


Telegraph.co.uk

Home | News | Sport | Business | Travel | Jobs | Motoring | Telegraph TV

Earth home
Earth news
Earth watch
Comment
Greener living
Earth Pulse
Science
Messageboards
Announcements
Arts
Blogs
Comment
Crossword
Dating
Digital Life
Earth
Education

Deep ocean waves discovered by scientists

By Paul Eccleston
Last Updated: [illegible]

British scientists have discovered waves that flow deep in the Pacific Ocean. Using ocean-going robots they detected the waves flowing eastwards almost a mile deep.

- Scientists identify origins of freak waves

The waves - known as Kelvin waves - are much larger, longer and slower than waves seen at the beach and are triggered by changes in the weather patterns above the tropical ocean.

They were known to occur on or near the ocean's surface but the scientists were surprised to find them in the deep ocean.

Prof Karen Heywood, an oceanographer at the University of East Anglia (UEA) and co-author of the research, said: "We were both surprised and delighted.

شـــەپۆلە قووڵانـــە لە ئۆقیانووســـدا بـــووە هۆی سەرســـامبوونی زانـــاكان، چوونكـــە چاوەڕێـــی ئەوەیان نەدەكرد كە شـــەپۆلێكی لـــەو جۆرە لە قووڵایی ئۆقیانووسدا ببینن.

زانـــا بەریتانیـــەكان چەند شـــەپۆلێكیان لە قوڵایی ئۆقیانووسی «ئارام»دا دۆزیوەتەوە.

ئـــەوان دەیانزانی كـــە دەتوانرێت ئەو جۆرە شـــەپۆلانە لـــە نزیـــك یاخـــوود لە ســـەر ڕووی ئۆقیانووسەكان ببینرێن، بەڵام بەوە سەرسام بوون كە ئەو جۆرە شەپۆلانەیان لە قووڵایی ئۆقیانووسدا دۆزیەوە.

یەكێك لە بەشدارانی توێژینەوەكە، پرۆفیسۆر Karen Heywood لە زانكۆی UEA، دەڵێت:

ئێمـــە هەموو سەرســـام و دڵخـــۆش بووین! هەروەك لە وێنەی مانگە دەسكردەكانەوە پێمان دەگات، بینینی شەپۆلێكی لەو جۆرە لە قووڵایی ٥٠ مەترەوە، بۆ ئێمە شتێكی چاوەڕوەنكراو بوو، بەڵام بەراستی ئەوەی هەژاندینی دۆزینەوەی ئەو شـــەپۆلانە بوو لە قووڵایی ١٥٠٠ مەتردا، ئەمەش ئەگەری ئەوە وەپێش دێنیت كە شـــەپۆلی تر لە قووڵایی زیاتردا بدۆزرێنەوە.

دكتۆر Matthews Adrian سەرپەرشـــتیاری توێژینەوەكـــە و یەكێك لە زاناكانـــی زانكۆی ناوبراو دەڵێت: هەموومان وامانگومان دەبرد كە لە ژێر قووڵایی ٢٠٠ مەترەوە ناتوانرێت هیچ شەپۆلێك ببینرێت.

زانـــاكان ئەوە دووپـــات دەكەنـــەوە كە ئەم شـــەپۆلانە لە كۆتایی ســـاڵی ٢٠٠٧ دا دۆزرانەوە، ئەمەش گورێكی باش دەداتە لێكۆڵینەوەی ژینگە و ئۆقیانووسەكان بە شێوەیەكی گشتی، هەر بۆیە زاناكان هەموو توانایەكی خۆیان بۆ زیاتر ناسینی ئەم جۆرە شەپۆلانە دەخەنە كار.

ئێستا با پێكەوە لە ووتەی پەروەردگار رامێنین كە دەفەرموویێت: (أَوْ كَظُلُمَاتٍ فِي بَحْرٍ لُجِّيٍّ يَغْشَاهُ مَوْجٌ مِنْ فَوْقِهِ مَوْجٌ مِنْ فَوْقِهِ سَحَابٌ ظُلُمَاتٌ بَعْضُهَا فَوْقَ بَعْضٍ)[النور:٤٠]. ئاشـــكرایە ئایەتە پیرۆزەكـــە زۆر بە ووردیی‌و تەواویی لە شـــەپۆلی قووڵایی زەریـــاكان دەدوێت، ئەمـــەش ئەوەیە كە لەم دووایی‌یەدا دۆزرانەوەو ئیعجازێكی زۆر گەورەی قورئان ئاشكرا بوو.

لێرەدا دەمانەوێت شـــتێك بـــیری بێیاوەران بێنینەوە: چۆن ئەم جۆرە شەپۆلانە لە كتێبێكدا كە پێش ١٤٠٠ ســـاڵ دابەزیوە، باسكراوە؟ ئایا ئەم ڕاستیە ئەوكات زانرابوو؟ خۆ زانا خۆرئاواییەكان ئـــەوە دووپـــات دەكەنەوە بـــۆ یەكەم جـــار ئەو شـــەپۆلانەیان لە كۆتایی ســـاڵی(٢٠٠٧)دا بینیوە، كەواتـــە كێ ئەو ڕاســـتیەی بـــە پەیامبەر (د.خ) ڕاگەیاند؟ وە چی وا لەو پەیامبەرە ئازیزە دەكات كە لە ڕاستیەكی ئاوا ئاڵۆز بدوێت؟ وە چۆن زانی كە ئەگەر یەكێك لە قووڵایی دەریادا بڕژی شەپۆلی قووڵ دایدەپۆشێت و لە تاریكیدا دەمێنێتەوە؟؟

وە بەوانـــەش دەڵێین كە دەڵێـــن گوایە ئێمە ڕاڤـــەی ئایەتـــەكان بەجۆرێك دەكەیـــن كە ئەو مانایانـــە هەڵناگرن، ئەی ئێمـــە ئەمە ناو بنێین چی؟ قورئان باسی شـــەپۆلمان بۆدەكات و زاناكان ئەو شـــەپۆلانە دەدۆزنـــەوە، پەروەردگار باســـی (بحر لجي) واتە: «قووڵ»مان بۆ دەكات و زاناكان دەڵێـــن قوولایی ئۆقیانـــووس(Deep ocean)، كەواتە كامە هەڵەلێكدانەوەی ئایەتەكانە؟

ئاشـــكرایە دەبێـــت هەموو خاوەن هۆشـــێك بزانێـــت كە لـــەم ئایەتـــەدا موعجیزەیەكی زۆر ڕوون هەیـــە، خـــۆ گەر ووشـــەیەكی گەورەتر لە «ئیعجاز»مان شـــك ببردایە ئەوا بـــۆ گەورەیی و ناوازەیی قورئانمان بەكار دەهێنا.

لە پەروەردگار داوا دەكەین ئەم موعجیزەیە بكاتە ڕووناكی بۆ ئیمانـــداران و بەهانە بڕینێك بۆ هەمـــوو ئـــەو بێئیمانانەی كە ئـــەم قورئانە ڕەت دەكەنـــەوە، وە لە كۆتاییدا دەڵێین، هەروەك خودا دەفەرمووێت: (وَيُرِيكُمْ آيَاتِهِ فَأَيَّ آيَاتِ اللَّهِ تُنْكِرُونَ) [غافر:٨١]







**خوای گەورە دەفەرموێت:**
(أَلَمْ تَرَ أَنَّ اللَّهَ يُزْجِي سَحَابًا ثُمَّ يُؤَلِّفُ بَيْنَهُ ثُمَّ يَجْعَلُهُ رُكَامًا فَتَرَى الْوَدْقَ يَخْرُجُ مِنْ خِلَالِهِ وَيُنَزِّلُ مِنَ السَّمَاءِ مِنْ جِبَالٍ فِيهَا مِنْ بَرَدٍ فَيُصِيبُ بِهِ مَنْ يَشَاءُ وَيَصْرِفُهُ عَنْ مَنْ يَشَاءُ يَكَادُ سَنَا بَرْقِهِ يَذْهَبُ بِالْأَبْصَارِ) [النور: ٤٣].

**ڕاڤـەی ئایەتەكە:** زانایان دەڵـێـن: أَلَمْ تَرَ أَنَّ اللَّهَ يُزْجِي سَحَابًا. بەهێواشی‌و بە ئاسانی پاڵ بە هەورەكانەوە دەنـێ‌و دەینێرێت، ثُمَّ يُؤَلِّفُ بَيْنَهُ هەورەكان لەگەڵ یەكتر كۆیاندەكاتەوە، ثُمَّ يَجْعَلُهُ رُكَامًا ئنجا لەسەر یەك كەڵەكەیان دەكات، فَتَرَى الْوَدْقَ يَخْرُجُ مِنْ خِلَالِهِ دەبینی كە بارانی لێ دەبارێت، وَيُنَزِّلُ مِنَ السَّمَاءِ مِنْ جِبَالٍ فِيهَا مِنْ بَرَدٍ لە پارچەی گەورە كە لە شاخ دەچێت تەرزە دێتەخوار.

**لەڕوی زانستیەوە:** زانایان ڕاستی دروست بونی تەرزەیان بۆ دەركەوت، تێبینی ئەوەیان كرد كە سەرەتا هەور دروست دەبێت، پاشان بەهۆی هێزی باوە چەند پارچە هەورێك یەكدەگرن و دەچنە سەریەك كە لە كۆتاییدا دەبێتە كۆمەڵە هەورێك، بە هەوری «كەڵەكەبوو» ناودەبرێت.

دوای ئەوە هەورە كەڵەكە بووەكە چەند كیلۆمەترێك بەرز دەبێتەوە لەوێدا دەنكە تەرزەكان دەست بە دروست بوون دەكەن، پاشان بە هۆی كاریگەری با دەكەونە خوار بۆ سەر زەوی بەڵام بەشێكی لەناو هەورەكەدا دەمێنێتەوە و بەشێكی تری دەتوێتەوە بەر لەوەی بگاتە سەر زەوی، زانایان لەسەر ئەوە كۆكن كە تەرزە لەگەڵ هەورە بروسكەدا دروست دەبێت.

لەم ڕاستیەوە دەگەینە ئەوەی كە قورئان لەگەڵ زانستی نوێدا یەكدەگرێت لە بارەی دروست بونی تەرزە و جوڵەی با و هەوری كەڵەكەبوو، هەورە بروسكەش لەو هەوارانەوە دێت كە تەرزەی لەگەڵ دایە، زانایان لەسەر ئەوەن كە تەرزە تەنها لە هەوری كەڵەكەبووی بەرزدا دێتەخوار.

**لایەنی ئیعجاز:** وەك دەبینین كە قورئان لەگەڵ ئەم ڕاستیە زانساتیانە یەك دەگرێتەوە لە باس كردنی تەرزە و ڕۆڵی با لە دروست كردنی هەوری كەڵەكەبوو ، هەروەك هەورە بروسكە لەو هەورانە پەیدا دەبێت كە تەرزەی پێوەیە، هەروەها زانایان دەڵێن كە تەرزە لە پەڵە هەوری كەڵەكەبوی بەرز دروست دەبێت، بۆیە خوای گەورە دەفەرموێت (وَيُنَزِّلُ مِنَ السَّمَاءِ مِنْ جِبَالٍ فِيهَا مِنْ بَرَدٍ). كێ لەو ڕۆژگارەدا ئەم زانیاریە ووردانەی دەزانی بە تایبەت پێغەمبەرێكی نەخوێندەوار، ئەگەر ئەمە گەواهی نەدات لەسەر ئەوەی كە موحەمەد (صلی اللّه علیه وسلم) لە لای خواوە نێردراوە؟

# ئیعجازی "بسم الله الله اكبر" لە سەربڕینی ئاژەڵدا

ئامادەکردن و وەرگێڕانی
کاوە محەمەد شارباژێڕی

ئەمڕۆ ئێمە لەبەردەم ڕاستیەکی زانستیی تایبەت بە پزیشکی شیکاری دەوەستین ئەویش ووتنی «بسم الله الله اكبر»ە لە کاتی سەربڕینی گیانلەبەراندا، ئەم کارەش لەژێر چاودێری و سەرپەرشتی عبدالقادر يحيى ناسراو بە دیرانی بەرێوە چوو، بەهاوکاری تیمێکی زانستیی(١) پزیشك و کەسانی پسپۆڕ لە بواری شیکاریدا.

سەرەتای لێکۆڵینەوەکە بەسەردانی کوشتارگەکان و وەرگرتنی چەند نمونەیەك لە گۆشتی جیاواز دەستی پێکرد، پاشان ئەنجامدانی پشکنین و کردنی توێژینەوە لەسەر ئەو نمونانە، ئەمەش بە مەبەستی دەرخستنی جیاوازی لە نێوان ئەو ئاژەڵانەی لەکاتی سەربڕیندا «بسم الله، الله اكبر» یان لەسەرکراوە و ئەو ئاژەڵانەی بەبێ لەبەرچاوگرتنی مەراسیمی ئاینی سەربڕاون.

د.سعد مخلص يعقوب دەڵێت: نەخشەیەکی کارکردنی زانستیمان دانا کە لەچەند هەنگاوێك پێکهاتبوو، ئەمەش لەگەڵ مەبەستی توێژینەوەکەدا یەکیدەگرتەوە کە بەم جۆرە بوو:
یەکەم: سەردانی کوشتارگەکانی سەربڕینی گیانلەبەر و پەلەوەرمان کرد، کە زۆر جۆر لە گیانلەبەر و پەلەوەری تێدا سەردەبردرێت.
دووەم :وەرگرتنی نمونەی جیاواز لە گۆشت (ئەوانەی لە کاتی سەربڕیندا ناوی خوایان لەسەر دێت و ئەوانەی ناوی خوایان لەسەر نایەت)
سێیەم : ئەنجامدانی پشکنینی وورد لە تاقیگە بە شێوەیەکی شیکاری بۆ دۆزینەوەی جیاوازی لە نێوان ئەو دوو جۆرە گۆشتەدا.







ئەندامانی تیمی پزیشکی سەرقاڵی وەرگرتنی نمونەی گۆشتی جیاوازن، پاشان جۆرو ژمارەی هەر نمونەیەك تۆماردەکەن

### قۆناغەکانی لێکۆڵینەوەی زانستی:

د.نەبیل شەریف و د.فایز حەکیم ڕێگای ئەنجامدانی توێژینەوەکە لەسەر هەردوو جۆرە گۆشتەکە ڕوون دەکەنەوە:

### لە ڕووی بەکتریۆلۆجیەوە:

لێکۆڵینەوەیەکی زانستیمان لەسەر چەند نمونەیەك لە گۆشتی گوێرەکە کرد کە بەپێی شەریعەت سەربردرابوو واتە لەکاتی سەربڕیندا «بسم الله اللە اكبر»ی لەسەر کرابوو، ئەمەشمان لەگەڵ چەند نمونەیەکی تری گۆشتی گوێرەکە بەراورد کرد کە «بسم الله اللە اكبر»ی لەسەر نەکرابوو، هەروەها لێکۆڵینەوەی بەکتریۆلۆجی هاوشێوەمان لەسەر گۆشتی چەند پەلەوەرێکی تر کرد، پاشان لەسەر گۆشتی بەرخیش ئەم کارەمان ئەنجامدا.

١. چەند نمونەیەکمان وەرگرت و پارچەی بچوکمان لێ بڕی.



لێکۆڵینەوە لە میکرۆب: پارچە گۆشت لەناوەوەی ماسولکە وەردەگیرێت نەك لە ڕووی دەرەوەی گۆشتەکە

٢.بۆ نەهێشتنی هەر جۆرە گومانێك کە ئەو بەکتریایە لەسەر ڕووی گۆشتەکەوە هاتووە، نموونەمان لێ خستە ناوگیراوەی دیتۆلەوە (١٠٪) ئەمەش بە مەبەستی پاکردنەوەی ڕووی گۆشتەکە.

٣.دوای کاژێرێکی تەواو لە پاکردنەوە بە دیتۆڵ (١٠٪) پارچە گۆشتەکان ئەوانەی کە وەك نمونە لە کوشتارگە وەرگیرابوون، بە هەردوو جۆرەکەیەوە(٢)، کاری چاندیان (زرع) بۆ کرا لە ناوەندی سیوگلیکولات.







چاندنی نموونەکان (ئەوانەی ناوی خوای لەسەر هاتووە و ئەوانەش کە ناوی خوایان لەسەرنەهاتووە) لەناوەندی سیۆگلیکۆلات

پاشان بەمەبەستی پاراستنیان لە ئۆڤنی تایبەتدا بۆ ماوەی ٢٤ کاتژێر دانران.



دوای دەرهێنانەوەی نموونەکان ئەم خاڵانە تێبینی کران:

-ئەوانەی بەناوی خوا «جل جلالە» سەربردراون لە جۆرەکانی گۆشتی گوێرەکە و بەرخ و پەلەوەر، هیچ گەشەکردنێکی بەکتریایان لەسەر نەبینرا ، ئەو ناوەندەش خاوێن بووە و هەموو گەشەکردنێکی بەکتریایی تیایدا نەزۆك بووە.

-هەرچی ئەوانەشە کە لەکاتی سەربریندا ناوی پەروەردگاری لەسەر نەهێنرابوو، تێبینی گەشەکردنێکی بەکتریایی بەهێزی تیایدا کرا.

٤.پاشان کاری گواستنەوەی نموونەکان دەستی پێکرد، دوای ٤٨ کاتژێر لە ئەنجامدانی کاری گواستنەوە ئەوە دەرکەوت کە پارچە چێنراوەکان لە گوێرەکە و پەلەوەرو بەرخ، ئەوانەی ناوی خوایان لەسەر هاتووە لە رووی گەشەکردنی بەکتریاوە نەزۆك بوون بە رێژەی ٩٩٪.

بەڵام نموونەکانی تر ئەوانەی لە کاتی سەربریندا ناوی خوایان لەسەرنەهاتووە، وەك گوێرەکەو پەلەوەر و بەرخ دەرکەوت کە گەشەکردنێکی بەکتریایی زۆری تێدا هەیە.

هەروەها لە ناوەندی EMB تێبینی ئەوە کرا کە گەشەکردنێکی گەورەی بەکتریای بە شێوە چیلکەیی گرام نێگەتیف هەیە.

**لە رووی سەرنجدانەوە:**

تێبینی کرا کە ئەو دوو جۆرە گۆشتە رەنگیان جیاوازە ئەوانەی ناوی خوایان (جل جلالە) لەسەرهاتووە و ئەوانەش کە ناوی خوایان جل جلالە لەسەر نەهاتووە رەنگی ئەو گۆشتەی کە ناوی پەروەردگاری (جل جلالە) لەسەر کرا بوو رەنگی سورێکی ئاڵ بوو، بەڵام ئەوانەی ناوی خوایان (جل جلالە) لەسەر نەهاتووە رەنگەکەی سورێکی تۆخەو بەلای شیندا دەڕوانی.



ناوەندی دەست نیشانکردن





ناوەندێکی دیاریکردنی (EMB)



ناوەندێکی دیاری کردنی خوێن



ناوەندێکی سرێژکراوی خۆراکی

گۆشتی بەرخ کە ناوی خوای لەسەر هاتووە ناوەندی چاندنەکە دەردەکەوێت کە پاکە و گەشەکردنی میکرۆبی پێوە دیار نییە



ناوەندێکی سرێژکراوی خۆراکی

گۆشتی بەرخ ناوی خوای لەسەر نەهاتووە ناوەندی چاندنەکە گەشەکردنی میکرۆبی پێوە دیارە

**لە رووی شانەییەوە:**

لەو نموونانەی کە «بسم الله، الله اکبر»ی لەسەر نەکرابوو تێبینی کرا کە ژمارەیەکی زۆر لە خرۆکەی سپی هەوکردن لەناو ماسوولکە شانەدا بوونی هەیە، هەروەها ژمارەیەکی زۆرتری خرۆکەی سوور لە ناو دەمارەکانی خوێندا.

بەڵام هەرچی ئەو نموونانەی کە ناوی پەروەردگاریان لەسەر هێنرابوو لەم خرۆکانە پاك بوون و ئەندازەیەکی زۆر کەمیان (کە نزیك بوو لە سفرەوە) تێدا بوو.



برگەیەك لە ماسوولکە شانە

گۆشتی گوێرەکە کە ناوی خوای لەسەر هاتووە شانەکە بە رەنگی سوری ئاڵ دەردەکەوێت



برگەیەك لە ماسوولكە شانە

گۆشــتی گوێرەكــە كــە ناوی خوای لەســەر نەهاتووە. شــانەكە شین بوونەوەو خوێن تێزانی پێوە دیارە.

**پوختە:**

لێــرەوە لــەوە دەگەیــن كــە ئەو ئــاژەڵ و پەلەوەرانەی لەكاتی ســەربڕیندا نــاوی خوایان «جل جلاله» لەسەر دەهێنرێت گۆشتەكەیان پاكە و كەمتر میكروبی تێدایە، بەڵام ئەوانەی كە بەبێ هێنانی ناوی خوا جل جلاله سەربڕدراون خوێنی تێدا ماوەتەوە و زۆرترینی كات ئەم جۆرەیان پڕە لە میكروب، بەڵام چۆن؟ بەڕاســتی ئەمە شوێنی پرســیار و تێرامانە لە ڕووی زانستیەوە، ئەمەش یەكێكی ترە لەو ئیعجازە زانســتییانەی كە بۆتە جێگەی سەرنجی كەســانی بیرمەندو خاوەن فام {إِنَّ فِي ذَلِكَ لَذِكْرَى لِمَن كَانَ لَهُ قَلْبٌ أَوْ أَلْقَى السَّمْعَ وَهُوَ شَهِيدٌ } ق٣٧

د. فایز حەكیم دەڵێت:

ئەنجامی لێكۆڵینەوە لەســەر ئەو نموونانەی كە كاری چاندیان لەســەر كرا بوو، دەریخست كە ژمارەیەكی زۆر لە میكروبی نەخۆشی لەناوەندی ئەو نموونانــەدا هەبوون كە لەكاتی ســەربڕیندا ناوی خوایان لەسەر نەهاتبوو، بەڵام ئەوانەی كە «بســم الله اکبر»یان لەسەر كرابوو هیچ جۆرە میكروبێكی نەخۆشیان هەڵنەگرتبوو .



دوو بڕگەی توێكاری شانەیی لە گۆشتی بەرخدا

ســەرنجی ئەو جیاوازیە بدە لە نێوان ڕەنگی ئەو گۆشتەی ناوی خوای لەسەر هاتووە و ئەوەش كە ناوی خوای لەسەر نەهاتووە



دوو بڕگەی توێكاری شانەیی لە گۆشتی بەرخدا

ســەرنجی ئەو جیاوازیە بدە لە نێوان ڕەنگی ئەو گۆشتەی ناوی خوای لەسەر هاتووە و ئەوەش كە ناوی خوای لەسەر نەهاتووە

هەروەها دوای پشكنینی شــانەیی (نسیجی) دەركــەوت كە ژمارەیەكی زۆر لە خڕۆكەی ســور و ســپی لە دەمــارە خوێنینەكانی ئــەو نموونانە هەبوون كە نــاوی خوایان (جل جلاله) لەســەر نەهێنرابوو.



وێنەیەكی وردبینی ماسوولكە شانە
گۆشتی بەرخ ناوی خوای لەسەر هاتووە

سەرنج بدە خڕۆكەی سپی هەوكردن لەسەری كەمە، ئەمەش بەڵگەیە لەســەر گەشــەنەكردنی میكروب.



وێنەیەكی وردبینی ماسوولكە شانە

گۆشتی بەرخ ناوی خوای لەسەر نەهاتووە

ســەرنج بدە خڕۆكەی ســپی هەوكردنی بە ئەندازەیەكی زۆر هەیە، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر بونی میكروب و گەشە كردنی.



وێنەیەكیوردبینی ماسوولكە شانە

گۆشــتی مریشــك كە نــاوی خوای لەســەر هاتووە.
سەرنج بدە خڕۆكەی سپی هەوكردن لەسەری كەمە، ئەمەش بەڵگەیە لەســەر گەشــەنەكردنی میكروب و زۆر بوونی.



وێنەیەكی وردبینی ماسولكە شانە

گۆشتی مریشك ناوی خوای لەسەر نەهاتووە

ســەرنج بدە خڕۆكەی ســپی هەوكردنی بە ئەندازەیەكی زۆر هەیە، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر بونی میكروب و گەشە كردنی.

**ڕۆڵی گەرمی و كوڵاندن:**

بەكارهێنانی ڕێگای گەرمكردن بۆ پاكردنەوە و لەناوبردنی میكروبی نەخۆشی لەو گۆشتانەی كە ناوی خوایان لەســەر نەهاتووە، لەبەر ئەوەی زۆر لەو گۆشــتانە ناخورێــت هەتا ئەو كاتەی لە ڕێی كۆمەڵێك هۆكارەوە چارەسەر نەكرێن وەك كوڵاندن و ساردكردنەوە بۆ پلەی زۆر نزم.
ئایا كوڵاندن و دانانی گۆشت لە پلەی بەرزدا دەبێتە پاكردنەوەی لە هەموو جۆرە میكروبێكی زیانبەخش؟

د.انور عمر دەڵێت:

زۆرێك لەو بەكتریایانەی نەخۆشی دەخەنەوە دەردراوێكی ژەهراوی دەردەكەن، كە دوو جۆرن:
١. گەرمی كاری تێدەكات.
٢. بەرگری كاریگەری گەرما دەكات.

ئامادەکردن و لێنانی گۆشت بە تەنها سوودی نابێت بۆ لەناوبردنی ئەم جۆرە دەردراوە ژەهراویانە، وەك چۆن هەندێك بەکتریا بەرگەی گەرمی دەگرێت، چونکە ترشی





ناوکی ئەم بەکتریایە جارێکی تر توانای دروست کردنی نەخۆشی دەبێت لە لای ئەو کەسانەی کە لەو گۆشتە دەخۆن کە ناوی خوای لەسەر نەهێنراوە.

شانەکانی ئاژەڵ بە شێوەیەکی گشتی ناوەندێکی گونجاون بۆ گەشەکردنی میکرۆب، خوێنیش رێژەیەکی باش ئاو و خۆراکی تێدایە کە بۆ گەشەکردن و زۆربونی میکرۆب بەسوودە و دەبێتە ناوەندێکی زۆرباش.

لە نێوان ئەو میکرۆبانەی کە دەتوانن لەناو شانەکانی گۆشتدا گەشە بکەن باسی (هێشووییە ئاڵتوونیەکان) دەکەین، کە ئازار بۆ کۆئەندامی هەرس دروست دەکەن.

ئەگەر ئەم جۆرە میکرۆبە بواری بۆ رەخسا و توانی لەناو گۆشتی ئاژەڵدا گەشە بکات، پاشان لە رێگەی خواردنی ئەو گۆشتە ژەهراویەوە گوازرایەوە بۆ ناو لەشی مرۆڤ، دەبێتە هۆی دەرکەوتنی نیشانەی نەخۆشی جیاواز بەتایبەت لە هەرسدا کە بەهۆی ژەهری ئەم میکرۆبەوە دروست دەبێت.

ژەهرەکەی بەوە دەناسرێت کە بەرگەی پلەی گەرمای بەرز دەگرێت، ئەگەر لەکاتی لێناندا بخرێتە بەر گەرمای زۆر ئەوا هیچ کاری تێناکات.

د.ابراهیم رفاعی دەڵێت:

ئەگەر خوێنێکی کەم لە ئاژەڵی سەربراودا بمێنێتەوە، تەنانەت ئەگەر بۆ ماوەیەکی درێژیش لە ساردکەرەوەدا هەڵبگیرێت، لەکاتی دەرهێنانەوەی و بەکارهێنانەوەی لەلایەن ژنی ماڵ یان لە لایەن چێشت لێنەران لە چێشتخانەکاندا.. ئەو میکرۆبانەی ناوی سەر لەنوێ دەکەونەوە کارکردن.

کاتێك تیمەکەمان بۆ لێکۆڵینەوە لە دیاردەی سەربرین (لەسەر ئەو ئاژەڵ و پەلەوەرانەی کە ناوی خوایان «جل جلاله» لەسەر هاتووە) کاریان کرد بۆیان دەرکەوت کە رێژەیەکی زۆر لە خوێن دێتە دەر یان بە تەواوی دێتە دەر لە لاشەی سەربراوەکە کە ئەمەش ئەنجامێکی باشی دەبێت و ئەگەر دوای ئەوە لە ساردکەرەوەدا هەڵبگیرێت بوار بە گەشە کردنی میکرۆب نادات، چونکە مانەوەی خوێن ئەگەر رێژەیەکی کەمیش بێت بوار بە زۆر جۆر لە و میکرۆب دەدات کە گەشە بکەن، هەروەها مانەوەی ئەم میکرۆبانە لەناو ئەو خوێنەی کە لە لاشەکەدا ماوەتەوە دوای سەربرین، بە ساردیەکی زۆر لاواز نابێت بەڵکو پارێزگاری لە توانای خۆی دەکات.

هەرچەندە زۆر کەس وا گومان دەبەن کە سارد کردنەوە و بەستن میکرۆب لە ناو دەبات ئەمەش راست نی یە، لە کاتی دەرهێنانەوەی ئەو گۆشتە بە مەبەستی بەکارهێنانەوەی هەر بە ئاسایی بونەوەی گەرمیەکەی ئەویش ئاسایی دەبێتەوە و دەچێتەوە باری خۆی.

## کاریگەریەکان:

لە سەرەتادا تیمی لێکۆڵینەوە مەسەلەی هێنانی ناوی (خوا)یان لەسەر سەربراو بە جۆرێك لە دوودڵی و ساردی وەرگرت بەڵام بە دەرکەوتنی ئەنجامە بەراییەکان تیمەکە سەرسام بوون.. ئەم سەرسامیە لە ماوەی لێکۆڵینەوەکەدا زیاتر بوو.

د.دارم الطباع دەڵێت:

مرۆڤ لەسەرەتادا سەرسام دەبێت کە ئەم وشەیە (بسم الله، الله اکبر) چ کاریگەریەکی گەورەی هەیە، بەڵام بە دەرکەوتنی ئەنجامەکان هەست دەکەیت کە ئەمە شایستەی سەرسام بوونە.

د.ابراهیم مهەرە دەڵێت:

ئەم ئەنجامانە شوێنی تێرامان بوون بۆ تیمی پزیشکی کە بە لێکۆڵینەوەکە هەستان.

د.انور العمر دەڵێت:

لە راستیدا هێنانی ناوی خوا لەسەر ئاژەڵ لە کاتی سەربریندا ئەنجامێکی دا بە دەستەوە کە چاوەڕوان نەدەکرا.

د.مروان السبع دەڵێت:

وەك ووتراوە تاقیکردنەوە باشترین بەڵگەیە.. ئەو شیکاریانەی کە لەتاقیگە کە لەسەر نمونەی گۆشتەکان و خوێنەکەیان کراوە، ئەوە دەردەخات کە جیاوازیەکی گەورە هەیە لە نێوان ئەو گۆشتەی کە ناوی خوای لەسەر هاتووە و ئەوەی ناوی خوای لەسەر نەهاتووە.

ئێستا ئێمە لەسەردەمێکداین ئەوەی بەڵگە و شیکاری لەگەڵدا نەبێت وەرناگیرێت، وەرن ئەوە تاقیبکەنەوە کە ئێمە دەیڵێین هەتا راستی ئەو قسانەی ئێمەتان بۆ دەرکەوێت.

خوای گەورە داوامان لێدەکات کە لەکاتی سەربرینی ئاژەڵدا ناوی (الله) بهێنین ....لِيَذْكُرُوا اسْمَ اللَّهِ عَلَى مَا رَزَقَهُم مِّن بَهِيمَةِ الْأَنْعَامِ...} من الايه الحج٣٤ هەروەها پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) دەفەرموێت «..وإذا ذبحتم فأحسنوا الذبحة، ولْيُحدَّ أحدكم شفرته ولْيُرِحْ ذبيحته».

هەروەها پێغەمبەری خوا «صلی الله علیه وسلم» دەفەموێت: «والشاه إن رحمتها رحمك الله».

چەند ئایەت لە قورئاندا هەیە کە مرۆڤ ئاگادار دەکەنەوە لەسەر هێنانی ناوی خوا لەکاتی سەربرینی ئاژەڵ و پەلەوەردا، چەند فەرمودەش هەیە موسڵمان لەسەر ئەوە هان دەدات وەك پێغەمبەری خۆشەویست (صلی الله علیه وسلم) دەفەرموێت «ما أُنهر الدمُ وذُكر اسم الله علیه فكلوا..»، «إذا سميتم فكبروا» واتە لەسەر سەربراوەکە.

## حەرامکردنی گۆشتی مردارەوە بوو و خوێن:

هەر بەو جۆرە خوای گەورە بەر لە ١٤٠٠ ساڵ و لەگەڵ دەرکەوتنی خۆری پرشنگداری ئیسلام داوای لە برواداران کردووە کە ئەو گۆشتە نەخۆن کە لەکاتی سەربریندا ناوی خوای لەسەر نەهاتووە {وَلَا تَأْكُلُواْ مِمَّا لَمْ يُذْكَرِ اسْمُ اللَّهِ عَلَيْهِ ......} من الاية الأنعام١٢١، لەوەش زیاتر خوای بالادەست مردارەوە بوو و خوێنی لەسەر موسڵمانان حەرام کردووە کە ئەمرۆ زانست پیسی و خراپیان دەخاتە روو {إِنَّمَا حَرَّمَ عَلَيْكُمُ الْمَيْتَةَ وَالدَّمَ .... } من الاية البقرة١٧٣، {حُرِّمَتْ عَلَيْكُمُ الْمَيْتَةُ وَالْدَّمُ وَلَحْمُ الْخِنْزِيرِ وَمَا أُهِلَّ لِغَيْرِ اللَّهِ بِهِ ........} من الایه المائدة٣

خوای گەورە مردارەوە بوی بەر لە ١٤٠٠ ساڵ حەرام کردووە، ئەمرۆش زانست دەڵێت مردارەوە بوو میکرۆبی زۆری تێدایەو دەبێتە هۆی نەخۆشخستنی ئەو کەسەی کە هەڵدەستێت بە خواردنی، هەروەها خوێن ناوەندێکی باشە بۆ گەشەکردن ومانەوەی میکرۆب وەك باسکرا، هەرکات مرۆڤ بیخوات بێگومان نەخۆش دەکەوێت.

## پەراوێز:

١- تیمەکە بریتی بوون لە: (د.مروان السبع) پسپۆر لە بۆماوەزانی و زانستی تەندروستی ئاژەڵ لە زانکۆی حەلەب، (د.محمد نبیل شریف) راگری

پێشووی کۆلیژی دەرمانسازی لە زانکۆی دیمەشق، (د.احمد سمیر نوری) نەقیبی دەرمانسازانی سوریا، (د.فایز حکیم) هەڵگری بۆردی ئەمریکی لە پاسۆلۆجیای شیکاری و کلینیکی، (د.سعد مخلص یعقوب) پسپۆڕ لە پزیشکی تاقیگەیی ودەرمانسازی لە فەرەنسا، (د.دارم طباع) پسپۆڕ لە تەندروستی گشتی و لە ئەڵمانیا، (د.محمد منزلجی) پسپۆڕی لە نەشتەرگەری ئاژەڵ لە ستۆکهۆڵم، (د.ابراهیم مەهرە) مامۆستای نەخۆشی ئاژەڵ و پەلەوەر لە زانکۆی دیمەشق، (د.فواد نعمة) مامۆستای تەندروستی گۆشت لە کۆلیژی ڤیتیرنەری، (د.نادر دباغ) سەرۆکی بەشی کارئەندامزانی لە کۆلیژی پزیشکی ڤیتیرنەری، (د.انور عمر) دکتۆرا لە زانستی لە فەرەنسا، (د.عادل محیو) سەرۆکی بەشی زانستی خواردن لە کۆلیژی کشتوکاڵ لە حەلەب، (د.عبدالرزاق حسین) نەقیبی دەرمانسازان لە پارێزگای ئیدلەب، (د.زیاد درویش) سەرۆکی بەشی نەخۆشیەکانی کۆئەندامی هەرس لە زانکۆی دیمەشق، (د.ئەنەس نازر) پسپۆڕ لە نەخۆشیەکانی کۆئەندامی هەرس لە هەنگاریا، (د.ابراهیم الرفاعی) دکتۆرا لە زانستی لە زانکۆی وارشۆ، (د.جەمال عەلوش) مامۆستا توێکاری لە کۆلیجی ڤیتیرنەری، (د.عەمار مارتینی) پسپۆڕ لە پزیشکی تاقیگە، (د.احمد فازل) ڕێپێدراو لە دەرمانسازی و کیمیای دەرمانسازی و چاودێری دەرمان، (د.ابراهیم سیف الدین) پسپۆڕ لە پزیشکی و نەشتەرگەری ئاژەڵ.



الأستاذ الدكتور
محمد نبيل الشريف



الأستاذ الدكتور
أحمد سمير النوري



الأستاذ الدكتور
فايز الحكيم



الأستاذ الدكتور
سعد مخلص يعقوب

٢-ئەوانەی لەکاتی سەربرین ناوی پەروەردگاریان «جل جلاله»لەسەر هێناوە وئەوانەش بەبێ هێنانی ناوی خوا سەربڕاون.

سەرچاوە: www.thingsnotsaid.org



# تونێلە ڕەشەکان

هیوا سیوەیلی

لەو نیشانە گەورانەی کە خوای گەورە لە قورئاندا باسی کردوون و سوێندی پێ خواردوون (الخُنّس) (فَلَا أُقْسِمُ بالْخُنَّس ★ الْجَوَارِ الْكُنَّس ★ وَاللَّيْلِ إِذَا عَسْعَسَ ★ وَالصُّبْحِ إِذَا تَنَفَّسَ ★ إِنَّهُ لَقَوْلُ رَسُولٍ كَرِيم) [التكوير: ١٥-١٩].

ئەم ئایەتە باس لە چەند بونەوەرێکی گەردونی دەکات کە بە «الخنس» ناوی بردووە، بەڵام ئەو بونەوەرانە چین؟ پێشینانی ئێمە چۆن لە واتای ئەو ئایەتە گەیشتوون؟ وە ئێمە چۆن لەم چەرخەدا، لەدوای پێشکەوتنی زانستی گەردوونی لێی تێدەگەین؟

بۆ ئەوەی لە گەورەیی ئەم بونەوەرانە بگەین، بیهێنە خەیاڵی خۆت ئەگەر زەوی تیرەکەی نزیکەی ١٢,٥ هەزار کیلۆمەتر بێت و ببێتە تونێلێکی ڕەش ئەوا تیرەکەی دەبێتە کەمتر لە یەك سانتیمەتر! بەڵام چیرۆکی ئەم تونێلە ڕەشانە چی‌یە؟ چۆن دروست دەبن، لە کوێ هەن؟ ئایا قورئان باسی کردوون؟



بۆ ئەوەی لە گەورەیی ئەم تونێلانە تێبگەین گریمان تۆ لەسەر زەوی وەستاویت‌و بەردێك هەڵدەدەیت‌و بە هێزی کێشکردن دەگەڕێتەوە، ئەگەر خێرایی ئەم بەردە زیادبوو هەتا ١١,٢ کم/ چرکە ئەوکاتە لە بەرگی زەوی دەردەچێت‌و لە هێزی کێشکردنی زەویدا نامێنێت، بەڵام بۆ دەرچوون لە ڕووی تونێلە ڕەشەکان پێویستە خێراییەکەی لە خێرایی ڕووناکی زیاتر بێت، ئەو کاتەش فۆتۆنەکانی ڕووناکی توانای دەرچوونیان نابێت، لەبەر ئەوە ئەم ئەستێرەیە تاریکەو ڕووناکی تێدا نابینرێت.

## ڕاڤەی ئایەتەکە:

زۆربەی ڕاڤەکارانی قورئان دەڵێن (فَلَا أُقْسِمُ بِالْخُنَّسِ ★ الْجَوَارِ الْكُنَّسِ) بریتی‌یە لە ئەستێرەکان، کە لە ڕۆژدا دیارنامێنن و لە شەودا دەردەکەون، ووشەی (الخُنّس) لە کرداری «خنس» هاتووە کە بەمانای شاردنەوە ودیارنەمان دێت، ئەمە لە زمانەوانیدا، بۆیە ووتویانە ئەم ئەستێرانە لەڕۆژدا دیارنامێنن بۆیە ئەمە «الخنس»ە، «الجوار» واتە دەڕوات، بەمانای دەبینربێت لەکاتێکدا دەڕوات (الكُنّس) واتە ڕووی ئاسمان پاك دەکاتەوە کاتێك دیار نامێنێت.

بەڵام هەست بە کەموکورتی دەکەیت دوای ئەوەی سەرنجی ئەم لێکدانەوەیە دەدەیت، چونکە کاتێك خوای گەورە دەفەموێت (فَلَا أُقْسِمُ بِالْخُنَّسِ) باسی بونەوەرێکمان بۆ دەکات کە نابینرێت، بۆیە شەیتانی بە «الخناس» ناوبردووە مِنْ شَرِّ الْوَسْوَاسِ الْخَنَّاسِ ووشەی «الخناس» واتە نابینریَت (إِنَّهُ يَرَاكُمْ هُوَ وَقَبِيلُهُ مِنْ حَيْثُ لَا تَرَوْنَهُمْ..) [الأعراف: ٢٧].

لەبەر ئەوە مەبەست لە «الخنس» ئەستێرەکان نی‌یە چونکە خوای گەورە ڕاستیەکی گەورەمان دەداتێ کە تەنها بۆ ئەهلی زەوی نی‌یە، چونکە ئەم قورئانە بۆ هەموو ڕۆژگار و شوێنێك دەبێت، (فلا أقسم بالخنس) لەبەر ئەوە خوای گەورە لەم ئایەتەدا باس لە چەند بونەوەرێك دەکات کە هەرگیز نابینرێت بەڵام «الجوار» واتە ڕۆیشتن، «كنّس» واتە هەرشتێك بێتە سەر ڕێگای و بەردەمی ئەوا لایدەبات و دەیماڵێت، ئەمە سێ سیفەتن بۆ ئەم بونەوەرانە کە خوای گەورە لە قورئاندا بۆی باس کردووین.



ئەستێرە کاتێك دەپەستڕێت‌و بەسەر خۆیدا دەکەوێت شێوەی تونێلە ڕەشەکان وەردەگرێت، بەڵام ئەم ئەستێرەیە بیست هێندەی کێشی خۆر زیاترە، واتە خۆری خۆمان کە کێشەکەی ٢٠٠٠ ملیۆن ملیۆن ملیۆن تەنە، بەڵام ئەستێرە هەیە بیست هێندەی ئەو کێشەیە، ئەم ئەستێرانە کاتێك دەبنە تونیلە ڕەشەکان‌و تەپ‌و تۆزی دووکەڵی دەماڵێت‌و هەر شتێك بێتە ڕێگای وەك گسك هەڵیدەلووشێت.

کە ئەستێرەیەک ووزەی پێ نامێنێت ئەوا بەرەو تەواو بوون ، واتە بەرەو لەناوچوون و مردن دەچێت، لێرەدا یەکێک لە ئایەتە جوانەکانی قورئان ئەم دیاردەیەمان بۆ باس دەکات کە ئەویش کەوتن و لەناوچوونی ئەستێرەیە (وَالنَّجْمِ إِذَا هَوَى، مَا ضَلَّ صَاحِبُكُمْ وَمَا غَوَى) [النجم: ١-٢]، هەموو ئەستێرەیەک لە بونەوەردا کۆتاییەکی هەیە بەڵام ئەم ئایەتە تایبەت نییە بە یەک ئەستێرەوە بەڵکو هەموو ئەستێرەکانی ناو گەردوون دەگرێتەوە.

کەواتە توونێلە ڕەشەکان «کونە ڕەشەکان» نابینرێن، لێرەوە لە واتای ئەم ئایەتە دەگەین (فَلَا أُقْسِمُ بِالْخُنَّسِ) بۆ هەموو ڕۆژگار و شوێنێک دەبێت، بەڵام ئەم تەنانە نابینرێن، هەروەک زانایان دەڵێن ئەم تەنانە وەک ئەستێرەکان دەڕۆن و لە جوڵەدان (وَكُلٌّ فِي فَلَكٍ يَسْبَحُونَ) [یس: ٤٠] هیچ ئەستێرەیەک جێگیر نییە لە بونەوەردا، هەموو دەجوڵێن و دێن و دەچن تەنانەت تۆز و هەڵمی گەردوونی ، هەمویان بە سستمێکی دیاریکراو جوڵە دەکەن .



کاتێک زاناکان لە ڕێگەی پێگە فەلەکییەکانیانەوە وێنەیان دەگرت، چەند وێنەیەکی تەپوتۆزو مادەی گەردوونیان گرت کە بە دەوری خۆیدا بە خێراییەکی زۆر دەسووڕایەوە، دوای لێکۆڵینەوە بۆیان دەرکەوت کە هۆکاری ئەو سووڕانەوەیە بوونی توونێلێکی ڕەشە کە ئەو تۆزو مادە گەردوونیانە هەڵدەلوشێت. لەبەر ئەوە وتیان کە ئەم ئەستێرانە وەک گسکی کارەبایی کاردەکەن، کە هەتا دوورییەکی دیاریکراو هەرشتێک لە دەوروبەریان بێت کیشی دەکەن بۆ خۆیان.

لێرەدا گرنگترین سیفاتی کونە ڕەشەکانمان بۆ دەردەکەوێت کە نابینرێن و بەخێراییەکی زۆر دەڕۆن و هەرشتێک بێتە سەرڕێیان قوتی دەدەن.

## قورئان ڕاستیەکان دەپێکێت

ئەو ووشانەی کە قورئان لەم بابەتەدا بەکاری هێناون روونتر و ئاشکراترە لە وانەی کە زانایانی ڕۆژئاوا بەکاریدەهێنن، ئەوان بە کونە ڕەشەکان ناوی دەبەن، ئەم ناوانە لەسەر زمانی یەکێک لە زانایانەوە هات کەوا گومانی برد لە ئاسماندا کون هەیە (واتە شوێنی بۆش) بۆیە ناوی نا «کونی ڕەش» بەڵام دوایی دەرکەوت کە کێشی ئەو توونێلانە زۆر زۆرە بە ئەندازەیەک کە بلیۆن بلیۆن بلیۆن تەن دەکات، ئەم کێشە زۆرە لە بازنەیەکی تەسکدا کۆدەبێتەوە کە بە توونێلی ڕەش ناسراوە، بەڵام قورئان بە توونێلی ڕەش ناوی نەبردووە چونکە کون واتە بۆشایی بە پێچەوانەوە ئەم تەنانە بۆشایی تێدا نییە بەڵکو کێشی زۆر و هێزی کێش کردنیان لە لوتکەدایە زۆربەهێزە.



لێرەدا هەست بە بەزەیی پەروەردگار دەکەین لە بێتوانایی ئەم توونێلانە لەسەر تەنە دوورەکان، چونکە ئەگەر وا نەبوایە لەمێژ بوو زەوی لووش درابوو چونکە گەلە ئەستێرەکەمان ملیۆنان توونێلی ڕەشی تێدایە! زانایان دەڵێن ئەم توونێلانە گۆڕستانی گەردوونین، چونکە قۆناغی مردنی ئەستێرەکانن.

ئەم ئەستێرەیە ناونرا بە ئەستێرەی ڕەش، بەڵام ئەم ناونانانە هەڵەن چونکە هیچ کام لەو توونێلانە نابینرێن کە گەورە زانایانی بواری گەردونزانی باسی دەکەن، ئایا توونێلی ڕەش بەراستی ڕەشە، لە ئەنجامی توێژینەوەی زانایان ئەوە دەرکەوت کە ئەم کونانە هیچ ڕەنگێکیان نییە چونکە نابینرێن.



کاتێک ئەم توونێلە ڕەشانە پێکدێن و بەسەر خۆیاندا دەپەسرێن قەبارەکەیان زۆر بچووک دەبێتەوە و پلەی گەرمییان بۆ پلەیەکی زۆر بەرزدەبێتەوە، هێزی کێشکردنیان بە شێوەیەکی خەیاڵی زیاد دەکات، لەبەرئەوە ئەو ڕووناکییەی کە لێوەی دەردەچێت کێش دەکرێتەوە بۆ ناو توێلە ڕەشەکان، بۆیە زاناکان دەڵێن دیارترین سیفەت تیایاندا ئەوەیە کە نابینرێن

لێرەوە لەوە دەگەین کاتێک قورئان ووشەی «الخنس»ی بە کۆ بەکارهێناوە لەرووی زانستیەوە ئەم ووشەیە لە سەدا سەد تەواوە، کاتێک زانایان زاراوەیەک دەردەکەن و پاشان و دوای ماوەیەک دەیانەوێت ئەو زاراوەیە بگۆڕن ناتوانن، چونکە هەروەک خۆی دەمێنێتەوە هەرچەندە زاراوەکەش هەڵەیە، بەڵام لە قورئاندا دەستەواژەیەکی جوان و گونجاو هاتووە واتە بەر لە هەزار وچوارسەد ساڵ خوای گەورە ووشەی «الخنس»ی بەکارهێناوە لە ڕۆژگارێکدا کە هیچ کەس گومانی نەدەبرد و نەیدەزانی ئەم تەنانە یان ئەم توونێلانە هەن؟



ئەگەر بمانەوێت قەبارەی کەوچکە چایەک لە پێکهاتەی ئەم توونێلە ڕەشانە هەڵگرین بێگومان ناتوانین، چونکە کێشەکەی ٤٠٠ هەزار ملیۆن تەنە!!

خوای گەورە بوارێکی گەورەی کێشکردنی داوە بەم ئەستێرانە بەڵام سنوردارە چونکە پشتێنەیەک بە دەوریدا دێت و توانای ئەو لە سنوری ئەو پشتێنەیەدایە، لە دەرەوەی ئەم بوارە ناتوانێ هیچ بکات بەڵام هەر تەنێک بچێتە ناو ئەو بوارەوە نامێنێت و دەبێتە قوتونی رووناکی و جارێکی تر نابینرێتەوە، ئەگەر ئەو پشتێنەیە نەبوایە هەموو شتێکی لە بونەوەردا قوت دەدا!!

مەبەست لەم باسە ئەوەیە کاتێک ئایەتی (فَلَا أُقْسِمُ بِالْخُنَّسِ، الْجَوَارِ الْكُنَّسِ) دەخوێنین، وەک ئەوەی خوای گەورە پێمان بڵێت: ئێوە کاتێک هەستتان بە بونی ئەم دیاردەیە کرد لە ڕێگەی ئامێرەکانتانەوە و بەدرێژایی زیاتر لە دەیان ساڵ توانیتان بگەنە ئەو ڕاستیە، بەڵام خوای گەورە بەر لە هەزار و چوارسەد ساڵ ئەم هەواڵەی لە قورئاندا گەیاند بە پێغەمبەری خوا «صلی الله علیه وسلم» کاتێک کەس لەسەر زەویدا هەستی بە بونی ئەوە نەدەکرد ، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئەم قورئانە لەلایەن خوای باڵادەستەوە دابەزیووە و لەتوانای مرۆڤدا نییە ئەوە بزانێت، هەر لەبەر گرنگی دیاردەکەیە کە خوای گەورە سوێندی پێ خواردووە (قُلْ أَنْزَلَهُ الَّذِي يَعْلَمُ السِّرَّ فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ إِنَّهُ كَانَ غَفُورًا رَحِيمًا) [الفرقان: ٦]

**سەرچاوە:**
www.55a.net

# عیددەی ئافرەت و ئیعجازی نوێی زانستی



د.دیاری ئەحمەد ئیسماعیل
پسپۆری نەشتەرگەری/ دکتۆرا لە نەشتەرگەریدا
ئەندامی کۆلێژی پادشایی نەشتەرگەران لە ئینگلتەرا
MRCS, FIBMS

بابەتــی عیــددەی ئافــرەت زۆری لەســەر نووســراوە و، گەورەیی ئیسلام روون و دیارە کە گرنگــی داوە بــە یەکلابوونەوەی ئــەوەی لە ناو منداڵدانی ئافرەتدا دروســت بــووە، تا وەچەکان تێکەڵاو نەبــن و، کۆمەڵگایەکی خاوێن دروســت ببێــت. هــەر بۆیە زانایــان وتوویانــە: ئافرەتی دووگیان بە ٣ قۆناغدا تێدەپەڕێت:

- قۆناغی یەکەم: قۆناغی دوودڵی (الشــك)ە، کە تیایدا خوێنی حەیز دەوەستێت، بەڵام نەمانی خوێن نیشانەیەکی کۆتایی نییە لەسەر دووگیانی (الحمل)، چونکە لەوانەیە وەستانی خوێن بەهۆی هۆکارێکــی تــرەوە بێــت، وەك تێکچوونی باری دەروونــی، یان هۆرمۆنی، یــان گۆڕانکارییەك لە کۆئەندامی زاووزێدا.
- قۆناغی دووەم: قۆناغی گومان (الظن)ە، کە ئافرەت تووشی هەندێك نیشانەی دەروونی دەبێت، وەك هەستکردن بە خەموکی و، هەندێ نیشانەی کۆئەندامێکــی هــەرس وەك دڵبەیەکداهاتــن و رشــانەوەو، حەزکــردن بــە تەنیایی، کــە پێی دەوترێــت (بێزووکــردن)، لەم کاتــەدا گومانی زۆر ئەوەیــە کــە ئافرەتەکــە دووگیانــە، بەڵام ئەم نیشــانانە لەوانەیە لــە ئافرەتدا رووبدات و دووگیانیش نەبێت، پێی دەوترێت: نیشــانەکانی دووگیانی درۆینە.

قۆناغی سێیەم: قۆناغی دڵنیایی (الیقین)ە.. دوای نزیکــی ٣ مانــگ، وەك خــوای گــەورە دەفەرموێــت: (وَالْمُطَلَّقَــاتُ يَتَرَبَّصْنَ بِأَنفُسِــهِنَّ ثَلاثَةَ قُرُوءٍ وَلا يَحِلُّ لَهُنَّ أَن يَكْتُمْنَ مَا خَلَقَ اللَّهُ فِي أَرْحَامِهِنَّ إِن كُنَّ يُؤْمِنَّ بِــاللَّهِ وَالْيَوْمِ الآخِرِ)البقرة: ٢٢٨ واتــە: ( ژنــە جیابووەکان خۆیــان دەگرن تامــاوەی ٣ حەیز، دروســت نییە بۆ ئــەوان کە ئــەوەی خوا لە منداڵدانیاندا درووســتی کردووە (لە حەیز یان منداڵ) بیشــارنەوە ئەگەر بڕوایان هەیە بە خوا و ڕۆژی دوایی)[١].. کە لەم قۆناغەدا دڵــی منداڵەکە دەســت دەکات بە لێدان و، لەگەڵ لێدانــی دڵیدا کۆرپەکە دەســت دەکات بە جووڵە و، ئەمــەش بەڵگەیەکی یەکلاکەرەوەیە لە ســەر بوونی دووگیانی[٢].

واتــە لەگــەڵ پێشــکەوتنی پزیشــکی و تەکنۆلۆجیاشــدا، کــە دەتوانرێت لــە ماوەیەکی کورتی دوای سکپڕی، لە ڕێگای پشکنینی تایبەتەوە، دەربکەوێــت کــە ئافرەتەکە دووگیانــە، بەڵام لە هەندێ حاڵەتدا لەوانەیە ئەو پشکنینە بە هەڵەدا بمانبــات.. ئەمە جگــە لەوەی کە ئــەم فەرمانە خواییە بۆ هەموو کاتێك و، سەردەمێکە!

جگە لــە یەکلابوونەوەی پاکیــی منداڵدان، چەند حیکمەتێکی کۆمەڵایەتی لە واجب بوونی عیددەدا هەیە ، کە لەوانەیە ئەو دوو هاوســەرە لــەو ماوەیــەدا بگەڕێنەوە بــۆ لای یەکتر، دوای بەخۆداچوونەوەیانــدا.. هەروەهــا لــە حاڵەتی بێوەژندا دەبینین کە عیددەکە درێژترە (٤ مانگ و ١٠ ڕۆژ) وەك خوای گەورە دەفەرموێت: ( وَالَّذِينَ يُتَوَفَّوْنَ مِنكُمْ وَيَذَرُونَ أَزْوَاجًا يَتَرَبَّصْنَ بِأَنفُسِــهِنَّ أَرْبَعَةَ أَشْــهُرٍ وَعَشْــرًا فَإِذَا بَلَغْنَ أَجَلَهُــنَّ فَلاَ جُنَاحَ عَلَيْكُمْ فِيمَا فَعَلْنَ فِي أَنفُسِــهِنَّ بِالْمَعْرُوفِ وَاللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرٌ) البقرة: ٢٣٤ واتە: (ئەو پیاوانەی کە دەمرن و هاوسەر بەجێ دەهێڵن، هاوسەرەکانیان بۆ ٤ مانگ و ١٠ ڕۆژ چاوەڕوانی دەکەن، ئینجا کە عیددەیان تەواوبوو، ئیتر کەســوکاری ئەو ژنانە نابێت ڕێگایان لێ بگرن کە بە پێی باوی کۆمەڵ چ بڕیارێك بۆ خۆیان دەدەن، وە خوا ئاگادارە بەوەی دەیکــەن)[٣]، دەبینین لەوە زیاتــرە کە دەرکەوێ ژنەکــە دووگیانــە، ئەمەش لەبــەر ئەوەیە وەك زانایان باســیان کردووە: چونکــە ئەو ئافرەتەی کە پیاوەکــەی دەمرێــت خەفەتدارتــرە لەوەی کە تەڵاقــدراوە، وەك وەفایەکیش بۆ مێردەکەی دەبێت زیاتر چاوەڕوانی بکات..

لە لایەنی زانستیەوە: دەرکەوتووە کە ناوپۆشی منداڵــدان بە تــەواوی داناماڵرێت بــە ڕوودانی حەیز، لەوانەیە بەشــێك لەو ناوپۆشە داماڵرێت و، ئەم ناوپۆشــە ئاوی پیاو کاری تــێ دەکات بە شێوەیەك کە منداڵدان دژەتەن (Antibody)ی بۆ درووســت دەبێت دژی هەر شــتێکی نامۆ کە بێتە ناوەوە.. ئەم دژەتەنانــە دێنە کایەوە دوای ئەوەی کــە ئافرەتەکــە تەعــارف دەکات لەگەڵ ئاوی پیاوەکەیــدا – وەك بڵێین فێــری کۆدێکی تایبەتی خۆی دەبێت- گەر وانەبێت دەبێتە هۆی دەرکردنی تەنانەت ئاوی پیاوەکەشــی، هەروەها کۆرپەکەی ناو منداڵدانیش- چونکە کۆرپە نیوەی هی پیاوەکەیە و نیوەکەی تری هی خۆیەتی- واتە هەر ئاوێکی تر بێتە ناو منداڵدانی ئافرەتەکەوە ئەم دژەتەنانە بەرەنگاریان دەوەستن..

بۆئەوەی ئافرەت ڕزگاری بێت لەو دژەتەنانەی کە دروســت بوون و بتوانێت پێشوازی لە ئاوێکی نوێ بکات، پێویســتی بە چەنــد حەیزێك هەیە، چونکــە لە یەکەم حەیزدا لە ٦٠٪ ی دژەتەنەکان ڕزگــاری دەبێت و، لە حەیزی دووەمدا ٣٠٪ و، لە حەیزی ســێیەمدا ١٠٪ یەکەی تــرا! جا بۆیە ئەو ئافرەتەی لــە مێردەکەی جیادەبێتــەوە بە لای کەمەوە پێویســتی بە ٣ حەیــز هەیە تا ڕزگاری بێــت لــە دژەتەنــەکان.. وە لــە کاتــی عیددەی دووگیاندا، بە دانانی ســکەکە ناوپۆشی منداڵدان ڕزگــاری دەبێت لە هەمــوو دژەتەنەکان، چونکە

دیواری ناوەوەی منداڵدان بە تەواوی دەگۆڕێت و نوێ دەبێتەوە(٤).. وەك خوای گەورە دەفەرموێت: (وَأُوْلَاتُ الْأَحْمَالِ أَجَلُهُنَّ أَن يَضَعْنَ حَمْلَهُنَّ) الطلاق:٤ واتە: (ژنانی دووگیان عیددەیان ئەو کاتەیە کە سکەکەیان دابنێن)(٥)، بەڵام لە عیددەی بێوەژندا ئەم ماوەیە زیاترە، مەبەست پاکبوونەوەی منداڵدان نییە - والله أعلم - بەڵکو مەبەست ڕاگەیاندنی خەم و پەژارەیە بە لە دەستدانی ئەو هاوسەرەی کە چەندەها ساڵ پێکەوە ژیاون و، مەرگ لێکی جیاکردوونەتەوە!

کەواتە دوای نزیکەی ١٤٠٠ ساڵ، زانستی نوێ سەلماندوویەتی کە ئاوی پیاو جیاوازی هەیە لە یەکێکەوە بۆ یەکێکی تر و، هەر پیاوێك کۆدێکی تایبەتی خۆی هەیە، کە جووتی ئەو پیاوە (ژنەکەی) دەتوانێت ئەو کۆدە بخوێنێتەوە و، لای خۆی تۆماری بکات. ئەگەر هەر کۆدێکی تر بێتە ناوەوە وەك ئەوەیە ڤایرۆسێك هاتبێتە ناوەوە و توشی تێکچوون و کەموکووری دەبێت، کە دەبێتە هۆی نەخۆشی ونەهامەتی.. بۆیە وەك دەرکەوتووە، ئەو ئافرەتانەی کە لەگەڵ زیاتر لە پیاوێك کاری سێکسی ئەنجام دەدەن توشی شێرپەنجەی منداڵدان دەبن بە ڕێژەیەکی زۆر بەرز، چونکە منداڵدان ڕوبەڕووی چەندین دژەتەنی جۆراوجۆر دەبێتەوە لە چەند پیاوێکی جیاوازەوە.

بۆیە پێویستە هەمیشە سوپاسی خوای گەورە بکەین کە کۆمەڵگای ئێمە کۆمەڵگایەکی – تارادەیەك- ئیسلامیە و، بەها کۆمەڵایەتیەکانمان، کە زۆربەی هەرە زۆری لە ئایینی پیرۆزی ئیسلامەوە هەڵقوڵاوە، دوورە لەو نەخۆشییە کوشندەیەی کە پێ ی دەوترێت شێرپەنجەی ملی منداڵدان (Cervical Cancer)، کە ڕۆژئاوای پێوە گیرۆدە بووە، تەنانەت لە هەندێ وڵاتدا دەبێت هەموو ئافرەتێك ساڵانە پشکنینی تایبەتییان بۆ بکرێت بۆ دڵنیابوون لەسەر تووش نەبوونی بەو نەخۆشییە، ئەم پشکنینە پێی دەوترێت (Pap test)، یان تا بەزووترین کات نەخۆشییەکە دیاری بکرێت و، چارەسەر بکرێت، پێش بلاوبوونەوەی بە لاشەدا و زیاتر کوشندە بوونی.

بۆ تێگەیشتنی زیاتر لەسەر سامناکی ئەم نەخۆشییە، دەتوانین سەرنجێکی ئەم ئامارەی لای خوارەوە بدەین کە لە ساڵی ٢٠٠٨ لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئەنجام دراوە لەلایەن (American Cancer Society):

١- نزیکەی ١١٠٧٠ ئافرەت لە ساڵی ٢٠٠٨دا دوچاری شێرپەنجەی منداڵدان بوون و، بە لاشەیاندا بلاوبوتەوە.

٢- نزیکەی ٣٨٧٠ ئافرەت بە هۆی شێرپەنجەی منداڵدانەوە دەمرن.

٣- نیوەی ئەو ئافرەتانەی دوچاری شێرپەنجەی منداڵدان دەبن تەمەنیان لە نێوان (٣٠ تا ٥٥ ساڵ)ە.

٤- هەموو ئەو ئافرەتانەی کە دوچاری شێرپەنجەی منداڵدان هاتوون، هەوکردنی ڤایرۆسی HPV (Human Papilloma Virus) یان هەبووە(٦).

ئەوەی شایانی باسە، کە تا ئێستاش، شێرپەنجەی منداڵدان دادەنرێت بە دووەم هۆی مردنی ژنان بە هۆی شێرپەنجەوە، لە جیهاندا!(٧)

جا با بزانین هۆکارەکانی توشبوون بەم نەخۆشییە چییە؟

دیارە هۆی ڕاستەقینە نەدۆزراوەتەوە، بەلام هۆکارە سەرەکیەکانی بریتین لە: شێواز و هەڵسوکەوتی سێکسی و، تووشبوون بە ڤایرۆسی HPV، کە ئەم ڤایرۆسە ٤٦ جۆری هەیە و، دەبێتە هۆی زیادبوونی ئەگەری توشبوونی منداڵدان بە گۆڕانی خانەییەوە (dysplasia) کە پاشان دەبێت بە شێرپەنجە.. وە ئەو ئافرەتانەی زۆرتر دووچاری ئەم هەوکردنە دەبن بریتین لە:

- ئەو ئافرەتانەی کە لەگەڵ چەند پیاوێکدا کاری سێکس دەکەن (Multiple sexual partners).
- دەست کردن بە کاری سێکسی پێش تەمەنی ١٨ ساڵی لە لایەن کچانەوە.
- ئەو ئافرەتانەی کە لە گەڵ ئەو پیاوانەدا کاری سێکسی ئەنجام دەدەن کە لەگەڵ ئافرەتێکی تردا کاری سێکسی دەکەن و تووشی شێرپەنجەی منداڵدان هاتوون(٨).

لەمانەوە پاك و بێگەردی دینی خوامان بۆ دەردەکەوێت کە چەند گرنگی دەدات بە داوێن پاکی و، ژنان تەنها لەگەڵ مێردی خۆیاندا و، پیاوان تەنها لەگەڵ حەلاڵی خۆیاندا ئەو کارە ئەنجام بدەن.. (قُل لِّلْمُؤْمِنِينَ يَغُضُّوا مِنْ أَبْصَارِهِمْ وَيَحْفَظُوا فُرُوجَهُمْ ذَلِكَ أَزْكَى لَهُمْ إِنَّ اللَّهَ خَبِيرٌ بِمَا يَصْنَعُونَ . وَقُل لِّلْمُؤْمِنَاتِ يَغْضُضْنَ مِنْ أَبْصَارِهِنَّ وَيَحْفَظْنَ فُرُوجَهُنَّ) النور: ٣٠ و ٣١.

ئەمە جگە لە هەندێ هۆکاری تر، بەلام کاریگەری کەمترە، وەك، جگەرە کێشان: دۆزراوەتەوە ئەو ئافرەتانەی کە جگەرە دەکێشن دوو بەرابەر زیاتر ترسی توشبوونیان هەیە بە شێرپەنجەی منداڵدان، بە بەراوردکردنیان بەو ئافرەتانەی کە جگەرە ناکێشن و، تا ماوەی جگەرە کێشانەکە درێژتر بێت مەترسی توشبوون زیاترە(٩).. ئەوەتا خوای گەورە دەفەرموێت: (وَيُحِلُّ لَهُمُ الطَّيِّبَاتِ وَيُحَرِّمُ عَلَيْهِمُ الْخَبَآئِثَ) الأعراف: ١٥٧، وە زۆرینەی زانایانی سەردەم لەگەڵ حەرامی جگەرەکێشاندان!

والحمد لله رب العالمین

پەراوێز:

١-پوختەی تەفسیری قورئان/ مەلا محمد مەلا صالح.
٢-دیدارێك لەگەڵ د.محمدراتب النابلسی.
٣-پوختەی تەفسیری قورئان/ مەلا محمد مەلا صالح.
٤-دیدارێك لەگەڵ د.زغلول النجار.
٥-پوختەی تەفسیری قورئان/ مەلا محمد مەلا صالح.
6-American Cancer Society. Detailed Guide: Cervical Cancer.
٧-هەمان سەرچاوەی (٦).
8-Ehealth MD., Walter & Israeil, General pathology, Schwartz Principles of surgery.
٩-هەمان سەرچاوە.









# بارانی بێ بەرهەم



مونیرە ڕەحمان

**زاناکان ئاماژە بەوە دەکەن کە ئەگەر ئەم بارەی ئێستا کە هەیە وەك خۆی بەردەوام بێت، لەبەرزبونەوەی ئاستی پیس بوونــی هەواو و خراپبونی ژینگە کە دەســتی مرۆڤــی تێدا هەیە و کاریگەری هەیە لە دروســت بونی بەهۆی جەنگ و ئەو کارەساتانەی کە بەهۆی مرۆڤەوە دروست دەبێت، وەك ئەو هەزاران تەنە ژەهرەی کە دەچێتە ناو هەواوە لەهەموو رۆژێكدا، یان دروســت بونی پاشــەڕۆكی ناوكی، هەموو ئەمانە دەبنە هۆی پیس کردنی باران و تێكدانی سوڕی ئاو لەسەر زەویدا، ئاوی ئەم روبار ودەریایانە دەبنە هەڵم و پاشان بەرز دەبنەوە و دەبنە هەور.**

زۆر فەرموودەمــان هەیە کەبــاس لە نزیكیی ڕۆژی هەســتانەوە دەکەن، هەندێكیان پەیوەســتن بە باری کەشــوهەوا و ڕووبار و ئاوەوە لەسەر ئەم هەســارەیە، پێغەمبەر «صلی اللّه علیه وســلم» لە فەرموودەیەکدا دەفەرموێت: (لا تقوم الساعة حتی تُمطِر السماء ولا تنبت الأرض).

با بزانــین لەم بارەیەوە زانســت چی دەڵێتو چی دۆزیوەتەوە؟

زانایان هۆشــیارییان داوە لەبارەی مەترســی ژەهراوی بوونی باران ئەمەش بەهۆی پیســبوونی بەرگە هەوای زەویــەوە، لە ووتەکانیانــدا دەڵێن: ئاوی بارانی ســەدەکانی ڕابــردوو پاك بووە، بەڵام ئەمــڕۆ زۆرجــار کە باران بە ترشــی کبریت پیس بووە، بە بارانی ترش ناودەبرێت.

